خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا    لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف    ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر    بابان ئەنوەر

# بەرهەمهێنانی تیرۆر

## چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی  تیرۆر

سۆران سێوکانی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (126)

ناوی کتێب: چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر
بابەت: ئیسلامی سیاسی
نووسەر: سۆران سێوکانی
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1446 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# بەرهەمهێنانی
# تیرۆر

## چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە
## کارگەی بەرهەمهێنانی  تیرۆر

سۆران سێوکانی

2016

## ناوەڕۆك

پێشەکی........................................................................ 7

تیرۆرسازی زەمینەسازی بۆبەرهەمهێنانی تیرۆر.................... 11

**بەشی یەکەم:** تیرۆر وەك پێناس و چەمك............................ 15

**بەشی دووەم:** میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆر.............. 27

**بەشی سێیەم:** ئەرگۆمێنتەکانی زەمینەسازی بۆ تیرۆر........... 35

**بەشی چوارەم:** بەتیرۆرکردنو بڵاوکردنەوەی پەتای تیرۆر....... 69

## پێشەکی

تیرۆر یەکێك لەو زاراوانەی کە لەم سەردەمەدا بۆتە باوترین وشە، بە تایبەت تیرۆری ئیسلامی، لە دوای هێرشەکانی نیویۆرکەوە، تیرۆر بووە مۆرکێك و لکاوە بە ئیسلامی سیاسییەوە، هەرچەند ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن ئەوە بسەلمێنن کە ئەمان دوورن لە تیرۆر و ئەوەی بە ناوی ئیسلامییەوە دەکرێت، پیلانێکی گڵاوی دەزگا هەواڵگرییەکانی دونیایە، لەپێناو ناشیرینکردنی ئیسلام و ئیسلامییەکان و ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئیسلام لەجیهاندا! بەڵام هەر خۆیان لە ئەدەبیاتی خۆیاندا سەلمێنەری ئەوەن، کە تیرۆر لە ناخی پەروەردەی ئیسلامی سیاسی و فەرهەنگی ڕۆژانەی ئەواندایە.

تیرۆر لەکوێوە دێت، ئایا لەناکاو هەڵتۆقیوە. وەك دەڵێن پاش هێرشەکانی نیویۆرك و داگیرکردنی ئەفغانستان و عیراق لە لایەن ئەمەریکاوە، ئەو گروپانە بە دەستی ئەمەریکا خۆی سەریانهەڵداوە، چونکە تەقاندنەوەی تاوەرەکانیش دەخەنە ئەستۆی ئەمەریکا، تەنانەت بن لادنیش دەکەنە سیخوڕی ئەمەریکییەکان و لە تاو خۆ قوتارکردن لەو تاوانانە، ئامادەن هەموو ئیسلامییەکانی غەیری خۆیان، بەناپاك وسیخوڕ لە قەڵەمبدەن.

بەڵام ئایا بەڕاستی تیرۆر زادەی دوێنێ و هەڵتۆقیوی ئەو ڕووداوە هەنووکەییانەیە، یان ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژی پەروەردەکردن، تەڵقیندادان و بەرهەمهێنانی خەیاڵدانێکی دەستەجەمعیی ئیسلامییە بەو فەرهەنگەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی، دەبێتە کێڵگەیەکی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر و ژینگەیەکی لەبار و ساز بۆ ترووکاندنی گەراکانی تیرۆر.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی وردی

ئەدەبیاتی ئیسلامی و چۆنێتی بەرهەمهێنانی تیرۆر، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو گریمانەیەی، کە تیرۆر پرۆسەیەکە نزیکەی یەك سەدەیە دەستیپێکردوەو ئێستا گەیشتۆتە لوتکەی خۆی، لێرەدا لەچەند روویەکەوە ئەو گریمانەیە دەسەلمێنین:

1-خوێندنەوەیەکی ورد بۆ میتۆدی پەروەردەکردن لای ئیسلامییەکان، کە لە ئیخوان موسلیمینەوە دەستپێدەکات. ئەو پەروەردەیە چۆن هەوڵدەدات تاکی پەروەردەکراو لەهەر مانایەك بەتاڵبکاتەوە وتەنیا ماناکانی خۆی دەڕژێنێتە ناو مێشك و دەروونی تاکی مونتەمییەوە، ئەو هەوڵدەدات شێوەی ئیسلامییەکی تێبگەیەنێت، کە دەقاو دەق بسازێت لەگەڵ مەبەستەکانی خۆی. من ئەوە ناودەنێم تیرۆری نـەرم، کە هەر لەسەرەتاوە تاکی مونتەمی بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات، هەنگا و بە هەنگاو پەروەردەیەك دەکرێت، کە لە دواییدا زۆر بەئاسانی تیرۆر قەبووڵدەکات، ئەو لەوانەیە هەرگیز هەست بەوە نەکات، کە ئێستا ئەو وەك هێزێکی روحی هەڵگری بارگەی تیرۆرە، بەڵام لە سادەترین هەڵوێستدا ئەو روحە شەرانگێزە تیرۆریستە خۆی دەردەخات، یاخود بەلایەوە ئاسان دەبێت کە تیرۆر دەبینێت، بۆ نموونە ئەم رستەیەم لە زۆر موسوڵمانی سادە بیستووە (ئەگەر ئەوەی داعش دەیکات لە کوشتن، سەربڕین و کەنیزەك بردن، ئەگەر ئەوە ئیسلام بێت ئەوە من قبووڵمە!) ئیدی ئەو تەنازولی کردووە لە هەر شتێك پێیبووترێت بەها مرۆییەکان، سەلماندنی ئەوەش کە کردەوەکانی داعش روحی ئیسلام بێت، زۆر قورس نییە، کەواتە ئەو ئامادەیە داعش وەك نوێنەری ئایین قبووڵبکات.

2-لە بەشی دووەمدا هەوڵمداوە ریشەکانی تیرۆر لە

مێژووی هاوچەرخی ئیسلامیدا، لەگەڵ چۆنێتی گەشەکردنی تیرۆر بەدرێژایی مێژووی یەك سەدە بخوێنمەوە. ئەو مێژووە لای بەندە لە وەهابیەکانەوە دەستپێدەکات و بەئیخوانی میسردا تێدەپەڕێت و بەهێواشی هەڵدەکشێت، پاشان لەسەر دەستی مەودودی، قوتب و حەواو چەندین نووسەری تری ئیخوان (ئەسڵی) بۆ دادەنرێت، تیۆریزە دەکرێت و تیرۆر بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکرێتە ئەسڵی ئیسلام.

3-لە بەشی سێهەمدا هەوڵمداوە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بکەم لەنێوان میتۆدی ئیخوان موسولیمینی مەزهەبی تۆتالیتاریزمدا، دەمەوێت بیسەلمێنم کە ئیخوان موسلیمین لقێکە لە حزبە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکان وەك نازیزم، فاشیزم و کۆمۆنیزم.

ئیخوان ئایدۆلۆژیایەکی داخراوی ئایینییە، کە خۆی بە هەڵگری حەقیەتی رەها دەزانێت، گرفت لەم ئایدۆلۆژیایەدا ئەوەیە، کە بەرگێکی ئایینی دەپۆشێت و لێرەشەوە پیرۆزی بەخۆی دەبەخشێت و هەر رەخنەیەك لەو گروپە، ئایدۆلۆژیا و سیاسەتەکانی وەك دوژمنایەتیکردنی ئایین و خودا و پێغەمبەر لێکدەداتەوە، تاکو بەمشێوەیە خەڵك بترسێنێت و رێبگرێت لەهەر هەوڵێکی رەخنەکردنی، ئەو کاتێك لەگەڵ ئەودا دەدوێت باس لە دیموکراسیەت و ئازادی و مافی ژن دەکات، کاتێکیش رووەدەکاتە کۆمەڵگەی موسوڵمان دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) بەرزدەکاتەوە، کە لەگەڵ سەرەتاکانی دیموکراسیەتدا پێچەوانەوە دێتەوە.

4-لەبەشی چوارەمدا دیدارێکی بەندەیە لەگەڵ گۆڤاری (کوردستان دیپلۆماتیك)دا لەسەر هەمان بابەت، بە پێویستم زانی لێرەدا دووبارە بڵاویبکەمەوە.

## تیرۆرسازی
## زەمینەسازی بۆبەرهەمهێنانی تیرۆر

**(ئـەوانـەی دەتـوانـن بـاوەڕت بەنامەعقول پێبێنن، دەشتوانن هەموو کارەساتێکت پێبخولّقێنن)**

**(ڤۆلتیر)**

لەناکاو داعش بەڕووماندا تەقییەوە، ئێمە واماندەزانی جارێکی تر دونیایەك نابینینەوە، کە تێیدا کەنیزەك بگیرێت و سەرانە(جزیە) لە دیانەکان (غەیرەدین) بسەنرێت و بە شانازییەکی زۆر و وەك جیهادێکی گەورە و نزیکبوونەوە لە خودا، خەڵك لەبەرچاوی کامێراکان وەك بەرخ سەربڕدرێن. غەنیمەت بگیرێت و سەنگساری (بـەرد بـاران)ی ژنان بکرێت و کچان لە بازاڕی کەنیزەکفرۆشیدا هەڕاجبکرێن.

بەرەبەیانێکی رەش کە ئـەو دیمەنانەمان بینی، هەمووومان تووشی شـۆك بووین، ئیسلامییەکان پێش هەمووومان هاواریانکرد، ئەوە بریتی نییە لە ئایین، بەڵکو دەستی ئەمەریکایە و ئایین دوورە لەو دڕندانە.

هەرچەند خۆیان هەشتا ساڵە خوازیاری گێڕانەوەی ئـەو مـێـژووەن، بـەڵام کاتێك داعــش هــات و خەونە

بەرجەستەکراوەکانی ئەوانی کردە واقیع، ئیدی حەقیقەت لەبەرچاوی دونیا دەرکــەوت، ئــەوان وەك (عەیبیان) دەرکەوتبێت لە حەژمەتدا شێتانە هاواریانکرد (ئەوە ئێمە نیین!!)

بــەڵام پرسیارە گرنگەکە لـێـرەدا بــوو، کە بــەڕووی ئیسلامییەکاندا دەتەقییەوە: ئەی ئەوانەی داعش دەیکەن هەمووی دەق نین؟ ئەی داخوازییەکانی داعش هەمان خەونەکانی ئێوە نییە، پیادەکردنی شەریعەت وەك سـەردەمـی ئەسحابە. گێڕانەوەی خـەلافـەت، دژایەتی خـۆرئـاواو عەلمانییەت، مەدەنییەت، لیبراڵیزم و هتد؟ پرسیاری تر ئەوەبوو: گەر داعش پیاوی ئەمەریکایە، ئەی ئەو دەیان هەزار کەسە چین، شوێنی کەوتوون؟ ئەی بۆ دەبینین جەماوەرێکی زۆری سوننەی عەرەب هەواداریانن؟ گەر ئەوان پیاوی ئەمەریکان، ئەدی بۆ ئێوە چەك لە دژیان هەڵناگرن، یان هیچ نەبێت بە زمانێکی توند و یەکلاکەرەوە دژیان بوەستنەوە؟ بۆچی وەك ئەوەی بۆ دوو کاریکاتێر، سەدان هەزار کەستان هێنایە سەر شەقام، ئەی بۆ ئێستا نیوەی ئەو ژمارەیە ناهێنن و خۆپیشاندانی سەراسەری دژی پیاوانی ئەمەریکا (داعش) ناکەن؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر بەڕووی ئیسلامگەراکاندا تەقینەوە.

لەلایەکی ترەوە هەموو رۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی دونیای ئیسلام، لەدەرەوەی کایەی ئیسلامی سیاسی تووشی

شۆك بوون، ئایا ئەمە ئەو شەریعەتەیە کەئیسلامیەکان باسیدەکەن؟!

لەڕاستیدا لەم سەدەیەدا کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات کەسانێك هەبن، کە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و خوێندنی باڵان، لەو ئاستە عەقڵیەدابن، داوای سیستمێکی لەو شێوەیە بکەن بەناوی خوداوە، بەڵام ئەوە واقیعە و ئێستا دەردەکەوێت.

بەهەمانشێوە سیاسەتمەدارانی ئەوروپی و ئەمەریکی تووشی ئەو شۆکە گرانە بوون: ئەمانە لەکوێوە هاتن؟

ئـەم شتەی کە دەمـەوێـت لـەم چەند لاپـەڕەیـەدا تۆماریبکەم، هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر دەرکەوتنی داعش و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قورسەی کە: داعش لەکوێوە دێت؟

لەڕاستیدا تۆژینەوەکە لەڕووی هەواڵگری و تەنانەت سیاسیشەوە نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی وردە بۆ ئەو شێوازە پەروەردەییەی، کە لەماوەی یەك سەدەدا ئیسلامی سیاسی بەرهەمیهێناوە.

ئەم تۆژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکـات، کە داعش بەرهەمی راستەوخۆی ئەو زەمینەسازیەیە، کە لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا ئیسلامی سیاسی و سەلەفی کاری لەسەردەکات و ئێستا ئەنجامەکەی دەبینین.

# بەشی یەکەم
# تیرۆر وەك پێناس و چەمك

## تیرۆر چییە؟

لەڕاستیدا چەمکی تیرۆر یەکێکە لەو چەمکە فرە ڕەهەندانەی، کە دەکرێت بەشێوەیەکی فراوان و بە جۆرەها شێوە بەکاربهێنرێت، تا ئاستێك کە ئیدی ئەوچەمکە مانای ڕاستەقینەی خۆی وندەکات، هەموو کەسێك دوژمنەکەی بەتیرۆریست تاوانباربکات، تەنیا وەك تەشهیرێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیا.

ئـەوەی من لێرەدا مەبەستمە، بەکورتی بریتییە لە بەکارهێنانی ترساندن، تۆقاندن، زەبروزەنگ بۆ سەپاندنی قەناعەتێك، یان بەرنامەیەك، یان ئایدیایەك بەسەر تاکێك یان کۆمەڵێکدا.

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەم لەنێوان توندڕەوی وتیرۆردا، چونکە توندڕەوی لەسەر ئاستی تاکدا دەبێت و کەسێکە خۆی بە توندی ماناکانی ژیان دەگرێت، هەرچەند تونڕەوی پێشەکییەکە بۆ تیرۆر، بەڵام خۆی تیرۆر نییە. دەتوانین بڵێین هەموو تیرۆریستێك توندڕەوە، بەڵام هەموو توندڕەوێك مەرج نییە تیرۆریست بێت، بەڵکو لەوانەیە مرۆڤێکی توندڕە و کەسێکی تەواو ئاشتیخواز بێت و لە ژیانیدا بیری لە ترساندن و سەپاندنی ئایدیای خۆی لەڕێی ترساندن و هێزەوە. نەکردبێتەوە بەسەر کەسێکی تردا کاتێکیش باس لە تیرۆرسازی دەکـەم، مەبەستم لە کـردەی تیرۆر نییە، بەڵکو دەمەوێت باس لەو شێوازە پەروەردەییە بکەم، کە لە دونیای ئیسلامدا زەمینەیەك ساز دەکات، بۆئەوەی لەیەك

کاتدا و بەشێوازێکی دیالێکتیکانە هەم تاك ئامادەبکات بۆ پەسەندکردنی تیرۆر، هەم کۆمەڵ ئامادەبکات بۆ ئاسایی بوونی تیرۆر بەلایەوە، بەڵکو لە دواقۆناغدا کۆمەڵگە خۆی دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر.

ئەوەی سەیرە، لەوانەیە ئەوانەی زەمینەسازیدەکەن بۆ تیرۆر، خۆیان رۆژێك لەڕۆژان بیریان لەوە نەکردبێتەوە، کە لە مێژوویەکی ئاییندەدا بەشداردەبن لە بەرهەمهێنانی تیرۆریزم و ماڵوێرانی کۆمەڵگەکەیاندا.

لەبەر ئەوەی ئەم باسەی ئێمە زیاتر تیشك دەخاتەسەر ئـەو تـیـرۆرەی بـەنـاوی ئایینەوە دەکـرێـت و بارگاویە بەگیانێکی ئایینی زۆر سەرسەخت و نائامادە بۆ هەر سازش و لێکتێگەیشتنێك، بۆیە دەبێت باس لە چەمکی ئیسلامی سیاسی بکەین، تاکو بەرچاوڕوونی بدەین بە خوێنەر.

## تیرۆرسازی چییە؟

کاتێك دەمەوێت باس لەتیرۆرسازی بکەم، لەڕاستیدا دەمـەوێـت ئـەوە بڵێم، کە ئیسلامی سیاسی میانڕەوی ئاشتیخواز لەماوەی سەدەیەکدا، چۆن کاریکردووە لەسەر ئەوەی زەمینەیەك سازبکات، بۆئەوەی تیرۆر بەرهەمبێت. پێش ئەوە چەندخاڵێك وەك پێشەکی باسدەکەم:

1- مەرج نییە کاتێك ئیسلامییەك پـەروەردەی خەڵك دەکات، وابزانێت کە ئەو زەمینەسازیدەکات بۆ تیرۆر، بەڵکو لەوانەیە بەتەواوی قەناعەتەوە وابزانێت ئەو نەوەیەکی

ئاشتیخواز بەرهەمدێنێت کە سودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت، چونکە ئەو ناتوانێت لەوە تێبگات، کە پەروەردەی ئیسلامی سیاسی دواجار سەردەکێشێت بۆ تیرۆر، ئەو وەك گیاندارێك وایە لەناو قەفەسێکدا، کە دیوارەکانی قەفەسەکە نابینێت.

2-شیوازی پـەروەردە و بەرهەمهاتنی تیرۆر، مەرج نییە تەنیا بە هۆی شێوازی پەروەردە و پلانەکانی ئیسلامی سیاسییەوە بێت، بەڵکو گەلێکجار ژینگەی بابەتی و هەڵویستەکانی بەرامبەریش، دەبێتە فاکتەرێکی وروژێنەری روحی تیرۆر لە ئیسلامیەکدا، واتە بارودۆخی بابەتیش هاندەرێك دەبێت بۆ دەرکەوتن و بەرهەمهاتنی گیانی تیرۆر.

مەبەستم لە تیرۆرسازی ئەو ئەرگۆمێنت و پرەنسیپانەیە، کە لەناو گروپەکانی ئیسلامی سیاسیدا کاریان لەسەر دەکرێت چ وەك میکانیزمێکی پەروەدەیی، یاخود وەك ئەرگیۆمێنتێکی فەلسەفی وفیکری. ئەو ئەرگۆمێنتانە لە ناو کەلتوری ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێن و بەجۆرێك دادەڕێژرێنەوە کە خزمەتی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی بکات.

ئـەو میکانیزمانە چین، کە بە هـۆیـەوە ئیسلامی سیاسی زەمینەسازی کردووە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، ئەو ئەرگۆمێنتانە چین، کە پشتییان پێدەبەستێت؟ لە دواییدا هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

**چەمك و پێناسەی ئیسلامی سیاسی:**

مەبەستم لە ئیسلامی سیاسی، تێگەیشتنێکی تایبەتی رێکخراوە بۆ ئیسلام و ئایدیالیزەکردنێتی لە قاڵبێکی نوێدا، وەك ئایدۆلۆژیایەکی خەباتگێڕ و توند و دژ بە هەموو چەمکە مۆدێرنەکان و دراوە نوێکانی شارستانییەت و مەدەنییەت.

ئیسلامی سیاسی لەسەرەتاوە لەسەردەستی دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین سەرهەڵدەدات، پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و رووداوەکـانـدا تەشەنەدەکات، لق و بەشی تازەی لێدەبێتەوە، تادەگاتە ئێستای ئێمە و دەرکەوتنی داعش.

لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسی لە ئێستای ئێمەدا، تەنیا بەرگێك ناپۆشێت، بەڵکو لە میانڕەوترین باڵەوە دەگرێتەخۆی (نەهزەی تونس) تاکو دەگاتە توندڕەوترین (وەك قاعیدە و داعش). لەو نێوانەشدا چەندین جۆرمان هەیە.

بەڵام دەتوانین چەند هێڵێکی گشتی بکێشین، تاکو بتوانین پێناسەیەک بۆ ئیسلامی سیاسی بکەین وەك:

-ئیسلامی سیاسی بە گشتی باوەڕیان بەوەیە، ئیسلام بەرنامەیەکی (شمولیە) دەبێت هەموو ژیان بەو میتۆدە تەفسیربکرێت، هەرشتیك لە دەرەوەی ئـەو میتۆدە رەتدەکەنەوە. لێرەوە ئەم مەنهەجە کە ئیخوان موسلیمین رابەرایەتی دەکـات، خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتاری سەراسەری دەبێت، کە هەموو لایەنەکانی تاك و کۆمەڵ، سیاسەت و ئابوری، جڤات و دەوڵەت مۆنۆپۆڵ دەکات، دیاریشە هەر ئایدۆلۆژیایەکی لەم شێوازە، دەبێتە چ دونیایەکی خنکێنەری ماف و ئازادییەکان.

-ئیسلامی سیاسی دژایـەتـی عەلمانییەت و دراوە هاوچەرخەکانی دەکەن، هەرچەند بەرهەمە تەکنەلۆژییەکان بە موڵکی خـۆیـان دەزانـــن. بەهەمانشێوە دژایـەتـی دیموکراسیەتی لیبراڵی دەکەن و بەناوی (شورا) وە خۆیان لە شایستەکانی دموکراسیەت دەبوێرن.

-باوەڕیانوایە سەرکەوتنی ئایدۆلۆژیاکەیان، حەتمیەتێکی مێژووییەو هیچ گومانێك هەڵناگرێت، چونکە بەڵێنی خودایيە.

-بەگشتی ئیمانیان وایە ئەوان خوێندنەوەی راستەقینەی ئیسلامن و هەرخوێندنەوەیەکی تر لەدەرەوەی ئەوان، هەڵەو کەموکورتیی تێدایە.

ئیسلامی سیاسی دژایەتیەکی سەرسەختەتانەی خۆراوا دەکەن و بە دوژمنی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلامییان دەزانن، هەرچەندە زۆرینەی گەراکانیان لە ژینگەی ئازادیی ئەوێدا دەتروکێنن.

- پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، پاشان گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، یەکێکە لەپایە بنەڕەتیەکانی ئیسلامی سیاسی.

-ئیسلامییەکان داوای پراکتیزەکردنی شەریعەت دەکەن، بێ ئەوەی تەواو روونیبکەنەوە مەبەستیان لە شەریعەت چییە و کامەیە، بەمەش جەماوەری دیندار و لە خواترس ‹کە بێگومان زۆرینەی خەڵکانی ئومەتی ئیسلام نەخوێندەوارن، تەنانەت گەر بشزانن بخوێننەوە و بنووسن› ناچار دەکرێن بۆ ئەوەی سەیری میتۆد و بەرنامەی ئەو گروپانە بکەن و لە ترسی خودا دەنگیان بدەنێ.

## جیاوازیی نێوان ئیسلام و ئیسلامی سیاسی

ئیسلام وەك ئایینێك لـەدووتـوێـی چەند دەقێكی پیرۆزدا خۆی نمایشدەكات، ئەو دەقانە لای موسوڵمانان پیرۆزن، كە بریتین لە قورئان، پاش ئەویش ئەو وتراوە تۆماركراوانە دێن، كە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، بەڵام بە سەنەدی راستەقینەوە، كە چەندین مەرجی خۆی هەیە. ئەمە وەك دەق، ئیدی دوای ئەوە هەر هەڵێنجانێك، یان پراكتیزەكردنێكی دەق لەو واقیعەدا، دەبێتە كارێكی مرۆیی و دەدرێتە پاڵ ئەو كەسە، یان ئەو گروپەی هەڵدەسێت بەو كارە، بۆ نموونە لە مێژوودا موعتەزیلە هەیە، كە جۆرێكی عەقڵگەراییە بۆ خوێندنەوەی دەق، بەڵام ناكرێت بڵێین ئەوە هەموو ئیسلامە، بەهەمانشێوە هەر لەمێژووی ئیسلامدا خەواریجمان هەیە، كە تەواو پێچەوانەی موعتەزیلە، هیچ مانایەك بۆ عەقڵگەرایی لە دەقدا ناهێڵنەوە، دەتوانین خەواریج وەك (داعش) لەمڕۆدا سەیر بكەین.

گرنگە لەكاتی باسكردنمان لە ئیسلامی سیاسی ئەو جیاكارییە بكەین، بەڵام ئیسلامییەكان ئەو گەمەیە دەكەن، كە دەیانەوێت خۆیان وەك نوێنەری ئیسلام نمایشبكەن و غەیری خۆیان بە دژە ئیسلام لە قەڵەمبدەن، هەر بۆیە دەبینین كاراكتەری سەرەكی (حەسەن بەننا) هاوار دەكات (خەڵكینە ئێمەین ئیسلام و ئیسلام ئێمەیە، ئەوەی وەك ئێمە لە ئیسلام تێنەگەیشتبێت، ئەوە تێگەیشتنەكەی كەموكورتی تێدایە).

بەڵام لەڕاستیدا هەموو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیانە زیاتر نین بۆ ئیسلام. بە مانایەکی تر ئیسلامی سیاسی بریتییە لە داڕشتنی مانا مێژووییەکانی (ئەهلی سوننەت) لەناو قاڵبە پۆلاییینەکانی فاشیزم، نازیزم و ستالینیزمدا. یاخود بەمانایەکیتر ئیسلامییەکان دێن و بیرو بۆچوون و تموحەکانی خۆیان داکەوێنن (اسقاگ) بەسەر ئیسلامدا و بە ئیسلام دەیفرۆشنەوە بەخەڵك، بۆ نموونە کاتێك تێڕوانینەکانی سەید قوتب و مەودودی (دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی لە هندستان) دەخوێنیتەوە، لەوێدا زۆر بەڕوونی شەبەنگەکانی لینین، هیتلەر و مۆسۆلینی دەبینیت، بەڵام بەڕیش و بەرگی ئیسلامییەوە. کاتێك بەراوردکاری دەکەیت لەنیوان کتێبی (کفاحی) هیتلەردا، لەگەڵ پەیامەکانی (حەسەن بەننادا) تەواو هەستدەکەیت، کە یەك روح ئەو دوو پەیامە دەڵێتەوە، بەڵام جیاوازیەکەیان لەڕوحە ئاینییەکەدایە، هیتلەر کەسێکی ڕەگەزپەرستی بێ ئایینە، لەکاتێکدا بەننا هەمان تێڕوانینەکانی هیتلەر دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لەبەرگێکی ئایینیدا.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە هەردوو توێژەر (هانسن وکاینز) ساڵی 2007 بەناونیشانی (ئیسلامی رادیکاڵ ئایدۆلۆژیای شمولی: بەراوردکارییەك لەنێوان ئیسلامگەرایی سەید قوتب، مارکسیزم و نازیزمدا) کردوویانە سەرەڕای جیاوازیەکانیان، بەڵام دیالێکتیکی ئەو سێ لایەنە یەك بونیادیان هەیە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا یەکدەگرنەوە:

- وێنای مێژوو وا دەکرێت، کە بریتییە لە ململانێی ژیان و مەرگ لەنێوان خێر و شەڕدا، بێگومان خێر ئەو ئایدۆلۆژیایە کە خۆیان هەڵیانگرتوە، شەڕیش هەموو بەرامبەرەکانن. لێرەدا شەڕانگێزەکان هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ دەکەن، ئەرکی سەرشانی چاکخوازانیش، رزگارکردنی دونیایە لە دەستی شەڕانگێزەکان و بونیادنانی یۆتۆپیایە.

پاشان توێژێنەوەکە باسی ئەوە دەکات، کە لەهەر سێ ئایدۆلۆژیاکەدا قەیرانی سەرەکی دونیا ئەمانەیە:

1- هەبوونی لایەنێکی شەڕانگێز، کە هەموو مرۆڤەکانی تر دەچەوسێنێتەوە.

2-مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو داڕووخان دەچێت و دەبێت کۆمەڵێکی چاکخواز هەبن تاوەکو مێژوو رزگار بکەن.

3-لە مۆدێلی ئیسلامیدا وا وێنادەکرێت، کە هەموو جیهان دژی ئیسلامە و ئەیانەوێت ئەم ئایینە لەناوبەرن.

4-ئێستا دونیا هەمووی لە جاهیلیەتدا دەژی وەك پێش ئیسلام.

5-هەرسێ ئایدۆلۆژیاکە، پێیانوایە کە دەبێت گروپێکی خاوەن باوەڕی پۆڵایین هەبن و پێشڕەویی دونیا بکەن، بۆ گۆڕینی رێڕەوی مرۆڤایەتی بەرەو چاکە، بێگومان ئەو گروپەش خۆیانن.

6-ئەوان وایدەبینن، کە بەها باوەکانی سەردەم وەك مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکان، تەنیا ئامرازێکن بە دەستی کاپیتالیزم، ئیمپریالیزم و شەڕانگێزەکانی دونیاوە بۆ

ئیستیغلالکردنی چەوسێنراوەکان.. لە مۆدێلی ئیسلامییەکەیدا دەڵێت بەهاکانی خۆرئاوا تەنیا بە مەبەستی لەناوبردنی ئیسلام لەناوەوە دارِێژراوە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی بریتی نییە لە ئیسلام، تەنانەت بریتی نییە لە تێگەیشتنی ئەهلی سوننەتیش بۆ ئیسلام، بەڵکو بریتییە لە ئایدیالیزەکردنی چەمکە ئایینییەکان، بە مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و بە کارهێنانێتی وەك چەکێکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تر.

## جیاوازی نێوان
## موسوڵمانی ئاسایی وئیسلامگەرا (ئیسلامی)

گرنگە تیشك بخەینە سەر ئەو خاڵەی کە هەموو موسوڵمانێك ئیسلامی نییە، بـەڵام هەموو ئیسلامییەك موسوڵمانە، موسوڵمان هەر کەسێکە لە دایك و بابێکی موسوڵمان لەدایکبووە، یان خۆی بە موسوڵمان دەزانێت و بـاوەڕی بەخودا و پێغەمبەری ئیسلام و پەیامەکەی هەیە ‹ئەگەر بەشێوەیەکی تەقلیدی و بێ زانیاریش بێت›، تەنانەت ئەگەر سروتـە ئایینییەکانیش بەجێنەهێنێت لەچوارچێوەی موسوڵمان بوون ناچێتەدەرەوە، بەڵام ئیسلامی یان (ئیسلامگەر) کەسێکە باوەڕی بەوپرەنسیپانە هەیە کە لەسەرەوە باسمانکردن، بەشێوەیەکی سیاسییانە ئیسلام

بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئایدۆلۆژییەکان.

موسوڵمان کەسێکە هەڵگری بەها ئایینییەکانە لە ژیانی ڕۆژانــەی خۆیدا، وەك بەهایەکی مرۆیی، بەڵام ئیسلامی کەسێکە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی لە قاڵبدراوە، کە دەیەوێت هەموو کەس وەك ئەو بیربکاتەوە.

موسوڵمان بە پێوەرە مرۆییەکان خەڵك و دەورووبەر دەپێوێت، بەڵام ئیسلامی بە پێوەرە ئایدۆلۆژیاکانی خۆی کۆمەڵگە پۆلێندەکات.

موسوڵمان کەسێکە خۆی بە تاکە هەڵگری حەقیقەت نازانێت، بەڵکو تاکێکە ژیانی خۆی دەگوزەرێنێت، بەڵام ئیسلامی کەسێکە خۆی بە هەڵگری تاکە حەقیقەتی دونیا دەزانیت و پێیوایە دەبێت هەموو کەسیش بەوچاوەوە سەیری بکەن.

موسوڵمانی ئاسایی کەسێکە، ترسی ئەوەی لێناکرێت هەنگاو بنێت بـەرەو توندڕەوی و تیرۆر، بەڵام ئیسلامی کەسێکە لەهەموو ساتێکدا بە پێی فەرمانێکی سەروو خۆی ئامادەیە بگۆڕێت بۆ تیرۆریستێکی تەواو.

# بەشی دووەم
# میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆر

ئەو میكانیزمانە چین، كە ئیسلامی سیاسی بەكاریدێنێت بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، چۆن دەتوانن كەسانێك، بەڵكو هەزاران كەس تەیاربكەن، كە لەپێناو باوەڕەكەیاندا ئامادەبن بۆ مەرگ، یاخود هیچ نەبێت تائاستی ئیمان بە خودا و ئایین، بەهەمان ئاست ئیمانیان بەڕاستی بەرنامەی حزبەكەیان و ئەو كردەوانە هەبێت كە ئەنجامیدەدەن؟ چۆن دەكرێت مرۆڤێك وا مەدهۆشبكرێت، كە ئیدی ژیان بەلایەوە سفر بێت و مەرگ بەلایەوە شادی بێت؟ پێم باشە لەسەرەتادا ئەزموونێكی مێژوویی گرنگ لەوبارەوە باسبكەم، تاوەكو ئاسان تر لە بابەتە بچینە پێش.

**حەشاشەكان**

لە مێژووی ئیسلامداو بەڕوونتر لە مێژووی ئێراندا، لە سەدەكانی ناوەڕاستدا جوڵانەوەیەكی ئایینی مەزهەبی لە ناوچەی ئێران هەڵكەوت بە ناوی حەشاشەكان، ئەوان دەستەیەكی مەزهەبی و سەر بە تائیفەی ئیسماعیلی شیعە مەزهەب بـوون. بۆ بڵاوكردنەوەی مەزهەبی ئیسماعلی هەوڵیاندەدا، یەكێك لەو میكانیزمانەی كاریان لەسەردەكرد بریتی بوو لە تیرۆری دوژمنەكانیان، هەربۆیە چەندین كەسی خۆبەخش و ئامادە بۆ خۆكوشتنیان ئامادە كردبوو. ئەو كەسانە تەنیا خۆیان ئامادەكردبوو، بۆئەوەی سەركردەكانیان ئەمریان پێبكات، ئەوان هەر لەسەرەتاوە بارگاوی دەكران بە ماناكانی شەهادەت و گوێڕایەڵی بێ چەند و چوونی رابەرەكەیان، شێوازی پەروەردەكردنی ئەوانەش لەسەر خۆشییەكانی بەهەشت و پاداشتی گوێڕایەڵی ئیمامی زەمان

دامەزرێنرابوو، ئەوان ئامادبوون لەهەرشوێنێك دوژمنێكیان هەبێت، هەركاتێك ئیمامەكەیان رایانسپێرێت زۆر بە دڵنیاییەوە دەچوون دەیانكوشت، بێ ئەوەی رابكەن، زۆر بە هێمنی خۆیان بۆ مردن بەدەستی دوژمنەكانیان ئامادە دەكرد. ئەوان خۆیان بە گیانبازانی ئایین و مەزهەب دەزانی. حەشاشەكان سەر بە ئیسماعیلیەكان بوون، كە شیعەبوون و دەیانویست ئـاژاوە و پشێویی لەناو دونیای سوننەدا دروستبكەن، بە مەبەستی لاوازكردن و هەرەسپێهێنانی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك بێرنارد لویس لە كێبەكەیدا لەسەر گرووپی حەشاشەكان نوسیوێتی، باس لەوە دەكات زۆر جار گروپی حەشاشەكان لەگەڵ زۆر سەركردەی سوننە (وەك سەڵاحەدینی ئەیوبی) و مەسیح (وەك ریتشارد شێردڵ) رێكدەكەوتن بۆ تیرۆركردنی كەسانێك، كە ئەوان داوایان لێدەكردن. ئەمە لەكاتێكدا ریتشارد و سەڵاحەدین دوژمنی یەكتربوون.

**خاسیەتەكانی حەشاشەكان:**

1-گروپێكی نهێنی بوون.

2-پاشان جیابوونەوە و لە چەندین قەڵادا ژیانیان بەسەر دەبرد و بوونە كۆمەڵگەیەكی جیاواز لە دەوربەری خۆیان.

3-لەسەر مەزهەبی دەمارگیری ئەندامانیان پەروەردە دەكرد، بەجۆرێك ئەو ئەندامانە شتێكی تریان نەدەزانی، بێجگە لەوەی ئیمامەكەیان پێیاندەڵێت.

4-بۆ بڵاوكردنەوەی مەزهەبەكەیان، سودیان لە ترس و تۆقاندن و تیرۆری نەیارەكانیان وەردەگرت.

5-وەك بەرنارد لویس باسیدەكات، حەشاشەكان لەڕێگەی ترساندنەوە پارەی زۆریان لەهەندێك سوڵتانەكان دەسەند، تاوەكو لە شەڕیان بەدووربن و نەیانكوژن.

6-حەشاشەكان لە زۆرشوێنی دەوڵەتەكاندا و لە دەوروبـەری سوڵتانەكان دەستی خۆیان هەبوو، ئەوانەی نزیكبوون لە سوڵتانەكانەوە، ئینتیمای خۆیان دەشاردەوە تاوەكو بتوانن كاری خۆیان بكەن، دواجار گەر ئیتر پێویست بوایە بە ئاسانی سوڵتانیان دەكوشت، گەورەترین هێرشی سەلجوقیەكان بۆ سەر مۆڵگەكانی (حەسەن سەباح) پێشەوای حەشاشەكان لە چیای ئەلەموتم لەڕێگەی داراغازینەوە راگیرا، داراغازین وەزیـری سوڵتان محەمەدی سەلجوقی بوو، كاتێك زانی هێرشی سوڵتان بۆسەر ئەلەمووت خەریكە سەردەكەوێت بەجۆرێك لەجۆرەكان سوڵتانی لەناوبرد، پاش ئەویش كوڕەكەی بووە سوڵتان، داراغازی قەناعەتی پێكرد سوپا بكشێنێتەوە، بەڵكو سەركردەی سوپاشی هەر بەدەستی سوڵتانی تازە بەكوشتدا.

ئەم رووداوە مێژووییەم وەك پێشەكییەك باسكرد، بۆئەوەی وەك بەرچاوڕوونییەوە تێبگەین مەبەستمان لەتیرۆر چییە؟

تیرۆری ریكخراو و بەردەوام و هەردەم پەرەسەندوو. پرۆسەیەكی تاكەكەسی نییە، بەهەمانشێوە پرۆسەیەك نییە لە زەمەنێكی كورتدا بەرهەمهاتبێت، یان بێ هیچ بیانوویەكی فكری و ئایدۆلۆژی هاتبێتە دی، بەڵكو تیرۆر پێویستی بە زەمینەسازییەكی بەردەوامە لەڕێگەی چەندین قەناعەتی ویژدانی و خەڵەتێنەری عەقڵییەوە، واتە چەندین پاساو و

بەڵگە دەهێنن، کە لە رووکەشدا عەقڵین، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا گەمەکردنێکی عەقڵییە بۆ قەناعەتپێکردنی بەرامبەر. دەتوانین بڵێین، بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، پێویستمان بە چەند خاڵێکە. لەوانە:

1-ئایدۆلۆژیایەکی مەحکەم، کە سیستمێکی مەعریفی دارێژراوبێت لەسەر چەندین بنەما، کە لەڕواڵەتدا عەقڵانین.

ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی بە تەواوی لە رواڵەتدا ئایدۆلۆژیایەکی تۆکمە و دامــەزراوە، لەسەر چەندین ئەرگۆمێنتی ئایینی، کە هەر لەسەرەتاوە ئیدی بوار بۆهیچ موناقەشە و دوودڵیەك ناهێڵێتەوە، بەڵکو پێویستە وەك یەقینێکی رەهاو رۆچوو لەناو غەیبدا بە تەسلیمبونێکی بێ ئیرادەوە وەربگیرێت. ئەو ئایدۆلۆژیایە هەموو بنەماکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆلای خودا، هەر کەسیش لە قسەی خودا دەربچێت، بێگومان لە راستەڕێگە لایداوە و مورتەدە.

لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە لەناو ئایدۆلۆژیای ئیسلامیدا، هەموو شتێك بڕاوەتەوە، لێرەدا تەنیا تەسلیمبوون و وەرگرتنی فەرمان و جێبەجێکردنییەتی بە تەواوی دڵسۆزییەوە، چونکە خودا خاوەنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە، نەك مرۆڤ.

با نموونەیەك بۆ روونکردنەوەی زیاتر بێنمەوە. پرسی (حاکمیەت) بەو شێوازەی کە مــەودوودی وروژاندویێتی و سەید قوتب هێناویێتییە نـاو کەلتوری ئیخوان و بە گشتی ئیسلامی سیاسی عەرەبییەوە، لە راستیدا لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەهلی سوننەتدا یەکناگرێتەوە، بەڵام لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی بەردەوام و هێنانەوەی چەندین بەڵگەی قورئانی، ئیدی ئەو بنەمایە لە ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیدا،

بۆتە بەڵگە نەویستێك، كە تەنانەت بیرلێكردنەوەشی جێگەی تانەلێدان و ئیمان لاوازییە، ئاخر چۆن مرۆڤ دەتوانێت بڵێت خودا حاكم نییە و من مرۆڤی حاكمم دەوێت! ئەوە لە ئیمانی مرۆڤی موسوڵماندا جێگەی نابێتەوە. لەكاتێكدا حاكمیەت بیدعەیەكی ئیسلامی سیاسیە و هیچ ریشەیەكی لە كەلتوری ئەهلی سوننەتدا نییە، بەڵێ ریشەی لای (خەواریج) هەیە، بەڵام خۆ دیارە خەواریج كەسانێكن لە لای ئەهلی سوننەت بە دەرچوو لەئایین دادەنرێت.

2-گروپێكی ریكخراوی لەخۆبڕاو بۆ پراكتیزەكردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە و بڵاوكردنەوەی.

هیچ ئایدۆلۆژیایەك بەبێ هەبوونی گروپێكی ریكخراو و لەخۆبڕاو، ناتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات، یان گەشەبكات. لە مێژوودا ئایدۆلۆژیای زۆر دەركەوتوون، بەڵام تەنیا ئەوانە توانیویانە بـەردەوام بن و كاریگەری بەسەر مێژووەوە بەجێبهێڵن، كە خاوەن گروپی رێكخراوی تۆكمە و داخراوبوون، وەك حەشاشەكان كە لەسەرەتادا باسمكردن. ئەوەش كە ئیخوانی وەك ئایدۆلۆژیایەكی لەبن نەهاتوو هێشتەوە، لە راستیدا هێزی ئایدیاكە نییە، بەڵكو ئەو گرووپە توندە رێكخراوە داخراوەیە، كە بەننا پێكیهێنا و روحی رەهای پێبەخشی، بەجۆرێك هەرتاكێكی ئیخوانی وادەزانێت لەو دونیایەدا، یەك حەقیقەت هەیە ئەویش ئیخوانە، یەك پێشەواش هەیە كە حەسەن بەننایە.

3-زەمەنێكی دیاریكراو كە لەوانەیە چەند نەوەیەك بخایەنێت بۆ چەسپاندنی ئەو ئایدۆلۆژیایە لە زەینی كۆمەڵدا.

بۆ ئەوەی هەر ئایدۆلۆژیایەك لە خەیاڵگەی جڤاتدا

جێگەی خۆی بکاتەوە، پێویستی بە زەمەنە، نەوەیەك، دوونەوە زیاتر چەندین بانگخواز لەو پێناوەدا کاردەکەن، چەندین کەس لەو پێناوەدا گیان و ماڵ و کات و ژیانی خۆیان دەبەخشن، تاکو وای لێدێت ئایدۆلۆژیاکەیان لەخەیاڵگەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا، دەبێتە بەڵگە نەویستێك کە ئیتر بواری قسە لەسەرکردنی تێدانییە.

لێرەدا دەبینین پێشەوای ئیخوان زۆر بەباشی لەم مەسەلەیە گەیشتوە و هەر لەسەرەتاوە وادەستپێدەکات، تاك پێبگەیەنێت، پاشان خێزان لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیایە پەروەردە بکات، پاشانیش ئیدی کۆمەڵگە خۆی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو رێبازە تیایدا رەنگدەداتەوە، یان دەبێتە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر و بیرلێنەکراوە. ئەوەی حەسەن بەننا لە بیستەکانی سـەدەی بیستەمدا بنیاتینا، ئێستا لەسەرەخۆ هاتۆتە بەرهەم، ئەو بنەما ئایدۆلۆژیانەی لەو کاتەدا بەننا باسیدەکرد و خەڵك بەلایانەوە نامۆ بوو، ئیستا بۆتە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر.

# بەشی سێیەم
# ئەرگۆمێنتەکانی
# زەمینەسازی بۆ تیرۆر

لەم بەشەدا ئەو خاڵانە باسدەکەم، کە دەبنە بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، چ لەسەر ئاستی تاك، یان لەسەر ئاستی جڤات.

ئەو ئەرگۆمینتانەی ئیسلامی سیاسی کاری لەسەردەکات، لەراستیدا هەموو لە کەلتوری ئیسلامەوە وەردەگرێت، پاشان بە پێی دونیابینی خۆی گۆڕانکاری تێدادەکات، بەشێوەیەك دەتوانێت هەموو ئامانجەکانی خۆی بێنێتەدی، بە هەمان ئەو ئەرگۆمـێنتانەی لە کولتوردا هەیە. ئەو لەم بابەتەدا سود لە نەزانی و سادەیی ئەندامانی وەردەگرێت لە رووی زانستی ئایینی ومرۆییشەوە.

**ئەو شتانەی ئیسلامی سیاسی کاریان لەسەردەکات:**

**1-کۆمەڵسازی**

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی تیرۆرسازی، بریتیە لە پێکهێنانی کۆمەڵ و فەرزبوونی ژیـان لەناو کۆمەڵێکی موسوڵماندا. لێرەدا عەقڵی ئیسلامی دێت گەمەیەکی خەتەر دەکات، ئەویش بە گۆڕینی مانا و دەلالەتەکانی ئەو ئایەت و فەرمودانەی، باس لە چەمکی کۆمەڵ دەکەن. لە راستیدا ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە کۆمەڵ بوون زۆر روون نییە، بەڵام چەندین وتراومان هەیە، لەو بارەیەوە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، وەك: «یدالله مع الجماعة، انما یأکل الذئب من الغنم القاصیة».

دەستی خودا لەگەڵ کۆمەڵدایە، چونکە گورگ مەڕی دورەپەرێز و خۆبەدورگر دەخوات.

«علیكم بالجماعه وایاكم والفرقه».

«ان تلزم جماعه المسلمین وامامهم»

له راستیدا لەوبارەوە چەندین وتـراوی هاوشێوەمان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕوانینە ئەو وتراوانە، باس لە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ دەکەن، واتە دەبێت موسوڵمان لەناو کۆمەڵگەدا بژی، واتە جڤات، نەك بە تەنیا، یاخود لەناو کۆمەڵگەی موسوڵماندا و لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی شەرعیدا بژی، نەك لە بیابان ودەشت و کێو، نابێت موسوڵمان کەسێك بێت، دان بە یاسای دەوڵەت و دەسەڵات دا نەنێت. لەسەر ئەم بابەتەش چەندین دەقی گرنگمان هەن.

بـەڵام پــەروەردەی ئیسلامی سیاسی دێت و ئەمانە دەگۆڕێت و دەیکاتە مانای ئەوەی دەبێت موسوڵمان لەناو گروپێکی ئیسلامی سیاسیدا بژی، وەك ئەوەی سەعید حەوا ناوی دەنێت (حزب الله).

ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵێکی ئیسلامی، ئەرکێکی شەرعیە و گەر کەسێك ئینتما نەکات، بە موسوڵمانێکی کەمتەرخەم و تاوانبار سەیردەکرێت. لێرەوە ئیدی گـرووپ جێگەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە( جماعه و المجتمع)، رابەریش جێگەی سەرۆکی دەوڵەت دەگرێتەوە «هەر بۆیە ئیخوان، حەسەن بەننا بە ئیمام ناوزەددەکەن»، گوێڕایەڵی بۆ رابەر دەبێتە ئەرکێکی ئایینی و سەرپێچیکردن لە فەرمانی ئەو، دەبێتە سەرپێچیکردن لە فەرمانی خوداو پێغەمبەر.

سەعید حەوا دەڵێت: (تەنیا حزبی خودا، موسوڵمانی راستەقینەن، جا چ زانا بن، یان سادە بن، یان عەوام بن، جا چ دەوری گەورە ببینن، یان دەوری بچووك. جگە لەوەش

ئیدی ناتەواوی، گومڕایی، نیفاقە و هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین و کوفرە).

هەروەها بەننا هاواردەکات: (خەڵکینە ئێمەین ئیسلام)

پەروەردەی ئیسلامی سیاسی، هەنگاوێکی تر دەنێت لە بێ نرخکردنی تاکدا، کاتێك لە باکگراوندی تاکدا ئەوە چڕدەکاتەوە، کە تۆ بەبێ کۆمەڵ، بوونەوەرێکی بێمانا و بێنرخیت، گەر لە کۆمەڵدا نەبیت، تەنیا سفرێکی و هیچی تر، لەکاتێکدا کۆمەڵ بێ تۆش هەر رەوتی خۆی دەکات و گەورەیە. لێرەدا تاك هیچ مانایەکی نامێنێت و گروپ دەبێتە ئەسڵ. ئەوەش میکانیزمی بێنرخکردنی تاکە لای هەموو ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، هەر لەنازیزم، تاوەکو فاشیزم و کۆمۆنیزم.

ئەم بێنرخکردنە بۆ ەوەیە تاك زاتی ئەوە نەکات رۆژێك لە کۆمەڵ دەربچێت، چونکە گەر دەرچوو ئیدی بێ نرخ دەبێت، هەر لەبەر ئەوەش پێویستە تاك رازی بێت بە هەموو ئەو فەرمانانەی کە کۆمەڵ و ئەمیرەکەی دەیکەن و ناڕەزایی دەرنەبڕێت، دەنا گەر لە رەحمەتی کۆمەڵ دەرکرا، ئیدی لە رەحمەتی خوداش دەردەکرێت و گورگ دەیخوات.

بە تێبینیکردن لە رەوتی گروپاندنی ئیسلام «واتە کورتکردنەوەی لە گروپێکدا» هەمان رەوتی ئایدۆلۆژیانە و تەسکی مارکسیزم- لینینیزممان بیردێتەوە، لای پارتە کۆمۆنیستەکان حزب دایك، باب، کەس و کار و هەموو شتێك بوو، مرۆڤ دەبوایە بۆ حزب، سەرکردە بژیایە و بمردبایە، ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە لە ناخی هەموو گروپێکی ئایدۆلۆژیی شمولیدا، هەمان شتە.

لە مێژووی ئیسلامدا گروپی (حەشاشەکان)، هەمان ڕەوتی ئایدۆلۆژییان بۆ پەروەدەکردنی ئەندام لەسەر تیرۆر بەکارهێناوە، حەشاشەکان وەها پەروەردە دەکران، کە لە هەرکوێیەك بیانویستبایە سەرکردە و نەیارەکانیان تیرۆردەکرد و بە شانازیشەوە و بێ ترس بەرەوڕووی مەرگ دەبوونەوە.

ستراتیژی کۆمەڵگەرایی تەنیا بۆ پێکەوەژیان نییە، بەڵکو ئەرکی کۆمەڵ بریتییە لە شۆردنەوەی مێشکی تاك (غسل دماغ) و گۆڕینی تاك بۆ ئامێرێکی ڕۆبۆت ئاسا، کە ریمۆت کۆنترۆڵەکە بە دەست ئەمیرەوەیە، چۆنی بوێت وا دەیجووڵێنێت (ئەوە لە بەشی گوێڕایەڵیدا دێمەوە سەری).

ژیان و پـەروەردەی ناو گروپی ئایدۆلۆژیا ‹بە تایبەت ئایینی›، مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی نامۆ و جیاواز لە کۆمەڵگەدا، چ وەك بیرکردنەوە، یان فۆرم یان ناخی خۆی، ئەو لەناخی خۆیدا خۆی بە گەورەتر دەزانێت لە دەوروبەر، بەڵام لە راستیدا ئەو خۆ بە گەورەتر زانینە، ترس و لاوازی و بێمتمانەییەکی زۆری لە پشت خۆیەوە حەشارداوە، هەر ئەو بەها نەرێنیانەشن، پاشان دەبنە بۆمبێکی تەوقیتکراو بەڕووی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەتەقنەوە، کە ئەم ناتوانێت تێیاندا بژیت، جا چ بە تەقینەوەی فیزیکی بێت، یان بەوە بێت دەیەوێت کۆمەڵگەش بخاتە سەر ستایلی خۆی. خۆ ئەگەر کۆمەڵگە ستایلی ئەوی ڕەتکردەوە، ئیدی ئەوە کۆمەڵگەیە جاهیل و لە دین دەرچووە، نەك ئەم هەڵە بێت.

لە راستیدا خۆ بە گەورە زانین لە ئاستی کۆمەڵگەدا، گەر لە رووی هێز و مەعریفەوە بێت، لەوانەیە هەندێك رووی پۆزەتیڤی هەبێت، وەك خۆشەویستی، خەمخۆری و هەوڵدان

بۆ بەرەوپێشبردنی، بەڵام کاتێك لەپشت ئەو خۆ جیاکاردنەوە و خۆ بە زلتر زانینە لە کۆمەڵگە رووحێکی داخراو، شکستخواردو و لاواز ئامادەیە، ئیدی دەبێت هەر چاوەڕێی تیرۆریستێك بکەیت، کە لەو رووحەدا پەروەردە بێت.

**2-عاتیفەسازی دەروازەی تیرۆر**

ئیسلامی سیاسی گەورەترین کار دەکات لەسەر عاتیفە و خۆی بەدوور دەگرێت لە عەقڵسازی، لە راستیدا عەقڵکاری لەگەڵ میتۆدی ئایدۆلۆژی و دروستکردنی کەسانی تەیاردراو و هەردەم ئامادە بۆ هەر کارێکی نالۆژیك، پێویستی بە چەند خەسڵەتێکە:

1- دوورکەوتنەوە لە عەقڵکاری.

2-دوورکەوتنەوە لە زانستی راستەقینە و بادانی ملی زانستەکان، بۆئەوەی لەگەڵ گۆشەنیگاکانی ئایدۆلۆژیادا بگونجێت.

3-تەمەن، چونکە تەمەنی هەرزەکاری و منداڵی، باشترین قۆناغی وەرگرتنی ئایدۆلۆژیایە.

بە تێڕوانین لە ئایدۆلۆژیا و رەوتی پەروەردەیی ئیسلامی سیاسی، هەرسێ خاڵەکە دەبینین. خاڵی یەکەمیان کە عەقڵکاری لای عەقڵی ئیسلام، کە بە گشتی عەقڵێکی سەلەفیگەرایە، ئەسڵەن وەك تۆمەت و تاوان سەیردەکرێت، کەسی عەقڵانی لە دونیای ئیسلامیدا، کەسێکە جێگەی گومانە و متمانەی پێناکرێت، بە تایبەت گەر ئەو کەسە لە بواری فیکر، فەلسەفە و زانستە مرۆیەکاندا بخوێنێتەوە، یاخود لە دەرەوەی ئاپۆرا و مێگەل قسەیەکی جیاوازی هەبێت، ئەوە

کەسێکە متمانەی پێناکرێت، بەڵکو هەوڵی تیرۆرکردنی مەعنەوی دەدرێت، بەجۆرێك نابێت کەس باوەڕ بە قسەکانی بکات، یان گوێی لێبگرێت، بەڵکو دەبێت دابـڕان (هجر) بکرێت. واتە قسە، تەنانەت سڵاویشی لێ نەکرێت، چونکە لای ئەوان کەسی عەقڵانی هەڵگری ڤایرۆسێکە، ئەو ڤایرۆسە بکوژی گیانی یەقینگەرایی و چێنەری گیانی گومانکراوی و پرسیارە. پرسیارکردنیش گەورەترین مەترسییە بۆسەر کایەی ئایدۆلۆژیا، چونکە کاتێك کەسێك لە دەرەوەی فەرهەنگی ئایدۆلۆژیا، یان پرسیاری گوماناوی لەسەر ئایدۆلۆژیا، گروپ و سەرکردە فێری پرسیارکردن دەبێت، ئیدی ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشیەکە، کە پێیدەوترێت ئیمان کزی و کەسی ڕاڕاو نزیکتر لە نیفاق، نەك لە ئیمان، چونکە ئیمان جێگەی پرسیارکردنی تێدانابێتەوە، بەڵکو تەنیا تەسلیمبوونە.

لە ڕاستیدا ئـەوەش هەر ڕاستە، کە ئیمان جێگەی پرسیار نییە، بەڵکو کایەی تەسلیمبوونە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا ئیمان خۆی چییە؟ ئاخر ئیمان باوەڕکردن بە میتافیزیکیا، واتە بەوەی کە لە بان سروشتە، لێرەدا ئیدی کایەی عەقڵ ڕادەوەستێت، ئەمما پرسی ئایدۆلۆژیا و کاری سیاسی و دونیایی لە هیچ شوێنێکی ئیماندا جێگەی نابێتەوە، لێرەدا ئیسلامی سیاسی هەر دوو فێڵدەکە بە دەستی ئەنقەست تێکەڵدەکات، تاوەکو بەرامبەر گۆت بکات و هەر لەسەرەتاوە هەر گومانکاری و پرسیارێك کۆتاییپێبێنێت. لە خاڵی دووەمیشدا دەبینین هەموو خاوەن ئایدیلۆژیاکان، زانست بەوشێوەیە بە کاردێنن، کە خزمەتیان دەکات، نەك بەوشێوەیەی کە هەیە خزمەتی زانست بکەن. بۆ نموونە

هیتلەر زۆر بە نامرۆڤانە تیۆری ئیڤۆلیوشنی داروینی بە کارهێنابوو بۆ جینۆسایدی جولەکە، کەچی دەبینین لایس سۆڤێت تیۆرەکانی فرۆید قەدەغەدەکرێن، چونکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی مارکسیزمدا یەکناگرنەوە.

لە بواری ئیسلامی سیاسیدا هەمان گەمە دەبینین، ئەوە لەبارەی زانستە خۆرئاواییەکانەوە، وەك ئیڤۆلیوشن، یان تیۆریاکانی فرۆید، فەلسەفە و هەموو ئەو تیۆریایانە پێویست ناکات باسبکرێت، من مەبەستم زانستە ئیسلامییەکانە، ئەوان لەوێشدا مەبەستەکان و ماناکان تەواو دەگـۆڕن، تاوەکو لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان بگونجێت و لە هەر مانەیەکی ئەسڵی، بەتاڵیدەکەنەوە، هەر بۆنموونە تەفسیری سەید قوتب بۆ پرسی حاکمییەت، زەقکردنەوەی ئەو مانایە، پرسی جاهیلیەت، جیهاد لە دەرەوەی دەسەڵات، پرسی ئایین و سیاسەت چەندین پرەنسیپی ئایدۆلۆژیای تازەن، کە ئیخوان هێنایان و لەڕێگەی گەمەکردن بە چەمکە ئایینییەکان و تەئویلی دەقەوە شەرعیەتی ئایینییان پێدا، کاتێکیش ئەمانە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی فیقهی بۆت دەردەکەوێت، کە ئـەوان چ گەمەیەك بە چەمکە زانستیەکان دەکەن و لە مانای ئەسڵیی خۆی لایانداوە تاوەکو خزمەت بە ئایدۆلۆژیاکەیان بکات.

### تەمەنی منداڵی هەرزەکاری وەك بابەتێکی گرنگ

لەبارەی تەمەنیشەوە، تێبینیدەکرێت، هەرچی ئەوانەی لەبواری توندوتیژیدان، کەسانی لاو و نەزانن، بۆ نموونە هەموو ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە لەنێوان (14-15)

ساڵیدان. هێندە بەسە بزانین حەسەن بەننا خۆی تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، کە ئیخوانی بونیادنا، هەموو ئەوانەش کە لە دەوریبوون هەر هاوتەمەنی خۆییبوون، دەتوانین بڵێین زۆرینەی سەرکردەکانی ئیخوان لەو کاتەدا لە 30 ساڵ تێنەپەڕیوون.

لە راستیدا ئیسلامی سیاسی هەر لەتافی منداڵییەوە گرنگیدەدا بە داگیرکردنی هزر و عاتیفەی مرۆڤ و پڕکردنەوەی خەیاڵی منداڵ بە وێنەکانی خۆی، هەر بۆیە دەبینی لە مزگەوتەکاندا منداڵان زۆر بە ئاسانی دەخرێنە ناو ئەڵقەی قورئان خوێندن و وانە خوێندنەوە. هەر لەوێوە ئیدی ئەو پرەنسیپە گرنگانەی دەیانەوێت دەیکەنە بەڵگە نەویستێکی حاشا هەڵنەگر، منداڵ و لاو دەکەنە بەردی بناغەی ئایین.

ئاشکرایە هەر وێنایەك لە منداڵیدا، لەسەر تابلۆی یادەوەری منداڵ بنەخشێنرێت، ئیدی لاچوونی زۆر ئەستەم دەبێت.

بۆ نموونە لە یەکگرتوودا قوتابخانەی مزگەوتەکان هەبوو (مدارس مسجدی) لەوێدا منداڵانێك، کە بە تەواوی بەرائەتەوە دەهاتنە مزگەوت، بێ ئەوەی خۆیان یان دایك و باییان پێبزانن، رێکدەخران و سەرەتاکانی ئیخوان چێتییان بۆ باسدەکرا، هەروەها یەکێك لە مەرجەکانی پارە بەخشین بە هەتیوانی بێباوك ئەوە بوو، کە دەبوو وانە بخوێنن و کچان سەرپۆشبکەن، هەرچەند منداڵیشن و تەکلیفیان لەسەر نییە. مێرد منداڵانیش ئامادەی مزگەوت و وانە خوێندن بن.

ئەو وانانەش کە لەوێدا پێیاندەوترێت زانستی شەرعی نییە، بەڵکو حیکایەتی عاتیفیانە و پاڵەوانبازی و گیانی خۆفیداکردن و فێربوونی بانگەواز و هتد دەبێت.

هەر بۆیە ئایدۆلۆژیا پێوستی بە عەقڵ، زانست و ئەزموونی ژیان نییە، بەڵکو ئەو سێ رەگەزە، دوژمنی هەر ئایدۆلۆژیایەکن، کە لەسەر بنەمای عاتیفە و هەڵەسازی بنیادنراون.

کاتێك منداڵ، گەورە دەبێت، ئیدی ئەو هیچ شتێکی تر نازانێت، چونکە پەرژینێکی تۆکمە بە دەوری ژیانیدادەکرێت و لە هەموولایەنێکی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و عاتیفیەوە داگیر دەکرێت. ئەو تەنیا گروپەکەی بە شوێنی ژیان دەزانێت، تەنیا ئایدۆلۆژیای ئەوان بە راستیی رەها دەزانێت، تەنیا دەتوانێت لەناو ئەواندا بژی، مرۆڤێك خەیاڵگەو عاتیفەی داگیرکراوە.

هەر کاتێکیش لایەنی عاتیفی مرۆڤێك کۆنترۆڵکرا، ئیدی ئەو مرۆڤە ئیرادەی خۆی لە دەستدەدات و رادەستی ئایدۆلۆژیاکەی دەبێت، کە سەرکردە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە مرۆڤ بە عەقڵ ئیرادەیشی ئازادتر دەبێت، بەڵام کاتێك عاتیفەی کۆنترۆڵدەکرێت، ئیدی ئەو کەسە دەبێتە کۆیلەیەك و هیچیتر. جا کاتێك ئەو ئایدۆلۆژیایە رەهەندێکی قووڵی غەیبانی پێدەدرێت، ئیدی تەسلیمبوونەکە زۆر ئاڵۆزتر و قووڵتر دەبێتەوە، چونکە هەرشتێك لای ئایدۆلۆژیا تەفسیرێکی عەقڵانی، یان زانستی وەرنەگرت، زۆر بە ئاسانیی لەناو رەهایی و ناکۆتای غەیبدا جێگەی دەبێتەوە، غەیبانییەت ئەو ناشوێن و ناکاتەیە کە هەموو شتێك قووتدەدات، چونکە ناکۆتا تەسەورناکرێت لە هەمانکاتدا باوەڕ بە ناکۆتا و ناشوێن، واتە غەیب ئەو فۆبیاییەیە، کە هیچ بوارێکی زانستی و سایکۆلۆژیا ناتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە دەبینین

بۆ نموونە شیعەیەك بە هەمان قووڵی سوننەیەك باوەڕی بە یەقینییەکانی خۆی هەیە، لەکاتێکدا هەر دوو دونیابینییەکە لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، کەچی هەردووکیشیان تەواو پێچەوانەی یەکترن، هەردووکیشیان دونیایەك یەقینی ناکۆتایان داوەتە شوێنکەوتوانیان یەقینییەك هیچ بوارێکی تێدا نییە بۆ گومان و پرسیارێك، چونکە هەموو گومانکردن و پرسیارکردنێك، مانای بێدینی دەگەیەنێت، ئەوەش کۆمەڵێك لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و قیامەتی لێدەکەوێتەوە.

کۆنترۆڵکردنی عاتیفەی مرۆڤ، واتە سڕینەوەی عەقڵ و پرسیاریش دەگەیەنێت، ئەو ئامادە نییە پرسیارەکەش ببیستێت نەك وەریبگرێت، پاشان بیریلێبکاتەوە، لەناخی خۆیدا گەشە بکات، بیر لە راست و هەڵەکان بکاتەوە، چونکە وادەزانێت، کە تەنیا بە گوێگرتن لە پرسیار ئیدی باوەڕەکەی لەق دەبێت، ئەوەش فێڵی شەیتانێکە کە هەموو دونیای تەنیوە.

بە راستی پرسیارکردن و گومانکردن لە زەینی تاکی باوەڕداردا، بریتییە لە کاری شەیتان، لەبەرئەوە هەر کاتێك گومانت بۆ هات، یان پرسیارت بۆ هات، ئەوە بزانە شەیتانێك بۆتە میوانت.

ئەو رەهەندە لەبواری میتافیزیکدا، تا ئاستێك دەبێت ئاسایی بێت، چونکە میتافیزیك بەهایەك نییە بە عەقڵ، یان بە زانست بپێورێت، بەڵکو بان سروشت، بان عەقڵ، ناکات و ناشوێنە، بەڵام کاتێك گومانکردن لە بەڵگەنەوێستەکانی ئایدۆلۆژیا، ئامرازەکانی کاری دونیایی، متمانە بە سەرکردەو مرۆڤەکانیش دەخرێنە ئەو بوارەوە، ئیدی دەردەکەوێت، کە چۆن بوارە غەیبانییەکانیش دەقۆزرێتەوە بۆ پیرۆزیدان بە ئامرازە دونیاییەکان.

کاتێکیش عاتیفە کۆنترۆڵکرا، واتە ئیرادە، عەقڵ و ژیانی ئەو کەسە کۆنترۆڵکراوە، بۆیە کەسی کۆنترۆڵکراو ئامادەیە بێ سڵەمینەوە، بێگومان و بێ دڵەڕاوکێ هەموو قسەیەك بەڕاست بزانێت، کە کۆنترۆڵکار پێیدەڵێت، هەموو کردەوەیەکیش ئەنجامبدات، کە پێیدەسپێررێت.

گرفتێکی تری عاتیفە ئەوەیە، کەسی کۆنترۆڵکراوی عاتیفی، ئیتر هیچ شتێکی تر نابینێت، تەنیا ئەو ئایدۆلۆژیایە نەبێت، کە هەموو ژیانی داگیرکردووە. تائێرەش هەر مەترسی کەمە، بەڵام ئیتر ئەو هەستدەکات ئەوەی وەك ئەم خۆشەویستەکەی ئەوی خۆش نەوێت، وەك ئەم ئیمانی بەو رێڕەوە نەبێت، نابێت مرۆڤ بێت، چونکە هەرچی جوانی، باشی و چاکییە، هەرچی راستەقینەی رەهایە لەوێدا کۆبۆتەوە، کەواتە ئەوەی ئەو هەموو جوانی، پاکی و رەهاییە نەبینێت، دەبێت هەر شەیتانێك بێت و هیچی تر. شەیتانیش دەبێت لەناو ببرێت، ئاخر شەیتان و ژیانیان نەوتوە، چونکە ئەو رەجمدەکرێت و لە میهرەبانیی خودا بێ بەرییە.

**3- وێناکردنی مملانێ لەنێوان کوفر و ئیماندا**

یەکێك لە بادانە ناسازەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ پرسی ململانێ ئەوەیە، کە جۆری ململانێکەیان گۆڕیوە بۆ کوفر و ئیمان.

ئاشکرایە ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، هەوڵێکە بۆ دەسەڵات و سەپاندنی ستایلێکی تایبەت لە دەسەڵات، ئەو ستایلە هەر لەسەرەتاوە چەمکە ئیسلامیەکانی لەناو مۆدێلەکانی مارکیسیزم و

نازیزمدا فۆرمەلە کردووە، واتە چەمکێیکی تۆتالیتاری داوە بە ماناکانی ئیسلام و ویستویەتی بەسەر دونیادا بیسەپێنێت. لێرەوە ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتدا ئاشکرایەو هیچ گومانێکی تێدا نییە.

بەڵام ئاشکرایە، ململانێ لەسەر دەسەڵات پیشەی دەستەیەکی زۆر کەمی مرۆڤەکانە، ئەوانەی ئارەزومەندی دەسەڵاتن، لەبەرئەوە هەر جەنگێك لەسەر دەسەڵات، پشتیوانییەکی سنورداری لێدەکرێت، لەکاتێکدا جەنگ لەسەر ئایین، بیروباوەڕ ئەرکی هەموو ئیماندارێکە، هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی دێت و ململانێکە رەنگڕێژدەکات بەڕەنگی ئیمان و کوفر، فیرعەون، موسی، موحمەدو قورەیش، بەمەش دەیەوێت شەرعیەتی ئایینی لەبەرامبەر بسەنێتەوە و بیدات بەخۆی، هەر دروشمی ( ئیسلام چارەسەرە)، خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە خەڵەتێنەرترین دروشمەکانی ئیسلامی، کە لەڕێگەیەوە دەیەوێت تاپۆی ئیسلامی لە هەموو توێژەکانی تر بسەنێت و لەسەر خۆی تاپۆیبکات، ئەمەش کورتترین رێگەیە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر.

### 4- قیامەت وەك چەکی تیرۆر

پێشەکی دەبێت بڵێم پرسی ژیانێکی تر لە دەرەوەی ئەم ژیانە بە قەدەر کۆنیی هەموو ئایینەکان کۆنە، هەر لەچیرۆکی دوو کوڕەکەی ئادەمەوە، پرسی دونیایەکی تر رۆڵدەبینێت لە چاکبوونی مرۆڤدا، لەو چیرۆکەدا هابیل کە سیمبولی چاکخوازییە، رازینابێت دەست بەرزبکاتەوە لە قابیلی برای، کە بۆتە سیمبولی شەڕخوازی، تەنانەت کاتێك دەشزانێت کە

قابیل دەیکوژێت، ئەم پێیدەڵێت: (ئەگەر تۆ دەستدرێژیشم بکەیتە سەر، بۆ ئـەوەی بمکوژیت، من هەر دەستت بۆ درێژناکەم بۆ کوشتنت، چونکە من لە خودا دەترسم. من دەمەوێت تۆ تاوانی من و خۆشت هەڵگریت و لە ئەهلی ئاگر «دۆزەخ بیت»، چونکە دۆزەخ سزای ستەمکارانە).

لە راستیدا چەمکی ژیانێکی تر لە هەموو ئایینەکاندا، فاکتەرێکی باش بووە بۆ دیسپلینی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، بە واتایەکی تر ئەو چەمکە بابەتێکی بێلایەنە و دەکرێت لە سەرێکەوە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی بە کاربێت، لە سەرێکی ترەوە دەکرێت ببێتە بەرهەمهێنەری تیرۆر، واتە ئەوە فاکتی مرۆڤە مانا دەدات بە شێوازی بە کارهێنانی ئەو چەمکە.

ئیسلامی سیاسی وەك چەمکێکی شمولی ئایدۆلۆژیا، کە دەیەوێت چەمکە ئایینییەکان بە شێوەیەك وەبەربێنێت، کە سودی هەبێت بۆ دونیابینییەکەی خۆی و سەرخستنی ئایدۆلۆژیاکەی، توانیوێتی بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕ چەمکی ژیانی دووەم بکاتە چەکێکی گرنگ و کاریگەر بۆ خەساندنی کەسانی ئالودەبوو بەو ئایدۆلۆژیایەو گۆڕینی مرۆڤی باوەڕدار بۆ بۆمبێکی تەوقیتکراوی هەردەم ئامادە بۆ تەقینەوە. ئەو ستراتیژییە بەو شێوەیە دەستپێدەکات:

-گەنجێکی تازەپێگەیشتو کەسانێکی خاڵی لە هەموو ماناکانی زانست، فەلسەفە و ئامادە بۆ وەرگرتنی هەر بابەتێکی سەرنجڕاکێش. دەیەوێت لەڕووی ئیمانەوە لە ئایین تێبگات، کاتێك دەکەوێتە بەردەستی ئیسلامگەرایەکی خاوەن ئایدۆلۆژیای سیاسی، لە سەرەتاوە باسی قیامەتی بۆ دەکات، هەنگاوەکان بەم شێوەیەن:

*مـرۆڤ هەرچیەك بێت دواجـار دەمرێت، ئێمە لەم دونیایایەدا میوانین و دونیا راگوزەرێکی خێرایە بەرەو ژیانێکی ئەبەدی، بەڵام ئەو ژیانە ئەبەدییە بە کرداری ئێرە دەپێورێت، ئەگەر تۆ لەم دونیادا بە پێی بەرنامەی خودا هەڵسوکەوتت کردبێت، ئەوە دەچیتە بەهەشت، خۆ ئەگەر خوانەخواستە لە بەرنامەی خودا لاتدابێت، ئەوە دەچیتە دۆزەخی خودایی هەمیشەیی.

**میکانیزمی چەسپاندنی ئەو ترسە ئەبەدیەش بەوە دەستپێدەکات:**

-سەردانی گۆڕستان و مردوەکان، خۆخستنە جێگەی ئەوانە.

-بیرکردنەوەی بەردەوام لە مردن، قیامەت، خۆشییەکانی بەهەشت و ترسەکانی دۆزەخ.

-دانیشتنی شەوانە بۆ بیرکردنەوە لەو ترسە گەورەیە.

-قورسکردنی دەسکەوتنی بەهەشت و رەزامەندی خودا، بەجۆرێك ئەستەمە هەمووکەس بچێتە بەهەشت، مەگەر ئەوانە نەبێت، کە دەبنە خزمەتکاری ئایینی خودا و لەپێناویدا تێدەکۆشن.

بێگومان پەروەردە کارێکی بەردەوامە، نەك ئەنجامی دوو قسە و سیمینار بێت، بە بەردەوام بوونی کات، بیرکردنەوە، دووبارەکرنەوە، وتنەوەی بەردەوام و بیرکردنەوەی بەردەوام لەم پرسە. ئیدی پرسی ژیانێکی تر، دەبێتە فۆبیایەکی وەها، کە هەموو ئیرادەیەك لەو کەسە دەسەنێت، ئیدی ئەو دێت دەپرسێت: باشە چی بکەم تا خۆشییەکانی بەهەشتم دەستبکەوێت و لە دۆزەخ بە دووربم؟ لێرەدا ئیدی وەڵام وەردەگرێت. چی بکەیت بۆ چوونە بەهەشت.

**5-بەرتەسككردنەوەی دونیا**

لـەو بـەشـەدا لـە پـــەرەوەردەی ئیسلامی سیاسیدا هەوڵدەدرێت ژیانی دونیا وا بێنرخ، تەسك و بـەدۆزەخ بكرێت، كە مرۆڤ هیوا خوازبێت زوو لێی دەربچێت: ئەوە نییە پێغەمبەر دەفەرموێت (الدونیا سجن المؤمن و جنە الكافر)، كەواتە دونیا دۆزەخە.

لـەم بەشەدا هەموو جوانییەكانی دونیا لە كەسی پەروەردە كراو حەرامدەكرێت:

-هـونـەر حـەرامـە، گـۆرانـی، مۆسیقا، شانۆ، وێنە و هەمووجوانییەكان حەرامن.

تێكەڵاوبوون، قسەكردن، شایی و رابــواردن هەموو حەرامن، یان كاری مرۆڤی جاهیل و خوێڕین، نەك كەسێكی خاوەن پەیام.

-سەپاندنی ئەركی زۆری ئایینی بەسەر گەنجدا، هەر لە نوێژەكان بە جەماعەت، بەجێهێنانی سوننەتەكان، شەو نوێژ، رۆژووی سوننەت، دوعاو زیكری زۆر و خوێندنەوەی نامیلكەكانی كۆمەڵ و ...هتد بەجۆرێك ئیدی ئەو كەسە ماوەیەكی نامێنێتەوە بۆ ژیان.

- تەنانەت سەیركردنێكی سادە بۆ مێینەیەك، وا گەورە دەكرێت، كە ئەو كەسە دەخاتە ئاگرەوە، چونكە سەیركردن یەكەمە و دووەمی بەدوا دێت، دووەم ئیدی زەردەخەنەی بەدوا دێت، دوای ئەوە قسەكردن و ژوان دانان و .... ئیدی دەچێتە بواری حەرام و زیناوە، كە ئیدی لەوێوە دۆزەخی هەمیشەییە، لەكاتێكدا سەیركردن بە پێی فەرمانە ئایینییەكان ئەگەر تاوانیش بێت، تاوانێكی بچوكەو وەك دەڵێن بە ئاوی

دەستنوێژ دەڕوات.،. بەڵام لێرەدا سەیرکردنێك یەکسەر پردێکە بۆ کوفر و جەهەننەم.

ئەو پـەروەردە توندگیر و تەسککردنەوەیەی دونیا لە گەنجێك بەرامبەر جوانکردنی بەهەشت و ترسەکانی دۆزەخ ، بە سروشتی خۆی وا لە گەنجێك دەکات، کە ئیدی ئامادەبێت لەم زیندانە بە ئاسانی بڕوات.

**6-جوانکردنی مەرگ**

هەنگاوی دواتر بریتییە لەجوانکردن و ئاسانکردنی مەرگ، بە تایبەتی مەرگێك کە لەپێناوی خوادا بێت و شەهادەت بێت. حەسەن بەننا دروشمی ( الموت فی سبیل الله اسمی أمانینا)ی بەرزکردبۆوە، هەر ئەو دەڵێت: (هەر نەتەوەیەك هونەری مەرگی شەریفانە بزانن، سەربەرز دەبن).

لەوانەیە ساتەوەختی مەرگ، گەورەترین بەربەستبێت لەبەردەم مرۆڤدا، کە پڕکێشی خۆکوشتن ناکات، یان دەترسێت و رووبـەڕوی مەرگ نابێتەوە، پـەروەردەی ئیسلامی دێت ئەو بەربەستەش دەڕوخێنێت، ئەو کەسەی لەپێناوی خوادا خۆی دەکوژێت، یان شەهید دەبێت، هەروەك ئەوە وایە مێروویەك گازی لێبگرێت. لەڕاستیدا چڕکردنەوەی مەسەلەی قیامەت و خۆشیەکانی بەهەشت و ئەو جوانیانەی بۆ شەهید ئامادەکراوە و ترس لەقیامەت بۆ گەیشتنە بەم خاڵە گرنگە، کە ئێوە لە مەرگ مەترسن، چونکە مەرگ بازدانێکە بە ئاسانی لەناخۆشییەکانی دونیاوە بۆ خۆشییەکانی بەهەشت. خۆ ئەگەر لێرە خۆت ئامادە نەکەیت تۆ هەر دەمریت، بەڵام ئەو کات بە زەلیلی دەمریت و بەرەو دۆزەخ دەچیت، تۆ بۆ

ئەوە خوڵقاویت کە بمریت نەك ئێرە ئاوەدانبکەیتەوە، ئێرە بۆئەوەی ئیش بکەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەوێ «بەهەشت»، لەوێش بژاردەیەکت نییە، یان دۆزەخ و ئاگر یان بەهەشت و خۆشی، لەبە ئەوە مردن لە پێناوی خوادا گەورەترین ئاواتت بێت، بۆئەوەی بێ هیچ حسابێك بەهەشتت دەستبکەوێت.

### 7-گوێڕایەڵی (السمع والطاعة)

بەشێکی تری پەروەردە، بریتییە لە چەمکی گوێڕایەڵی، لە راستیدا ئەو چەمکە بەمانایەکی تر لە ئاستی تاکدا، واتە بێنرخ کردنی عەقڵ و رادەستکردنی ئیرادەی خۆت بە دەستی کەسێکی تر، یاخود لە مانا کۆمەڵایەتیەکەیدا بە مانای بە مێگەلکردنی خەڵك دێت.

چەمکی گوێڕایەڵی لەناو فەرهەنگی ئایینیدا بە مانای ئەوە دێت، کە مرۆڤ بە قسەی فەرمانەکانی خودا بکات، کە نوێنەرەکەی دەیگەیەنێت، لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلامیشدا گوێرایەڵیکردنی نوێنەری خودا، بێگومان ئاسایی بووە بەو پێیەی، کە ئەو فەرمانە خوداییەکان دەگەیەنێت.

بەڵام لە ژیانی مەدەنیی مرۆڤدا گوێڕایەڵی مرۆڤ تەنیا بۆ یاسا و دەوڵەتە، کە هێزی پیادەکردنی یاساکانی هەیە، ئەویش بە پێی یاساو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، گوێڕایەڵیکردنیش بۆ دایك و باوك پرسێکی ئەخلاقییە و هیچی تر.

بەڵام لە فەرهەنگی پـەروەردەی ئیسلامی سیاسیدا، گوێڕایەڵیکردنی بێ چەندو چوونی رابەری گروپ فەرزێکی خوداییە و شکاندنی قسەی رابەری گروپ، شکاندنی قسەی خودایە. لە راستیدا ئەم تەفسیرە ئایدۆلۆژیانەیە لە روحی

فاشیزم و نازیزمەوە وەردەگیرێت و بەرگی ئایینی بە بەردا دەکرێت.

بۆ نموونە وتراوێك کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام (ومن أطاع أميري فقد اطاعني ومن أطاعني فقد اطاع الله، و من عصا أميره فقد عصاني ومن عصاني فقد عصى الله)، ئەوەی بە قسەی ئەو ئەمیرە بکات، کە من دامناوە، ئەوە گوێڕایەڵی منی کردووە، ئەوەی گوێڕایەڵی من بکات، گویڕایەڵی خودای کردووە. ئەوەش یاخی بێت لەو ئەمیرەی من، ئەوە یاخی بوو لە من، ئەوەش لە من یاخی بێت، لەخودا یاخیبووە). ئاشکرایە ئەو وتراوە باس لەو ئەمیرانە دەکات، کە پێغەمبەر خۆی دەستنیشانی کردوون لەکاتی جەنگدا، نەك منداڵێکی نەزان دوای 1400ساڵ خۆی بخاتە شوێنی ئەو ئەمیرەی، کە پێغەمبەری ئیسلام باسیدەکات و بەو منداڵەی تر، کە سادە و تۆقێنراوە بە قیامەت بڵێت: ئەگەر تۆ بەقسەی من نەکەیت، کە بوومەتە ئەمیرت، ئەوە بە قسەی پێغەمبەر و خودات نەکردوە و ئاگر جێگەتە.

ئەمە ئەو گەمەیەیە کە پەروەردەی ئیسلامی سیاسی دەیکات، بە گۆڕینی چەمکە ئایینییەکان، لەبەرژەوەندیی کاری سیاسی خۆیاندا. لێرەوە پەروەردەکراوی سادە، کە تاکە سەرچاوەی مەعریفەتی ئەو کەسەیە، کە ناونراوە (ئەمیر، یان مامۆستا، یان بەرپرس) و دەبێت کوێرانە گوێڕایەڵی بکات، دەنا لەقیامەتدا دەچێتە ئاگرەوە، چونکە ئەو بەشکاندنی قسەی ئەمیرەکەی، واتە یاخیبووە لەخودا و پێغەمبەر، ئەویش لە خودا یاخی بێت، ئیدی لە قیامەتدا (قوڕی بەسەر) .

ئەم گوێڕایەڵییە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە هەر کاتێك ئەو ئەندامە فەرمانێکی پێدرا، بێ موناقەشە و دوودڵی دەبێت رایپەڕێنێت، ئەگەر نا ئەوە ئیمانی لاوازە و ناشێت لەناو ریزەکانی کۆمەڵدا بمێنێتەوە، یاخود بە لاواز و پەراوێزخراوی دەمێنێتەوە و سەیردەکرێت. ئەم گوێڕایەڵییە کوێرانەیە لەوێدا دەردەکەوێت، کاتێك دەبینین حەسەن بەننا باسی گیانی سەربازی، هێز، خۆبەخشین و گیان بەخشین دەکات، لە راستیدا حەسەن بەننا کەسانێکی مەدەنی پەروەردە نەدەکرد بۆئەوەی وەك مرۆڤێکی ئاسایی لەجڤاتدا بژین، بەڵکو کەسانێکی پەروردە دەکرد، بۆئەوەی بۆ مەرگ بژین و هەرساتێك چاوەڕێی فەرمان بن و بێ دوودڵی فەرمانەکان راپەڕێنن.

ئەمجۆرە گوێڕایەڵییە لە فەرهەنگی نازیزمەوە دێت، هەر خوێندنەوەیەکی سەرپێیانەی کتێبی (کفاحی) هیتلەر ئەو راستییەت بۆ دەردەخـات، کە گوێڕایەڵی بێ قەید و شەرت لای نازیزم چ رۆڵێک دەبینێت.

لە راستیدا هەموو رەوتە ئایدۆلۆژییە شمولییەکان، بەشی گەورەی بەڕێوەچوونی ئیشەکانیان بە سیاسەتی گوێڕایەڵی کوێرانە دەبێت، یان بابڵێین شۆردنەوەی مێشکی ئەندام (غسل دماغ) ، ئەو پرۆسەیەش بەزۆری لە توێژی لاوانی تازە پێگەیشتوو بێ ئەزموندا پیادەدەکرێت، چونکە ئەوان جارێك کەسانێکی ساف و بێ ئەزموونن، هەر بۆیە دەبینین تاکو ئێستاش زۆرینەی خۆتەقێنەرەوەکان لەو توێژەن، ئیخوانیش لەسەرەتاوە لەسەرشانی لاوانی کەم ئەزموون و کەم زانست دادەمـەزرێـت، هێند بەسە بزانین، کاتێك بەننا ئیخوان

دادەمەزرێنێت خۆی تەمەنی بیست و دووساڵ دەبێت، هەموو دەوروبەرەکەشی هەر لە تەمەنی خۆیەوە نزیکن، کەچی ئەوەی سەیرە، ئێستا یەکێك لە مەرجەکانی بوون بە رابەری گشتی لە ئیخواندا ئەوەیە، دەبێت رابەر تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر نەبێت.

لە راستیدا ژیانی مەدەنی تەنانەت حزبی مەدەنیش پێویستی بە پرەنسیپێك نییە بە ناوی (سمع طاعة)، بەڵکو پێویستی بە پرەنسیپی ماف و ئەرکە، ئەندام لە حزبدا کۆمەڵێك مافی هەیە، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرە، بەڵام لە حزبی ئایدۆلۆژیدا، ئەندام هیچ مافێکی نییە، بەڵکو تەنیا ئەرکی لەسەرە، ئەرکەکەش دەبێت بەوپەڕی دڵسۆزی و مەمنوونییەوە جێبەجێبکات، دەنا لە گروپدا جێینابێتەوە. جا ئەگەر ئەو گروپە ئایدۆلۆژییە ئایینی بوو، ئیدی پرسێك بە ناوی مافەوە مانای نامێنێت، چونکە ئەو موجاهیدێکە و لەپێناوی خوادا تێدەکۆشێت، دەبێت تەواوی ژیانی سوپاسگوزاری حزب بێت، کە رێگەی قیامەتیان بۆ رۆشنکردۆتەوە، ئەو ئەگەر لەو حزبەدا نەبوایە، ئیستا گومڕا دەبوو، وەك ئەو هەموو حەشاماتەی پێیدەوترێت گەل.

**8-بەیعەتدان**

یەکێك لە میکانیزمە گرنگەکانی بەستنەوەی ئەندام و مسۆگەرکردنی گوێڕایەڵی رەهایانە، کە بریتییە لە بەیعەتدان، بەیعەت مانایەکی ئاینییە لەسەردەمی یەکەمدا پێغەمبەری ئیسلام لەوانەی وەرگرتووە، کە باوەڕیان پێدەهێنا، تاوەکو گوێڕایەڵ بن لە خۆشی و ناخۆشیدا، پاش وەفاتی ئەویش

ئیدی بەیعەتدراوە بە خەلیفەکان وەك پێشەوای ئوممەت، بەیعەتی ئەهلی تەسەوفیش بریتییە لە پەیماندانی مورید بە شێخەکەی، کە هەر گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو دەبێت، بەیعەتی حەسەن بەننا کە لە ئیخواندا دایهێنا، بەیعەتێکی سیاسییە، دەبێت ئەندام بەیعەت بدات، هەتا ماوە گوێڕایەڵ و شوێنکەوتەی رابەرەکەی بێت، کە بریتییە لە رابەری ئیخوان موسلیمین، پاشانیش گروپەکانی تری ئیسلامی سیاسی، هەمان نەریتی بەننایان گرتەبەر، شایانی وتنە سەلەفیەکان، باوەڕیان بە بەیعەتدان نییە و پێیانوایە بەیعەت تەنیا بە ئیمامی موسوڵمانان دەدرێت، واتە خەلیفە.

بەڵام بەیعەت چیە و ئاسەوارەکانی چییە؟ لە راستیدا بەیعەت بە مانای کۆتکردنە گەردنی ئەندام و جڵەوکردنییان بە ئارەزوی گەورەکانیان، بەیعەت ئەرکێکە بە سەر ئەندامەوە کە دەبێت لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە تاڵی و شیرینیدا لە کاتێکدا فەرمانەکانی بەدڵ بێت، یان پێی نـاڕازی بێت، دەبێت بێ چەندو چوون پابەندبێت بە فەرمانی گرووپ و بێ دوودڵی بەگوێیبکات. بۆ ئەمەش نموونەی (حبابی کوری مونزیر) دێننەوە، کە لە جەنگی بەدردا بە پێغەمبەری وتوە، ئێمە ئیمانمان پێهێناویت و بەیعەتمان پێداویت، سوێند بە خودا ئەگەر فەرمانمان پێبکەیت خۆمان بخەینە دەریاوە، هەمووومان خۆمانی تێفڕێدەدەین! کەواتە ئەندام دەبێت ئاوا گوێڕایەڵ بێت بۆ سەرکردەکەی، گەر فەرمانی کرد خۆی فڕێبداتە ناو دەریاو ئاگرەوە، دەبێت بیکات. تەنیا مەرجێك ئەوەیە کە پێچەوانەی فەرمانی خودا نەبێت، ئەو مەرجەش هێند فرە کشە (مطاط)، کە پانتاییەکی فراوان دەدات بە

فەرمانەکانی سەرکردە، چونکە بەوپێیەی پێشەوا زاناترە لەبواری زانستە ئاینییەکاندا، لەبەرئەوە فەتوای ئەو گەر لای ئەندام روونیش نەبێت، دەبێت هەر بەگوێی بکات، چونکە ئەهلی فەتوا و ئیجتیهاد بەگوێکردونیان واجیبە گەر کەسی عەوام تێشی نەگات و لە رووکەشیشدا فەتواکە پێچەوانەی شەرع بێت. بۆ نموونە خۆتەقاندنەوەی کەسێك لەناو ئاپۆرای خەڵکدا، لەگەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی ئاییندا پێچەوانەیە، یەکەم خۆکوشتن حەرامە، دووەم خەڵکی بێتاوان کوشتن دیسان حەرامە. بەڵام کاتێك سەرکردە فەرمانی خۆتەقاندنەوە دەردەکات ئەو چەندین بەڵگەیتر دێنێتەوە بۆ حەلاڵبوونی ئەو کارە. وەك فەتواکانی شێخ یوسف قەرەزاوی، کە یەکێکە لە گەورەترین زانایانی ئیخوان و سەرۆك و دامەزرێنەری یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامییە، کە رێکخراوێکی ئیخوانییە.

لێرەوە دەبینین بەیعەتدان وەك هەمان پرەنسیپە کوێرانەکانی نازیەکان و کۆمۆنیستەکان، ئەندامێك دروستدەکات کە کوێر، کەڕ و لاڵن. ئەوان بە چاوی رابەر دەبینن بەگوێی رابەر دەبیستن، بە زمانی رابەر قسەدەکەن، رابەریش لەبری ئەوان بیردەکاتەوە و بڕیاردەردەکات، ئەوانیش کاریان تەنیا راپەڕاندنە، چونکە ئـەوان واتێدەگەیندرێن گەر ئەو بەیعەتەیان شکاند، یەکسەر جێگەیان ناوەڕاستی دۆزەخە، ئەوەش لەوێوە دێت، کە خودا دەفەرموێت (ان الذين يبايعونك انما يبايعون الله يد الله فوق ايديهم فمن نكث فانما ينكث على نفسه) کەواتە ئەوان بەیعەت بە خودا دەدەن و دەبێت گوێڕایەڵی ئەو بن، بەڵام لەڕێگەی رابەرەوە.

## 9-عەقڵییەتی دەستەبژێر

خاڵێکی تری گرنگ لە پـەروەردەی ئایدۆلۆژیانەدا، وەهمی دەستەبژێری و گەورەییە، سەید قوتب لە پێشەکی ڤلالدا باس لەوە دەکات، کە ئەو کاتێك لەژێر سایەی قورئاندا ژیاوە، هەستدەکات ئەو مرۆڤێکە لە لوتکەدا وەستاوە و خەڵکیتریش منداڵن و لەناو خۆڵدا خۆیان دەگەوزێنن. ئەو وەهمە لەسەرەتاوە لای حەسەن بەننا دروست دەبێت و خۆی وەك جێگرەوەی پێغەمبەر دەشوبهێنێت و شوێنکەوتەکانیش وەك هاوەڵانی پێغەمبەر، بەڵکو بانگەوازەکەی بە ڤیرژنی دووەمـی بانگەوازی یەکەم دەشوبهێنێت، کە بانگەوازی محەمەدییە، ئەو بە راشکاوی دەڵێت (بێ شانازی ئێمە هاوەڵانی پێغەمبەر و هەڵگری ئاڵاکەی ئەوین) (ئەی برایان ئێوە زۆر گەورەن خۆتان لا بچووك نەبێت. وەك خەڵکێکی ئاسایی سەیری خۆتان مەکەن). ئەم وەهمی خۆ بەجیا زانینە شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە لەناخی هەر تاکێکدا دروستدەبێت، کاتێکیش دەبینێت خەڵك بەو گەورەییە سەیری ناکات، کە خۆی تەسەوری دەکات، ئیتر نایەت چاو بە پرەنسیپەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە، چونکە ئەو لە نوری خوداوە هەڵقوڵاوە، بەڵکو دێت، خەڵك بە جاهیل، گرگن و نەفام دەزانێت، کە قەدری ئەم ناگرن و نازانن چ گەوهەرێکی بە نرخە.

هەر لەم عەقڵییەتی خۆبەجیازانینەوە ئاکارێکیتر گەشە دەکات، ئەویش ئەوەیە: کاتێك من دەتسەبژێرو جیاوازم، خەڵکیش نەفام و گێلن، کەواتە ئەوان (ناکام)ن، ناکامەکانیش پێویستییان بە کەسانێك هەیە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت و رێنماییان بکات، کەواتە گەل ناکامە (قاصر) و ئەویش

دەبێتە شوانیان و دەبێت بەرەو ئارامگەی باشیان بەرێت، کەواتە دەبێت خەڵك شوێن ئەو گروپ و ئایدۆلۆژیایە بکەون، لەکاتێکیشدا گەر شوێنیان نەکەوتن، ئەوە پێویستە بەزۆر ناچار بکرێن شوێن ئەو بکەون، خۆ ئەگەر هەر شوێن ئەو نەکەوتن، ئەوە پێویستە بەهێز ناچاربکرێن، وەك چۆن منداڵێکی ناکام و لاسار، گەر بە قسەی مامۆستاکەی نەکرد، پێویستە بەلێدان و چاوسورکردنەوە تەمبێ بکرێت.

لێرەدا دەستەبژێر رەهەندێکی ترسناکتر وەردەگرێت، کە بریتییە لە پیرۆزی، مـادام ئەو هاوەڵی پێغەمبەر و جێگرەوەی ئەوە و هەڵدەسێت بەکاری پێغەمبەران، کەواتە هەر بەرکەوتنێك لەگەڵیدا جۆرێکە لە بێ دینی. هەر رەخنەکردنێکی ئەو، رەخنەگرتنە لە ئایین، خودا و پێغەمبەر، پاکیزەییەکانی ئەو هێند بەرزە، کە جێگەی رەخنە نابێتەوە، هەر رەخنەگرتنێکیش لە خۆی، ئایدۆلۆژیا و گرووپەکەی لە راستیدا لە زاتی خۆی و گرووپەکەی نییە، بەڵکو ناحەزان و دوژمنانی خودا و پێغەمبەر بە ناوی ئەوانەوە بە بیانوی رەخنەگرتن لەو گروپە، کە دژایەتی خودا، پێغەمبەر و ئایین دەکەن. ئەو پسووڵەی پیرۆزییە هێند فراوان دەبێت، کە ئیدی ئەو کاتێك بەڕێدا دەڕوات، وادەزانێت خۆی قورئانێکە رێ دەبڕێت، نەك مرۆڤێکە لە خوێن، گۆشت و شایەنی ئەوەیە هەڵە بکات و راستیش بکات، ئاخر ئەو پیرۆزییەکەی لە ئایین و پەیامەکەوە وەرگرتووە، پاکیزەییەکەشی لە پاکیزەیی پەیامەکەوە وەرگرتووە، بەڵام خەڵك ئەو حەقیقەتە سادەیە پەیپێنابەن، بۆیە سوکایەتی پێدەکەن، یان رەخنەی لێدەگرن. ئـەوە نییە پێغەمبەری ئیسلامیش رەخنەی لێگیراوە و سوکایەتی پێکراوە لە لایەن دوژمنە کافرەکانییەوە.

ئەو خاڵە سەردەکێشێت بۆ خاڵی گرنگتر و ترسناکتر، گەر من و گروپەکەم جێگرەوەی پێغەمبەر و هاوەڵان بین. ئایدۆلۆژیاکەشم ئیسلامی راستەقینە بێت و تاکە خوێندنەوەی راستەقینەی ئایین بێت؟ کەواتە ناحەزو دوژمنەکانی ئێمە کێن؟ بۆچی دژایەتیمان دەکەن؟ ئاخر هەر رەخنەیەك بۆ ئەو و ئایدیاکەی لە دژایەتی ئایینەوە دەبێت! وەڵامەکە دیارە! لەبەرئەوەی دوژمنانی خوا چاویان بە نوری خودا کوێر دەبێت! کاتێکیش ئێمە نوری خودامان تێدا هەڵگیراوە، ئیدی ئەوان بە بینینی ئێمە کوێر دەبن، بۆیە کاتێك هەوڵدەدەن ئێمە لەناو بەرن، لە راستیدا ئەوان دەیانەوێت نوری خودا بکوژێننەوە.

**10-دابڕان لە جڤات**

کاتێك ئەندامانی ئیسلامی سیاسی، دەگەنە ئەو بڕوایەی، ئیدی ئەوان بژاردەی خوداییین و بان کۆمەڵ و بان خەڵکن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پاکیزەیی خۆیان بکەن و بە چڵکاوی جەهالەت پیس نەبن و بەو ژینگەیە ئاڵودەنەبن، دەبێت ئەوان ئیدی دابڕانێك لەنێوان خۆیان و خەڵکدا دروستبکەن. ئەودابڕانە چەند جۆرێکە:

**أ-دابڕانی جەستەیی**

**ب-دابڕانی روحی و مەعنەوی**

**ت-دابڕانی مەعریفی**

**أ-دابڕانی جەستەیی:** لە یەکەمیاندا کەسی ئیسلامی کە توندترین حاڵەتیانە، دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ئیدی ژیان لە ناو کۆمەڵگەی جاهیلیدا کوفر، ئیلحاد و فەسادی لێدەکەوێتەوە،

ئیدی بڕیاردەدات، کە دەبێت دابڕانێك لەنێوان دەستەی ئیماندار و دەستەی بێئیماندا دروستبێت، یەکەم کەسێك بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، بیرمەندی ئیخوان سەید قوتب بوو، پاش خۆی مستەفا شکری دامەزرێنەری گروپی (تکفیر و هجرە) بیرۆکەکانی قوتبی پیادەکرد، کاتێك کۆمەڵێکی لە ئیخوان جیاکردەوە و لە بیابانەکانی میسردا گروپی تەکفیر و هجرەیان دوور لە ژیان مەدەنی دامەزراند و خۆیان ناونا (جماعە المسلمین)، ئیدی غەیری خۆیان مورتەد و جاهیلی و کافر بوون.

**ب-دابڕانی روحی:** لەم حاڵەتەدا باوەڕدار هەر لەناو جڤاتدا دەژی، بەڵام بە هەست و نەستی خۆی بەربەستێك لەنێوان خۆی و کۆمەڵگەدا دروستدەکات، بەشێوەیەك تەنیا وەك قاڵب وەك جەستە لەناو کۆمەڵگەدایە، دەنا وەك هەست و نەست تەواو دابڕاوە و هەموو داب و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی رەتدەکاتەوە و بە جاهیلی دەزانێت، ئەو تێکەڵی خەڵك ناکات، مەگەر بۆ زەرورەت نەبێت، وەك چۆن بۆ زەرورەت گۆشتی بەراز حەڵاڵ دەبێت، تێکەڵبوونی خەڵکیش بەهەمانشێوە دەبینێت.

**ج- دابڕانی مەعریفی:** لێرەدا ئەندام بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە یەك پیت لە فەرهەنگی غەیری ئەو فەرهەنگە بخوێنێتەوە، یان ببیستێت، کە گروپەکەی بۆی دیاریدەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو نوسراوە ئایینیش بێت، بۆ نموونە بابای ئیخوانی ئامادە نییە کتێبی سەلەفیەکان بخوێنێتەوە. بەهەمانشێوە کابرای سەلەفی نوسراوە ئیخوانییەکان بە بیدعە و گومڕایی دەبینێت، ئەمما کتێبی فەلسەفی، یان بەرهەمە مرۆییەکانی تر بە گشتی، ئەوە شتێکە لە فەرهەنگی ئەواندا هەر کوفرەو نابێت بخوێنرێتەوە.

**11-جیهاد**

چەمكی جیهاد لە كولتوری ئیسلامیدا، پێگەیەكی دیاری هەیە، ئەو جیهادەش دژ بە دوژمنانی دەرەكی دەكرێت، بۆ دوو مەبەست: یەكەمیان، فراوانكردنی سنورەكانەو پێیدەوترێت (جهاد الطلب). دووەمـیـان، بۆ پاراستنی سنورەكانە لە هەر هێرشێكی دەرەكی كە پێیدەوترێت (جهاد الدفع). مەرجی جیهادكردنیش ئەوەیە، كە دەبێت دەسەڵاتی شەرعیی وڵات فەرمانی پێبدات، دوو سیفەت بزردەكات: واتە تەنیا لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە كە جیهاد رابگەیەنێت، یان رای بوەستێنێت بە پێی تواناو بارودۆخ، واتە جیهاد ئامرازێكە بۆ بەدیهێنانی دوو ستراتیژی دیاریكراو.

بەڵام كاتێك جیهاد دەبێتە ئامانج و لە دەستی حكومەتەوە دێتە دەستی گروپەوە، ئیدی لێرەدا دەبێتە ئامڕازێكی ترسناك بۆ تیرۆر، واتە لە پرۆسەیەكی پرۆفیشناڵ و فەرمییەوە، دەبێتە گەمەی ئەهلی زەوق و ئارەزوبازی.

بە تێڕامان لە یەكەم دەقی ئیسلامی سیاسی لەسەر جیهاد كە پێشەوای ئیخوان موسلیمین، حەسەن بەننا نوسیوێتی بۆمان دەردەكەوێت، كە جیهاد:

1-لەئامرازێكەوە دەبێتە ئامانجێكی هەمیشەیی.

2-لە دەستی دەسەڵات دەردێت و دەكەوێتە دەست گروپ.

3-چەكی جیهاد لەبری ئەوەی رووی لە دەرەوە بێت. پێش ئەوە، روودەكاتە ناو وڵاتانی موسوڵمان.

ئەم سێ خاڵە بە تەمومژاوی لای بەننا دەردەكەوێت، بەڵام كاتێك دێینە لای سید قوتب و سعید حەوا بەڕاشكاوی ئەوخاڵانە باسدەكەن. هەرچەند بەننا وەك كردەوە پراكتیزەی كـردووە بە دامەزراندنی رێكخستنی تایبەتی چەكدار و

تیرۆرکردنی چەندین کەسایەتی میسری و جولەکە، ئینگلیز و بەشداریکردن لە جەنگی فەلەستیندا، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت.

چەمکی جیهاد لەسەر دەستی ئیخواندا، پاشان گروپە چەکدارەکان لەوە دەرچـوو، کە ئەوکاتە زانایانی ئیسلام پێناسەیان دەکرد، بەڵکو چەمکەکە لە مانای (خروج)، بە مانا فیقهیەکەی نزیك بۆوە، بە چەمکی تازەی جیهانیش یەکسان کرا بە (تیرۆر) و تۆقاندن.

ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی لێوانلێو کرا لە باسی جیهاد و چاکەی جیهاد، بەڵام ئەو ئەدەبیاتە پێینەوتین جیهاد دژی کێ، کاتێکیش گروپێکی لاوان بارگاوی دەکەیت بە ماناکانی جیهاد (یان توندو تیژی) و بوارێك نابێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو بارگە پڕ حەماسەتە، بێگومان هەر لەشوێنێکدا ئەو بارگەیە دەتەقێنرێتەوە. گەر بڵێین ‹بۆ نموونە› ئیمامی بەننا باوەڕی بە تەقاندنەوە، تیرۆر، توندو تیژی نەبووە دژ بە دەسەڵات و خەڵك، بەڵام کاتێك ئەدەبیاتی ئیخوان لێوانلێو دەبێت لەو چەمکانە، کاتێك هەر بەننا خۆی دەیان هەزار گەنج لەڕێگەی (دیدەوانی) و ڕێکخستنی تایبەتەوە مەشق پێدەکات و گیانی سەربازی جیهادییان تێدا دەخولقێنێت، ئەو هەموو برگە توندو تیژییە لەکوێدا دەتەقێتەوە، بێگومان گەر دوژمنێکی دەرەکی نەبێت لە ناوخۆدا سەدان بیانوو دەبێت بۆ تەقاندنەوە.

**12-تەکفیری دەسەڵات دەروازەی گەورەی تیرۆر:**

گەورەترین دەروازەی تیرۆر (بەنناوی جیهادەوە) تەکفیری دەسەڵاتی سیاسییە، لە چەندین سەدەی پێشودا کەسێك تەکفیری دەسەڵاتی نەکردووە بۆ جیهادکردن لە

دژی، بەڵام لەسەر دەستی ئیخواندا بە تایبەتی ئیسلامی سیاسی بە گشتی ئەو چەمکە سەرهەڵدەدات. چەمکی تەکفیری دەسەڵات لەپێشدا لەسەر دەستی محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب دامەزرێنەری وەهابیزم لەنیوە دورگەی عـەرەب، سەرهەڵدەدات و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سعودی لەسەر بنچینەکانی ئەو مەزهەبە ئیدی لەڕێگەی پیترۆ دۆلارەوە بڵاودەبێتەوە بە دونیای ئیسلامدا.

لەو دەروازەیـــەوە چەمکی تەکفیر دێتە ناوئیخوان موسلیمینەوە.

سەرچاوەی دووەمـی تەکفیر بریتییە لە بیرمەندی توندڕەوی هندی (ئەبو ئەلئەعلا ئەلمەودودی)، کە لەڕێگەی خامە تیژەکەی سەید قوتبەوە دەروازەیـەکـی فراوانی بۆ کرایەوە، تا کار لە عەقڵی ئیخوانیدا بکات و تەکفیر بکاتە کاڵایەکی رەواجدار بۆ توندڕەوی.

ئەرگیومێنتی ئیسلامی سیاسی لەم بارەوە بەم شێوەیە دەبێت:

ئەوەی حوکم بە شەرع نەکات، بەپێی دەقی قورئان، کافرە ( و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الكافرون)، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ حوکم بە شەریعەت ناکەن، کەواتە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ کافرن.

ئەرکی موسوڵمان بەرامبەر دەسەڵاتی کافر چییە؟ دەبێت جیهاد لە دژی رابگەیەنیت و لێی دابڕێیت، تاوەکو خودا سەرتدەخات؟ باشترین سەرچاوەیەکی ئیخوان بۆ روونکردنەوەی ئەو چەمکە بەڕوونی دوو بەرهەمی گرنگن (معالم في الطريق) کە سەید قوتب نوسیوێتی، پاش ئەویش (جندالله ثقافة واخلاقا) کە سعید حەوا نوسیوێتی، لەوێدا بە تەواوی ئەو چەمکانە روونکراونەتەوە، زۆر بەڕوونی.

لای حەسەن بەننا ئەو چەمکە زۆر ڕوون نییە، وەك زۆربەی چەمکەکانی تر، کە بەننا بەئاشکرا دەریانناب‌ڕێت.

ئیخوان لە سوریا بەکردەیی ئیعلانی جیهادیان دژ بە دەسەڵاتەکەی ئەسەد لە ساڵی 1980 دا راگەیەند و دەیان هـەزار بوونە قوربانی، لە میسریش گروپە جیهادییەکان هەڵهێنجراوی هێلانەی ئیخوان بوون، ئەوەش ئاشکرایە، نوسینەکانی قوتب باشترین سـەرچـاوەی هەموو گروپە جیهادییەکانە، تەنانەت یەکەم گروپی تەکفیری جیهادی زۆرینەیان قوتابی قوتب خۆی بوون.چەمکی تەکفیر لای قوتب و حەوا لەوێدا نەوەستا، بەڵکو گواستییەوە بۆ کۆمەڵگە، هەر کۆمەڵگەیەك رازی بێت بە حوکمی کافر ئەو کۆمەڵەش هەر کافرن، هەر بۆیە حەوا بە ئاشکرا هەموو کۆمەڵگە موسوڵماننشینەکان بە مورتەد ناودەبات و قوتبیش باوەڕیوایە کۆمەڵگەی ئیسلامی سەدان ساڵە لە ئەرزی واقیعدا نەماوە.

کاتێك گەنجێك واپـەروەردەدەکـرێـت، کە هەرچی دەوروبەرێتی کافرە، حوکمی کافریش کوشتنە، یان گەر دەسەڵاتت نەبوو، دەبێت بیبوغزێنیت و رقتلێبێت، هەر کاتێك دەسەڵاتت بوو، دەبێت بکوژیت. ئەو پـەروەردەی تەکفیرە تۆ بڵێیت مرۆڤێکی مەدەنی، ئاسایی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکات؟ بێگومان نەخێر! بەڵکو کەسێکی مەسکون بە رق، تۆڵە، گرێی دەروونـی و تیرۆر پێدەگەیەنێت کە هەموو ساتێك ئامادەیە بۆ کوشتن و خۆکوشتن.

لە راستیدا پرسی حاکمییەت و تەکفیر تەواو پێکەوە گرێدراون، وەك دوو رووی دراوێك، هەر کەسێك مەسەلەی حاکمییەت بەوشێوەیە تێبگات، کە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی ‹بە تایبەت مـەودودی، قوتب و جوندگەراکانی ئـەم سـەردەم و سەلەفیەت› باسیدەکەن، ئیدی وەك

بەڵگەنەویست دیـوی ئـەودیـوی نەستی ئـەو کەسە، تەکفیرکردنی دەسەڵات و جڤاتە، ئەوەی سەیرە هەندێکجار ئەو کەسە خۆی هەست بەوە ناکات، کە عەقڵییەتی تەکفیری هەڵگرتووە، گەر وای پێبڵێیت دوورنییە دادگات لێبگرێت، وەك ئەو نەخۆشە دەروونییەی کە نازانێت نەخۆشە، کاتیکیش پزیشك نەخۆشیەکەی دەستنیشاندەکات، کەچی ئەو جنێو بە پزیشکەکەی دەدات و پزیشکەکەی بە نەخۆش دەزانێت!

لەبەر ئەوە هەرتاکێکی بارگاوی بە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسی، بێ دوودڵی هەڵگری ڤایرۆسی تەکفیرە بزانێت یان نەزانێت، ئەو راستییەش لەکاتێکدا دەردەکەوێت، کە ئەو کەسە ئیستیفزاز بکرێت، یان لەحاڵەتی هەژانی ویژدانیدا لەنێو دەستەو تاقمی خۆیدا دەریدەبڕێت. لەڕاستیدا فەرهەنگی تەکفیر وەك نەخۆشیەکی عەیبدار ئێستا لای کەسی ئیسلامگەرا دەشارێتەوە، وەك هەر ئایدیایەکی کەمایەتییە مەزهەبی ئایینییەکانی تر، وەك چۆن شیعە زۆر فەرهەنگی خۆیان لەبەردەم سوننە دەرناخەن و دونیای دەرەوەی خۆیان، بە هەمانشێوە تاکی ئیسلامگەرا، بە تایبەت ئەوانەی حەز دەکەن وەك کەسانی مەدەنی دەربکەون، بە چەندین دەمامك ئەو رووە تەکفیریەی خۆیان دادەپۆشن تاوەکو دزێویەکانیان دەرنەکەوێت.

ئەڵبەت ئەمە تانە نییە بۆ کەسی ئیسلامگەرا، بەڵکو دەستنیشانکردنی قەیرانێکی قووڵە لەو فەرهەنگەدا، کە دەبێت چارەسەربکرێت.

گومانیشی تێدا نییە هەڵگری بیری تەکفیر و حاکمییەت لە دیوێکی ترەوە هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆرە، هەرچەند خۆی

هەستی پێناکات، بەڵام هەڵگری ئەو فەرهەنگە لەوانەیە خۆی نەبێتە تیرۆریست لـەڕووی پراکتیزەکردنەوە، بەڵام دەبێتە هەڵگر و گوێزەرەوەی ئەو ڤایرۆسە.

کەواتە گرفتەکە لەوەدا نییە، کە ئەو کەسە خۆی دەبێتە تیرۆریست یان نا! بەڵکو لەوانەیە خۆی زۆر هەستناسك بێت و نەتوانێت پەلەوەریش سەربڕێت، بەڵکو گرفتەکە لە هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکەیە و گەیاندنێتی بە کەسانێك، کە ئامادەگییان تێدایە بۆ بە پراکتیزەکردنی فەرهەنگی تیرۆریزم.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە گرفتی دونیا لەگەڵ ئیسلامی میانڕەودا ئەوە نییە، کە خۆیان چەك هەڵبگرن، یان نا! ئەوە کارێکی گرنگ نییە، بەڵکو گرفتی دونیا لەوێدایە، کە ئەوان لەڕێگەی شەرعاندن و بەمەدەنیکردنی ڕەفتارەکانی خۆیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژیاندا بەوشێوەیە دەبنە بڵاوکەرەوەی ئەو ڤایرۆسە و کەسێکیش ناتوانێت ڕێگەیان لێبگرێت، چونکە کاری تیرۆریان ئەنجامنەداوە. بەمانایەکی تر گرفتەکە لـەوەدایـە، کە ئـەوان چەك هەڵناگرن و بە ئاشکرا ڕووی خۆیان دەرناخەن، مەگەر لەڕێگەی چەندین توێژینەوەی وردی مەعریفی و لێکۆڵینەوەی سیاسی و هەواڵگرییەوە ئەو ڕاستییانە دەربکەون.

# بەشی چوارەم
# بەتیرۆرکردنو
# بڵاوکردنەوەی پەتای تیرۆر

ئیسلامی سیاسی هەوڵدەدات فەزای گشتی بارگاوی بکاتە پەتای تیرۆر، واتە جڤات ئامادەبکات کە روحی تیرۆر وەربگرێت و وەك بەڵگەنەویستی ئایینی لێی بڕوانێت. ئەوەش لە مەترسیدارترین ستراتیژیەکانی ئەو فەرهەنگەیە. ئەو هەوڵدەدات لە چەندین رێگەوە ئەو کارە بکات، ئەڵبەت لێرە مەبەست لە ئامادەکردنی تاکی تیرۆریست نییە، بەڵکو مەبەستم لە سازکردنی زەمینەیەکی جڤاتییە بۆ بە ئاسایی وەرگرتنی روحی تیرۆر و ناساندنی تیرۆر وەك ئەوەی ئەرکێکی ئیسلامی بێت، فەرمانی خودا بێت. میکانیزمەکانی ئەو کارانەی پێ ئەنجامدەدرێت، بریتییە لەمانە:

**1-بانگەواز**

**2-راگەیاندن**

**3-کاری خێرخوازی**

**1-بانگەواز ئەویش دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**یەکەم:** بانگەوازی گشتی: لە ماوەی هەشتا ساڵی رابووردودا، کە خەڵك و دەسەڵات بێ ئاگابوون لە مینبەرەکان و کاری بانگەوازی ئیسلامی سیاسی، زۆر بەهێواشی کاری کردووە لەو کەناڵەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆی. خەتیبەکانی مزگەوتەکان و بانگخوازە ئەفەندی و بۆینباخ لە ملەکان، کە دەیان نازناوی ئەکادیمییان هەڵگرتوە، وەك دکتۆر و پرۆفیسۆر، ئەمانە هەمووی یەك قسە، یەك میتۆد بەکاردێنن، هەرچەند لە رواڵەتی خۆیان و ئەتەکێتی زمانەوانیدا جیاوازبن، هەر لەجنێو فرۆشەوە بۆ ناسکترین بانگخوازیان. من لێرەدا هەندێك لە ئەرگیومێنتانە باسدەکەم

که هەموو ئەو خەتیب، زانا، ئەکادیمی و بانگخوازانە وەك یەك کاری لەسەر دەکەن و هەمووشیان لە رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆرن:

أ-زمانی هەڕەشە، ترساندن و تۆقاندنی خەڵك لەهەر شوێنکەوتنێکی غەیری قسەی مەلاکان، چونکە ئەوان کەسانی رێپێدراون و دەتوانن بە ناوی دینەوە قسە بکەن.

ب-سوکایەتی و تەشهیرکردن بە هەر کەسێك پڕکێشی ئەوە بکات بیرکردنەوەیەکی تازە بەرهەمبینێت، ئەوانە هەوڵدەدەن تەواو دڕندایەتی نامۆراڵییەوە تێکیبشکێنن، تاوەکو خەڵك گوێ بۆ قسەکانی نەگرن. ئەوان سڵناکەنەوە کە بە ئاشکرا بوختان و درۆ، تەنانەت تۆمەتی شەرەفیش بۆ نەیارانیان دروستبکەن، تاوەکو تێکیانبشکێنن، بەڵکو ئەوە بە تەواوی خواپەرستی و جیهاد دەزانن، کە بوختان بۆ نەیارەکانیان بکەن، چونکە (الحرب خدعة).

پ- تۆمەتی ماسۆنیزم، زایۆنیزم، لە دین دەرچـوون و بوون بە پیاوی کافران و چەندین تۆمەتی تر، تا دەگاتە تۆمەتی ئەخلاقی بۆ خێزانیش، گەر کەسێك بە پێچەوانەی ئەوانەوە قسەیکرد.

ئەوتۆمەتانە لـەڕووی حەقیقەتەوە، لەراستیدا هیچ بەهایەکیان نییە، چونکە ئاشکرایە کە بوختانێکی پەتین و کەس ناتوانێت شتێك لەوانە بسەلمێنێت، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە، کە خەڵکانی بەستەزمان و سادە وادەزانن ئەوانەی قسەیان بۆدەکەن، یەکەم زۆر زانان و ئاگایان لەهەموو شتێکە، لەبەرئەوە لە زانیارییەوە قسەدەکەن دوەم: زۆر لەخواترسن و هەرگیز درۆناکەن، لەکاتێکدا ئەوانەی ئەو

تۆمەتانە دەبەخشنەوە، هەم نەزانن هەمیش درۆ دەکەن، چونکە هەموو قسەیەك تەنیا وەك تۆمەت دەبخشنەوە و هیچی تر.

ت- دروستکردنی جەنگی وەهمی نێوان ئیسلامی، عەلمانی و ئاگری دۆزەخ داخستن بۆ هەر کەسێك بەشێوەیەکی عەقڵانی بیربکاتەوە.

ج- هاندانی جەماوەری دیندار و بێ ئاگا دژ بە کەسانی رۆشنبیر، یان موخالیف لەگەڵ ئەجێندای ئیسلامی سیاسی و سەلەفیدا. لێرەدا دەبینی کاتێك نوسەرێك شتێ دەنوسێت، هەزاران جادە بە ناوی داکۆکیکردن لە ئایین خەڵك دێننە سەر، بەڵام کاتێك داعش هەموو دڕندایەتییەك ئەنجامدەدات، کەسێك لە شوێنی خۆی ناجوڵێت، بێگومان ئەمە دەلالەتی گەورەی هەیە، چونکە ئەوان داعش لەگەڵ خۆیان بەهاوسەنگەر دەزانن، هەرچەند لەڕواڵەتدا قسەی تر دەکەن، بەڵام نوسەرێك کە تەنیا خۆی و قەڵەمەکەیەتی بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانن و زۆر بە ئاسانی فەتوای کوشتنی دەردەکەن.

**دووەم:** بانگەوازی تایبەت: بریتییە لەوەی کە ئەندامانی گروپی ئیسلامی هەر کەسێکیان بینی هەندێك دینداریی تێدابێت، یان کەسێکی داخراو دوورەپەرێز بێت، زۆر بە زوویی بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، یان لەناو مزگەوتەکاندا هەر گەنجێك، یان مێردمنداڵێك دێت بۆ خواپەرستی، بەوپەڕی باوەڕی پاکییەوە. ئەوان گەمارۆی دەدەن و بەنناوی قورئان خوێندن و هاوڕێیەتیەوە، بێئەوەی بەخۆی بزانێت، بەرەو ئامێزی گروپێك کە هەر ناوی نەبیستوە تلۆری دەکەنەوە،

کاتێك بەخۆی دەزانێت ئەو کراوە بە حزبی و ئەندامێکە لە گروپێکی دیاریکراودا، لەبەرئەوەی لە زۆربەی کاتدا ئەو گەنجانە کەسانی سادەو کەم تێکەڵاون لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە بە ئاسانی راودەکرێن و دەکەونە ناو تۆڕی گروپەکانەوە، گیانی برایەتی وگەرمایی خۆشەویستی نێوان ئەندامان و دونیایەکی پڕ سۆز و عاتیفە بە ئاسانی گەنجانێك رادەکێشێت، کە لەو دونیادا هیچییان نەبینیوە.

بانگەوازی تایبەت یەکەم دەرگایە لەوێوە کەسێك بەرەو تونێلی گروپی ئایدۆلۆژیای داخراو رادەکێشرێت، لەکاتێکدا بانگەوازی گشتی زەمینەسازی دەکات بۆ بەرهەمهێنانی زەینێکی دەستەجەمعیی ئامادە بۆ قبووڵکردنی تیرۆر، کە لە دواییدا باسیدەکەین، بەڵام بانگەوازی تایبەت ئەوە هەر ئەو کەسە پەروەردەدەکات کە ئیدی لە دونیای واقیع دەیپچڕێنێت و دەیخاتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە، کە ئیدی لەچاوی گروپەکەیەوە دونیا دەبینێت، ئامێزی گروپ دەبێتە خێزان و کۆمەڵگەش، هەموو رایەڵەکانی پەیوەندیی تاك لەوێدا چڕدەبێتەوە.

**2-راگەیاندن:**

ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن تا دوا سنور سود لە راگەیاندن ببینن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی تیرۆی نەرم، بەرنامەکانی تیڤی و بەکارهێنانی زمانی بازاڕی، کە کەس وەك ئەوان نایزانێت و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سوکایەتیکردن بە هەموو کەسێك، یان بیرێك، کە ئەوان بەدڵیان نەبێت لە گرنگترین کارەکانیانە، جنێودان لەسەر شاشەی تیڤی و لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لای ئەوان

زۆر زیاترە وەك لای ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتەی، کە هیچ شتێکی لەبارەی پــەروەردەی ئیسلامییەوە نەبیستووە. درۆکردن بوختانکردن زمان پیسی میکانیزمێکی زۆر ئاسایین بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

لەم سەردەمەدا کەس نەیتوانیووە وەك ئیسلامییەکان سود لە ڕاگەیاندن ببینێت بۆ ڕاکێشانی خەڵك و زەمینە سازی بۆ تیرۆر، هەر لەو شاشانەوە زۆر بە سادەیی و ئاشکرا ڕێگە بۆ تیرۆر خۆشدەکرێت، کاتێك کابرا جنێو بە هەموو شتێك دەدات، حکومەت بە پیاوی خۆرئاوا ناودەبات، عەلمانییەت و دیموکراسیەت بە کوفر و ئیلحاد ناودەبات، ئازادی فرەیی بە بەرەڵلای بێ ئەخلاقی دەشوبهێنێت، دەبێت ئەو وتارە لە تیرۆر زیاتر چی بەرهەم بینێت.

**3-دەزگاکانی خێرخوازی**

دەزگا خێرخوازییەکان لەژێر ناوی فریاکەوتنی هەژاران و لێقەوماواندا کاردەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو دەزگایانە کاری لەوە گرنگتر ئەنجامدەدەن، واتە مەبەست لەو کارانە پاڵنەرێکی مرۆیی نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیایە. دەزگاکان تەنیا کاریان بەهانەوە چوونی هــەژارەوە نییە، بەڵکو فریاگوزاری ئامرازێکە بۆ ئامانجێکی تر، کە بریتییە لە بـڵاوکـردنـەوەی ئایدۆلۆژیای ئـەو کەسانەی دەزگـا خێرخوازییەکان بەڕێوەدەبەن، هەر بۆیە کارەکانی ئەو دەزگایانە لەچەند شتێکدا خۆی دەبینێتەوە.

-یان دروستکردنی مزگەوتەکە لە زۆربەی حاڵەتدا مەلا و خەتیبی خۆیان لەو شوێنانەدا دادەمەزرێنن.

-یان بەخێوکردنی بێباوکان و لێقەوماوانە، لێرەشدا بە مەرج موچە بەو کەسە دەدەن کە لای خۆیان دەرس بخوێنێت و خۆی و خێزانەکەشی پەروەردەیەکی ئیسلامی بکرێن.

- کاری نهێنی ئەو دەزگایانەش، هاوکاریکردنی رەوتە ئیسلامییەکان، تەنانەت تیرۆریستییەکانیشە، ئەو رستەیەش لە چەندین راپۆرتی هەواڵگری ئەمەریکی وڵاتانی تردا پشتڕاست کراوەتەوە، کە لەژێر پەردەی دەزگا خێرخوازیەکانەوە، پیتاك بۆ گروپە ئیسلامییەکان و چەکدارەکانیش کۆدەکرێتەوە. ئـەوەش لە لایـەن چەندین دەزگـای هەواڵگری وڵاتانی ئەوروپی و ئیسلامیشەوە راستکراوەتەوە، دوا راپۆرتیان، ئەنجامگیریەکانی لێکۆڵینەوەی حکومەتی بەریتانی بوو، سەبارەت بە ئیخوان موسلیمین.

**- دونیایەك پڕ لە دوژمن**

ئیسلامی سیاسی وا پێشانی ئەندامانی دەدات، کە دونیا هەمووی دژی ئیسلامە. ئەسڵەن زانست و مەعریفەی وەك داروین و فرۆید و مارکس و هتد، هەمووی پیلانێکی قیزەونی خۆراوان بۆ تەفرەدانی موسوڵمان، ئەو واپیشانیدەدات، کە هەرچی دونیابینی و فەلسەفەی دونیایە، تەنیا بۆ ئەوە بەرهەمهاتوە، کە موسوڵمان لەخشتەبەرێت، لای ئیسلامی سیاسی ئێستاش سەردەمی جەنگی خاچپەرستیی ئیسلام و کوفرە، ئەو هەمیشە حەزدەکات شەڕەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شەڕی ئایینی، لەکاتێکدا دونیا دەمێکە ئایدۆلۆژیاو ئایینی تێپەڕاندوە و شەڕی بەرژەوەندی و ئابوری دەکات، بەڵام ئاخر گەر وێنای ململانێکە لای گەنجێکی سادە وا نەکرێت، کە ئەوە

جەنگی ئایینییە، ئیدی ئەو گەنجە ئامادەنییە بەشداربێت لەو جەنگەدا، پاشان ئەو حەماسەت و گڕە کڵپەدارە لە هەناوی گەنجێکدا بەپرسی ئابوری و ستراتیژی بەرهەم نایەت، بۆیە دەبێت ئێمە جەنگی دینی لەگەڵ ئەوروپادا وێنابکەین، هەربۆ یە قوتب و حەوا و هاوشێوەکانیان هەمیشە زاراوە ئایینییە مێژووییەکان زیندودەکەنەوە، وەك جەنگی خاچپەرستی، جاهیلیەت، جەنگی کفر و ئیمان، ئینجا قەوانی تازەیشیان پرسی ماسۆنییەت و زایۆنیزم، هەرچەند ئەوانەش لای ئەوان تازەنین، بەڵکو هەر جەنگەکانی بنوقریڤە و جولەکەکانیتری مەدینەن، شاشەکانی تیڤی هەموو پیشانیاندا چۆن بابی سەلەفی لە تەنیشت سەرۆکی ئەو کاتەی میسر (محەمەد مورسی) هوتافی دەکێشا (خیبر خیبر یا یهود، جیش محمد سوف یعود)، ئەو کەسانە ئاوا لە زیندانی مێژوودا گیریان خواردووە دەرکردونیان جۆرێکە لە مەحاڵ.

**رەهەندی ئایینی چەند سودێك دەبەخشێت وەك:**

1-رق ئەستوری پشت ئەستور بە رەهەندی ئایینی و پاداشتی خودایی و جیهاد.

2-هۆشیاریەکی درۆیینە بە ئەندام، کە ئەو خاوەنی کێشەیەکی گەردوونی مێژوییی ئایندەییە. ئەو دژی گەورەترین هێزی دونیا دەوەستێتەوە و سەریشدەکەوێت بەسەریدا، چونکە خودای لەپشتە.

3-کاتێکیش ئەو گەنجە داوای لێدەکرێت دژی ئەوروپا بێت، ئیتر ئەو ئامادەیە هەموو خۆتەقاندنەوەیەك بکات لەو دونیایەدا، کە گەورەترین دوژمنانی خودای لێیە.

بیانووە مێژووییەکان بۆ دژایەتیکردنی ئەوروپا دەکرێتە واقیعێك، کە گەنجەکە وادەزانێت دوێنێ روویـداوە، بۆ نموونە کاتێك باسی ئەندەلوس دەکرێت وا باسدەکرێت، کە گوایە ئەندەلوس هەر لەئەزەلەوە موسوڵمان بوون و کافرە خاچپەرستەکان هاتوون و داگیریانکردووە، لەکاتێدا هەموو دەزانین ئەندەلوس هەر وڵاتێکی ئەوروپی و مەسیحی بووە و موسوڵمانان چون داگیریانکردووە، ئێستا ئەمان خۆیان بە ستەملێکراو دەزانن کە ئەندەلوس کراوە بە ئیسپانیا و پێویستە جارێکی تر لە چنگی دوژمنانی خودا ئازاد بکرێتەوە!

هەروەها جەنگی خاچپەرستەکان، پاشان رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و بەش بەشکردنی دونیای ئیسلام. ئەمانە هەمووی بیانووەکانی ئیسلامی سیاسین بۆ چاندنی تۆوەکانی رق کە لە دواییدا باسیدەکەم.

ئەوان لێرەوە هەموو تاوانەکان دەخەنەپاڵ دوژمنانی ئیسلام! ئەو دوژمنە هەموو تاوانەکانی ئێستاو مێژووی لە گەردنە، هەر لە کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان، کە خەلیفەی سێیەمی ئیسلام بوو، بە دەستی موسوڵمانان کوژرا، تاوەکو رووخانی سەڵتەنەتی عوسمانی و تا ئەم ساتەوەختەش هەموو دونیا دژ بە ئیسلام پیلاندەگێڕێت!.

ئەم هەموو پیلانگێڕییە کە دەوترێت دوو حاڵەتی تێدا دەخوێندرێتەوە:

-خۆشاردنەوە لەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە، کە دەکەوێتە سەرشانی ئیسلام خۆی و موسوڵمانان بەگشتی.

-ئاگربەردان لە دڵی کەسانی تازە پێگەیشتوو دژ بە دوژمنانی ئیسلام، کە بریتین لە جولەکە و گاور!

بەڵام پرسەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو دیوێکی تر دێتەکایەوە، ئەویش ئەوەیە هەرکەسێك لەگەڵ ئەجێندای ئەواندا نەبێت، ئەوە مانایوایە نۆکەر و چڵکاوخۆری دوژمنە - واتە جولەکە و گاورەکان- هەر کەسێکیش ببێتە نۆکەری ئـەوان، لەڕاستیدا لـەوان مەترسیدارترە، چونکە هەمیشە دوژمنی ناوخۆیی کە بە زمانی خۆمان قسە دەکات و بەرگی خۆمان دەپۆشێت، مەترسی زیاترە وەك لە دوژمنی بەرامبەر.

لێرەوە ئیدی کەسانی تر دەکەنە ئامانجی ئیسلامی و شایستەی مردنن، هەر کاتێك دەسەڵاتیان هەبوو، زۆرینەی رۆشنبیران لێرەوە دەکرێنە ماسۆنیم یان هەر ناویکی تر تاکو تیرۆر بکرێن، ئیدی مەعنەوی بێت، یان جەستەیی!

**سازدانی جڤات بۆ پەسەندکردنی تیرۆر**

هەنگاوی دووەمی ئیسلامی سیاسی، کارکردنە لەسەر کۆمەڵگە، چۆن کۆمەڵگە ببێتە کائینێکی بێدەنگ لە بەرامبەر تیرۆردا:

1-بێدەنگکردنی ناڕازییەکان بە ترسی جەستەیی، یان متمانەی لەکۆمەڵگەدا.

ئیسلامییەکان گەورترین کاری تیرۆریستی لەم بوارەدا ئەنجامدەدەن، ئەسڵەن لەم بوارەدا ئەوانەی خۆیان ناودەنێن میانڕەو (نەرمڕەوەکان)، زۆر مەترسیدارترن لە تونڕەوەکان، کە تیرۆری رەق بە کاردێنن.

ئەوان چەندین میکانیزم بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتییەکان بەکاردێنن، هـەر لە شـاڵاوی شەخسییەوە بۆ خێزان و منداڵەکانیان بۆ هەموو رایەڵە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوکەسە،

بە تەکفیرکردن و ناوهێنانی بە مورتەد و لە ئایین دەرچوو، گەر ئەمانە سودی نەبوو، ئینجا هەوڵدەدەن پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بپسێنن، بێجگە لەوەی خۆیان دابڕانی لەگەڵ مومارەسە دەکەن، هەوڵدەدەن فشاری بخەنە سەر لەڕێگەی دابڕینی لە کەس و کار، خێزان و هەموو ئەوانەی لە دەوری ئەون، ئەوان کەس و کارەکەی لێ هاندەدەن تا بێدەنگی بکەن، دەنا چۆن دەبێت بێدینێك لەناو ئەواندا جێگەی بێتەوە، ئاخر نەنگییە لە سیستمی داخراودا لەناو خێڵدا دەنگێکی تر هەبێت، غەیری دەنگی خێڵ، کە بە نیفاقی ئایینی داپۆشراوە. گەر هەر سودی نەبوو، ئەوە ئیتر وا لە کەسوکارە نزیکەکانی دەکەن، ئیدی ئەو کەسە لەناو خۆیاندا دەربکەن و وەك گەڕکراوێك مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

میکانیزمی دووەمیان ئەوەیە لەڕێگەی ترساندنی بە تیرۆری جەستەییەوە لە لایەن کەسانێکەوە کە ئەمان لێی بەرپرس نین وەك ( گورگی هار) لەشوێنێکدا پەلاماریبدەن، ئەوان ئەو سیناریۆیە دادەنێن:

-برا ئێمە لەبەر خۆتمانە خۆشمان دەوێیت نامانەوێت ئازارت پێ بگات، ئێمە لە تۆ تێدەگەین ودەزانین مەبەستت چاکسازییە و زۆربەی قسەکانیشت راستن، بەڵام خەڵکی بێ مێشك زۆرن، کە لەو قسانە تێناگەن و بە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کەس لەشوێنێکدا یان خۆت یان کەسێکت تیرۆردەکەن.

ئیدی ئەوان لێرەوە هەوڵدەدەن هەموو کارتەکان تێکەڵ بکەن و هیچ مانایەك بۆ کەسێکی تر نەهێڵنەوە و تەنیا خۆیان خاوەنی دەنگی بەرز و قیرەی درێژ بن.

2-بڵاوکردنەوەی ماناکانی تیرۆر لەگەڵ مانا ئایینییەکاندا، ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن بە تێکەڵکردنی مانا تیرۆریستیەکان لەگەڵ مانا دینییە رەسەنەکاندا، هەموو کارتەکان بەسەر یەکتردا بشیوێنن، لێرەوە تیرۆریش لەگەڵ مانا ئایینییەکاندا بخەنە زەینی دیندارەکانەوەو بە ئەسڵی ئیسلامی تێبگەن. ئەمە گەمەیەکی تری خەتەرەو لەوێوە ئیدی خەڵك لە ترسی کافر نەبوون و بێدینی بە ناچاری ئەو چەمکە تیرۆریستییە وەك ئەسڵی ئایین وەردەگرێت، بانگخواز یان وتاربێژ لە گەرمەی باسی قیامەت و ترسەکانی دۆزەخ و خۆشیەکانی بەهەشتدا، دێتە سەرباسی جیهاد و هەرچی تیرۆرە بە جیهاد لەقەڵەم دەدات و هاوار دەکات گەر کەسێك ئیمانی بەم جیهادەنەبێت، لە ئەهلی ئەو دۆزەخەیە کە باسمکرد و لە خۆشییەکانی ئەو بەهەشتەش مەحرومە کە رووونمکردەوە. لێرەدا دەبینین چۆن چەمکی تیرۆر گرێدەدرێت بە چەمکە ئەسڵییەکانی ئایینەوە، بە غەیبانییەتەکانی ئایینەوە. هەر بۆیە لە کابرای عەوام دەبیستیت کە دەڵێت: گەر ئەوە ئایین بێت، ئیتر من ئیمانم پێیەتی و لە دژی قسە ناکەم. لەڕاستیدا گشتاندنی ماناکان لای ئیسلامی سیاسی بە گشتی، لەناو کۆمەڵگە موسوڵمان نشینەکاندا زۆر لەوە سادەترە، کە وێنا دەکرێت، چونکە عەوامی خەڵك هەر لەسەرەتاوە تەسلیم بووە، بەوەی هەرچی خودا دەیڵێت هەقە و راستە، کاتێکیش بانگخوازێك یان وتاربێژێك بەنناوی خوداوە وەك نوێنەری خودا قسەی بۆدەکات، ئیدی ئەو بە تەواوی چۆکدادەدات و وادەزانێت بە گوێڕایەڵیکردنی وتاربێژ یان بانگخواز، خودا لەخۆی رازیدەکات.

**3-بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ئیسلام، تاوەکو بەرامبەر بخەنە ژێر گومانەوە و جڤاتیش بخەڵەتێنن**

ستراتیژیەتێکی تری ئیسلامی، قۆرخکردنی دروشمەکانی ئیسلامە بۆ خۆیان و بەکارهێنانییەتی بەشێوەیەکی زۆر دیماگۆگیانە، چ لە هەڵبژاردندا، یان لە کاری تیرۆری رەقدا، دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) کە ئیخوان لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاریاندەهێنا، هیچی کەمتر نییە لەو تیرۆریستەی لەکاتی سەربڕیندا تەکبیر دەکات، هەردووکیان دروشمە ئاینییەکان بۆمەبەستی خۆیان دەقۆزنەوە. ئاخر کاتێك بەرامبەر خاوەنی ئیسلام بێت، کەواتە بەرامبەرەکەی تر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك لەئیسلام دادەماڵێت، کەچی لەلایەکی ترەوە میانڕەوەکان هەمان پرەنسیپەکانی عەلمانییەت دووبارەدەکەنەوە، بەڵام بەو مانایەی خۆیان دەیانەوێت کە دوایی باسیدەکەین.

**4-بەجەماوەریکردنی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی وەك چەمکێکی ئایینی حاشا هەڵنەگر:**

ئیسلامی سیاسی هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی تایبەت بەخۆیەتی، کە پێداویستیەکانی سەردەم و کاری سیاسی فەرزیانکردووە بەسەریدا، بەڵام ئەو دێت ئەو مانایە بەرگی ئایینی حاشاهەڵنەگریان دەکاتە بەرو بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. بە جەماوەریکردنی چەمکەکانیش مانای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و چەمکەکانی هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆرە، بۆ نمونە کاتێك ئەو دەیەوێت لە رێگەی حزبێکەوە دەستی بە دەسەڵات بگات، دێت و بەرگی ئایینی دەکاتەبەر ئەو تەماحە ئاشکرایە

و وەك پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگری ئایینی دەیخاتە بەردەممان، ئەو پێماندەڵێت بۆیە دەچێتە پەرلەمان، تاکو رێگە لە بێ ئەخلاقی بگرێت، بەڵام پێماننالێت ئەی ئەوکاتەی سەربازەکانی ئەو لە پەرلەماندا نەبوون، چەند یاسای بێ ئەخلاقی دەرچووە. ئەو دێت و پێماندەڵێت دروستکردنی حزب لەپێناوی خوادا فەرزێکە، ئەوە نییە خودا دەڵێت (الا ان حزب الله هم الغالبون) ئیتر ئێمە حزبی خوداین، هەر خۆیشی سەرمان دەخات.

زۆرجار لەم پرۆسەیە بە جەماوەریکردنەدا هێزە مەدەنییەکانیش بەشدارن بێ ئەوەی بیانەویت، ئەوان بە خۆ تەریککردن و دابڕاندن لە کۆمەڵگە و ستایلی ئاخاوتنی کۆمەڵگە و پچڕان لە خەون و خەیاڵگەی جڤات، وایانکردووە کە قسەکانی ئیسلامی سیاسی گەر بەڕواڵەتیش بێت، جۆرێك لە راستی وەربگرن، کاتێك کەسایەتییەك کە خۆی بە عەلمانی دەزانێت و دێت وەك کەسێکی ئەوروپی دەدوێت، یان دەیەوێت هەمان مۆدێلی ژیانی ئەوروپی لە ژینگەیەکی پارێزکار کۆنسەرڤاتیڤدا کۆپی بکات، بێگومان دەبێتە هۆی هەڵچواندنی دەورووبەر و خەڵکەکە بە گشتی. لێرەدا ماش (ئاپۆرا) جیاوازی ناکەن لەنێوان ستایلی ژیان و فیکردا، ئەوان وای دەخوێننەوە، کە ئەو رەوتەی ئەم کەسایەتییە نمایندەیەتی داوای بێ ئەخلاقی دەکات، دەیەوێت خەڵك لە ئەخلاق و ئایین دەربکەن، ئەو بابەتەش لای خەڵکە گشتییەکە وەك مانای مەرگ و ژیان دەگەیەنێت. ئاپۆرا ئامادەیی ئەوەی تێدانییە لەسەر پرسی مۆراڵ قسەبکات، ئەوەش زەبرێکی کوشندەی

داوە لەهەر بیرێکی کراوە و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی جڤات. لە لایەکی ترەوە هێزە مەدەنییەکان، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ئیسلامگەراکانیان کردۆتە پاسەوانی شـەرع، ئایین، کولتور و بەهاکانی جەماوەر، خۆیشیان خستۆتە بەرامبەر ئەو بەهایانە، ئەمەش وایکردووە ئیسلامیەکان تاپۆی ئیسلام و رەوشتی خەڵك لەسەر خۆیان مۆربکەن و بەرامبەرەکانیان بە دژەئایین و دژە ئەخلاق مۆر بکەن.

**5-بێماناکردنی چەمکە مرۆییەکان و پڕکردنەوەی قاڵبی وشەکان بە مانای ئایدۆلۆژیا، وەك نیشتیمانپەروەری نەتەوەگەرایی، ئازادی ماف:**

ئیسلامی سیاسی هەوڵدەدات چەمکە مرۆییەکان بێنێت و لە ماناکانی خۆی بەتاڵیبکاتەوە و مانای تری تێدا بەکاربێنێت، ئەوەش بۆ گەمەکردن بە عەقلێ خەڵك و تێگەیاندنی خەڵك بەوەی، کە ئەمان کەسانی شارستانی و رۆشنبیرن، هەر بۆ نموونە چەمکی ئازادی لە دونیای مۆدێرندا مانایەکی فراوان و گەوەری هەیە کە دەیزانین، بەڵام ئەو دێت و ئەو چەمکە لە هەموو ماناکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و تەنیا مانایەکی تەسکی دەداتێ، کە خزمەت بە ئایدیاکەی خۆی دەکات، وەك ئەوەی ئازادی بەوە لە قەڵەم دەدات خەڵك پابەندبن بە ئایدۆلۆژیاکەی ئـەوەوە ئیتر ئەوە گەورەترین ئازادییە، هەروەها چەمکی مافەکانی مرۆڤ دێنێت و بەو شێوازە دایدەرێژێتەوە، کە خۆی مەبەستێتی کە لە راستیدا زۆر دوورە لە مانای راستەقینەی چەمکەکانی مافەوە، وەك مرۆڤایەتی تێیگەیشتووە.

**6-بێ ئەخلاقكردنی هەر كەسێك لەگەڵ ئەوان نەبێت، وەك چەمكەكانی علمانییەت، مەدەنییەت و ئازادییەكان مافەكانی مرۆڤ.**

ئیسلامی سیاسی كارێكی زۆر گەورە لەسەر پرسی ئەخلاق دەكات، ئەمە بەو مانایە نایەت، كە بیەوێت رەوشتە باڵاكان بڵاوبكاتەوە، بەڵكو بە مانای هەوڵدانی بێ ئەخلاقكردنی بەرامبەر دێت. ئەو بە ئەنقەست هەمیشە چەمكەكانی عەلمانییەت و لیبرالیزم و دیموكراسیەت دەبەستێتەوە بە مانا ئەخلاقیەكانەوە، ئەو مەبەستی لە ئەخلاقیش مانا فەلسەفییە مۆراڵیەكەی نییە، تەنانەت مانا ئایینییەكانیشی نییە، وەك راستگۆیی، دەستپاكی و بەهاباڵاكان، بەڵكو تەنیا مەبەستی ئافرەتە و هیچی تر، لەكاتێدا لە هیچ فەلەسەفەیەكدا پرسی سێكس پرسێكی ئەخلاقی نییە، بەڵكو رەفتارە( سلوك). ئەو دێت و مانا مۆدێرنەكانی ژیان بەدوو شتەوە دەبەستێتەوە: یەكەمییان ئیلحادو بێدینییە، دوەمیان بەرەڵایی و دارزانی ئەخلاقە لە كۆمەڵگەدا.

ئەو ئەم كارە بۆ ئەوە دەكـات، كە مەیدانەكە تەنیا بۆخۆی چۆڵ بێت و خۆی وەك پاسەوانی دڵسۆزی رەوشتی كۆمەڵگە پیشانبدات، ئیتر ئەو باسی ئازادی و بیروڕای ئازاد و مافەكانی تری مرۆڤ بە شتێك نازانێت كە داكۆكیی لێبكات.

كاتێكیش عەوامی خەڵك واتێگەیەنران، كە علمانییەت و دیموكراسییەت مانای بەرەڵایی و كوفر دەگەیەنن، كەواتە تیرۆركردنی ئەو كەسانەی هەڵگری ئەو بیروڕایەن، كارێكی رەواو شەرعییە.

## چۆن کۆمەڵگە تیرۆر بەرهەم دێنێتەوە

پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و گروپ پەیوەندییەکی جەدەلییە، بە تایبەت گروپی خاوەن ئایدیۆلژییەکی ئایینی، کاتێك بۆ ماوەیەك نەوەیەك، یان زیاتر ئایدیۆلژیایەکی تۆتالیتار، کە کەسی قبووڵ نییە و خۆی بە تەنیا خوێندنەوە بە سەر جڤاتدا فەرز دەکات، ئیدی ئەو کۆمەڵگەیە ئیرادەی پەکدەخرێت و ئیفلیج دەبێت، ئەو تەنیا ئەوە وەردەگرێت کە پێی تەڵقین دەدرێت. هەر ئەوەش بەرهەمدێنێتەوە کە وەریدەگرێت.

لەحاڵەتی کۆمەڵگەی ئایینیدا، چەمکە ئایینییەکان بە ئاسانی دەکرێنە چەمکێکی غەیبانی، بان گومان و بان موناقەشە. ئیدی ئەو چەمکە و نوێنەرانی ئایدۆلۆژیا بەرگی پیرۆزییان لەبەردەکرێت و کەسێکیش پڕکێشی بکات بۆ خوێندنەوەیەکی عەقڵیانەی ئەو پیرۆزییانە ‹تەنیا خوێندنەوەش› ئەو کەسە چیتر مرۆڤێکی ئاسایی و پەسەندکراو نییە، بەڵکو مرۆڤێك نییە شایستەی ژیان بێت و خێزان و منداڵی هەبێت، بە کورتی نابێت وەك مرۆڤ سەیر بکرێت. لێرەوە کۆمەڵگە جارێکی تر خۆی تیرۆر بەرهەمدێنێت. بۆ نموونە کاتێك باوکێك لەسەر پرسێکی سادە کچەکەی خۆی دەکوژێت. کۆمەڵگەش بەلایەوە شتێکی ئاساییە و روویداوە، یان دەستخۆشی لە باوکە بکوژەکە دەکەن، ئەوە ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە چییتر وەك مرۆڤێکی ئاسایی بیرناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکن تیرۆر لە ناخیاندا چەقیوە، یان خێزانێك لەبەر ئەوەی کەسێکیان لە بیر و باوەڕی باو فراوانتر بیردەکاتەوە، ئەوان ئامادەییان تێدایە شاربەدەری بکەن، یان دابڕانێکی

روحی، تەنانەت جەستەییشی بەسەردا بسەپێنن، یاخود تەنانەت تیرۆری جەستەیشی بکەن، ئەو کردەوەیەش لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بە پاڵەوانێتی و کارچاکی سەیر دەکرێت، چیتر ئەو کۆمەڵگەیە کائینێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ماشێنێکی زەبەلاحی بەرهەمهێنەری تیرۆرە.

لێرەدا تیرۆر یان روحی تیرۆر دەچێتە قۆناغێکی ترسناکەوە، چونکە لە روحی گروپ فروانتر بووەو بڵاوبۆتەوە بە روحی کۆمەڵگەدا، وەك پەتایەك کاتێك لەنێوان چەند کەسێکدا بڵاودەبێتەوە، گەر زووبنەبڕ نەکرێت، تەشەنە دەسەنێت و هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

کاتێکیش روحی تیرۆر نەوەیەك، یان زیاتری بەسەردا تێدەپەڕێت، ئیدی ئەو روحە دەبێتە کولتورێکی بەڵگە نەویست و ئاسایی، بەڵکو لەو کاتەدا نائاسایی ئەوەیە، کە مرۆڤێك لەسەر تەرزی تیرۆریستی بیرنەکاتەوە و رەفتار نەکات.

هەمیشە ئەو گەلانەی لەژێر دەستی سیستمە تۆتالیتارەکاندا پەروەردە دەکرێن، ئیدی تیرۆر لایان دەبێتە حاڵەتی سروشتیی ژیان، بۆ نموونە گەلی عێراق، کە چەند نەوەیەك لەژێر دەستی حوکمی تیرۆریستانەی بەعسدا بووە ئێستاش ناتوانێت لەو گیانە شەڕخوازییە رزگاری بێت کە لەو رژێمەدا وەریگرتووە.

بەڵام ئەوە هەر حوکمی بەعس نییە گیانی تیرۆری فێرکردووین، بەڵکو کولتوری ئایینی عیراقییەکان هەر لەسەرەتاوە، کولتوری پڕ تیرۆر بووە، شیعە و سوننە لە ماوەی مێژوویی خۆیاندا، هەمیشە گیانی تیرۆریان بەرامبەر یەك

بەرهەمهێناوە، هەربۆیە کاتێك سوننەیەك دەکوژرێت، بابای شیعە نەك بەلایەوە ئاساییە، بەڵکو پێیوایە ئەوە سوننەتێکی خوداییە کە دەبێت دوژمنەکانی (حوسەین) لەناوببرێن، بەوحسابەش کەسوننە تا ئێستا بە شوێنکەوتەی ئومەوییەکان دەزانن 1400ساڵ پێش ئێستا، کەواتە کوشتنی دوژمنانی حسێن تۆڵە سەندنەوەیە بۆ گیانی پاکی حوسێن. ئاخر شیعە تائیستاش لەدوعاکانیاندا دەڵێن (نەفرەت لە ئوممەتێك بێت کە خوێنی حسێنایان رشت) مەبەستییان لە سوننەیە، هەروەها گەر ناوی عومەر و عائیشە هات، دەبێت بڵێن (لەعنەتی خودایان لێبێت)، بێگومان ئەوانەش کە عومەر و عائیشەیان خۆشدەوێت هەر مەلعونن لای شیعە. لێرەوە دەبینین چۆن کەلتورێکی مەزهەبی لەڕێگەی عیبادەت و نزاکردنەوە، جارێکیتر مێژوویەکی 1400ساڵە دەژێنێتەوە، وەك ئەوەی رووداوەکان لە ئێستادا روویاندابێت و لەوێشەوە تیرۆر بەرهەمدێنێت. بە هەمانشێوە سوننە! ئەوان کاتێك لە زانستی فیقهیدا شیعە بە (رافیزە) و مورتەدێکی خوێن حەڵاڵ ناودەبەن، ئیدی لەم باکگراوندە فیقهییەوە تیرۆر پراکتیزە دەکرێت، بۆیە دەبینین رێکخراوێکی جیهانیی زانایانی سوننە (یەکێتی زانایانی ئیسلامیی جیهانی) کە بەحساب رەوتی ئیخوانی و کراوەن و هەزاران زانا لەخۆدەگرێت، بەرامبەر مزگەوتێکی سوتاوی سوننە، ئەویش ئاگر دەگرێت و چەندین بەیاننامە دەردەکات. کەچی بەرامبەر کوشتنی سەدان شیعەو تەقینەوەکانی پاریس ..... هتد بێدەنگی هەڵدەبژیرێت، بەڵکو پشتگیرییان دەکات، چونکە بێدەنگی لەوێدا مانای پشتگیری دەگەیەنێت.

لەم نمایەشەی نێوان شیعە و سوننە ویستم ئەوە بڵێم، کە چۆن کۆمەڵگە تیرۆر بەرهەمدینێت بەرامبەر غەیری خۆی؟

لە راستیدا ئـەوە سەرانی کۆمەڵگەن «بە تایبەتی زانایان و گروپە ئایینییەکان» گیانی تیرۆر دەچێنن لە ناخی خەڵکدا، نەك تەنیا رژێمە ئایدۆلۆژیەکان. ئەو زانایانەی هەر لەسەرەتاوە مەڵاشوی منداڵان بەترس و تۆقاندن هەڵدەدەنەوە، پاشانیش بە تەکفیر، تۆمەتی ئیرتیداد و چەندین ناوی تر پەکی ئیرادە و عەقڵی ئازاد دەخەن و گیانی تیرۆریش، لەهەمانکاتدا لەناو رەشەخەڵکەکەدا دەخرۆشێنن. مرۆڤی دیندار بیرناکاتەوە لەوەی پێیدەوترێت، بەڵکو لەسەرەتاوە عەقڵی خۆی رادەستی بەرامبەرەکەی کردووە، جائەو بەرامبەرە، یان شێخێکی تەریقەتە، یان رابەری حزبێکی ئاینییە، یاخود سەرکردەی گروپێکی تیرۆریستییە، یان مەلایەکی نەخوێندەوارە، کە لەژیانیدا لە دووتوێی کتێبە زەردەکان دەرنەچووە. ئەو زانایانەی کە باسی ئازادی دەکەیت، ئێستاش وادەزانن باسی فیقهی ئازادکردنی کۆیلە و کەنیزەك دەکـەی، وەك کەفارەتێك بۆئەوەی لە رۆژی رەمەزاندا جەماعەتیان کردووە، یان (زیهارت) کردووە یان پیاوێکت کوشتووە هتد... . ئەو ئازاد کردن بەوە تێگەیشتووە، نەك بە مانای مۆدێرنەی ئازادیی عەقڵ و روحی مرۆڤ.

کۆمەڵگە لێرەوە بەرهەمهێنەری تیرۆر دەبێت، لەبەرئەوە کاتێکیش تیرۆر دەبینێت ئەو بەلایەوە ئاسایی دەبێت، نادیە موراد ئەو کچە ئێزیدیەی ئازارەکانی خۆی و هاوڕێکانی بە دونیا گەیاند، وتی «کاتێك خەڵکی موسڵ ئێمەیان بردەوە ماڵەوە، دایکی ئەو سێ کوڕەی منیان بە کەنیزەك گرتبوو

وەك پاڵەوان سەیری کوڕەکانی دەکرد، ئەو بە منی دەوت ئێوە کافرن دەبێت، یان بکوژرێن، یان بە کەنیزەك بگیرێن!» لێرەدا دەبینین ژنێکی عەوامی موسوڵمان ئازاری کچۆڵەیەك چۆن دەخوێنێتەوە! مادەم ئەو لەسەر ئایینێکی ترە، کەواتە ئەو مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنیا کاڵایەکە بۆ کڕین، فرۆشتن و چێژبەخشین، ئیتر ئەو کەسوکاری کـوژراون و لەبەرچاوی خۆیدا دایك و باوك و براکانی سەربڕاون، یان گوللەباران کراون، ئەوە فەرمانی ئایینە و سروشتی شتەکان وادەخوازێت، لێرەدا تیرۆر دەبێتە ئەرکێکی ئایینی حاشاهەڵنەگر، نەك تەنیا لەلای چەکدارە تیرۆریستەکان، بەڵکو لەناو کۆمەڵگەش، کەواتە جڤاتیش بۆتە ئامێزەی (حاچنە)ی تیرۆر ئیدی لێرەوە ناتوانین بڵێین تیرۆریزم میوانێکی ناوەخت و ڕەزاقورسە، یان ڕووداوێکی کاتی نەشیاوە و بەسەردەچێت، بەڵکو تیرۆر خەیاڵگەی کۆمەڵگەی تەنیوە و بۆتە حەقیقەتێکی ئاینیی حاشا هەڵنەگر.

هەڵبەتە ئەو قسەیە تەنیا بۆ کۆمەڵگەی سوننە مەزهەب نییە، بەڵکو شیعەکانیش هەمان هەستییان هەیە بەرامبەر سوننەکان، لای ئەوانیش سوننە مەزهەب دەشێت بکوژرێت، یان بەکۆیلە و کەنیزەك بکرێت.

جڤات ئیدی لێرەوە تیرۆر هەناردە دەکات، ئاخر ئەو تەنیا دایەنگەیەك نییە بۆ تیرۆر، بەڵکو بەرهەمهێنەریشیەتی، سروشتی شتەکانیش وا دەخوازێت، کاتێك بەرهەمهێنان هاتەئاراوە، ئیدی هەناردەکردنیش دێتەئارا، چونکە ئەنجامی بەرهەمهێنان ئەوەیە، دەبێت کاڵاکە ساغ بکرێتەوە، کاتێکیش کاڵاکە زیاتر دەبێت لە پێداویستییەکانی ناوخۆیی، ئیتر

دەبێت هەناردەبکرێت، یاخود کاتێك لەناوخۆدا ئەو کاڵایە فرۆشی نابێت دەبێت، رەوانــەی دەرەوە بکرێت، بۆیە دەبینین تیرۆریستان لەهەموو قوڕنەکانی دونیای ئیسلامەوە روودەکەنە ئەو شوێنانەی کە باشترین مۆڵگەی تیرۆریان تێدایە، لەوێندەر تیرۆر رەواجی خۆی هەیە.

سەیربکە هەموو دونیای ئیسلام – بەسوننە و شیعەوە- بەجۆرێك لەجۆرەکان دایەنگەی تیرۆرن لەئێستادا، پاش ئەوەی گەراکانی ئیسلامی سیاسی ترەکین و گەشەیانکرد، ئیدی چەمکەکانی ئیسلامی کە لە زۆربەی کاتدا چەمکی ترۆرپەروەر و تیرۆرخوڵقێنەرن لەناو زۆرینەی کۆمەڵگە سوننەکاندا بوونەتە بەڵگەنەویست و چەمکی جەماوەری، وەك دژایەتیکردنی علمانییەت، عەقڵ، ئازادی و سەپاندنی فۆرمێکی تایبەت لە ئایین و رەوشت و ستایلێکی داخراوی ژیان. لەڕاپۆرتێکی بینراوی (بی بی سی)دا، باسی لەوەدەکرد، کاتێك پزیشك و تەندروستکاران لە پاکستان دەچوون بۆ ئەوەی مندالانی موسوڵمان بکوتن دژ بە ئیفلیجی، کەچی دایکان و باوکان بەگژیاندا دەچوونەوە، لەبەر دوو هۆکار، هەندێکیان دەیانوت خودا چی لەچارەی منداڵەکەمان نوسیبێت هەر ئەوەدەبێت، لەبەرئەوە دەرمانی گاور و بێدین بەکارناهێنین.! هەندێکی تر دەیانوت ئێمە منداڵی خۆمان ناخەینە بەردەست گاورە بێدینەکان ئەوانە دوژمنی ئێمەن منداڵەکانمان سەقەت دەکەن.

لێرەدا مەبەستم خاڵی دووەمە، بۆچی ئەوان پزیشکە بیانییەکان بەدوژمنی خۆیان دەزانن؟ ئەوە ئەو پەروەدەیەیە کە لەناو دونیای ئیسلامدا بەڕێوەدەچێت. راستە ئینگلیز

لەسەردەمێکدا هیندستانیان داگیرکردوە، بەڵام ئایا ئیدی ئەوە مانای وایە هەرچی بیانییە دوژمنی ئێمەیە؟

ئەم راپۆرتە هەر چەند باسی شتێکی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەکات، بەڵام تێماندەگەیەنێت کە سیستمی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی لەدونیای ئێمەدا چ سەقەتێکە. ئاخر ژنێکی نەخوێندەوار لەهیندستان کە لەدێیەکەی خۆیان زیاتری نەبینیووە، چۆن دەزانێت چاوشینێك دوژمنی ئەوە، لێرەدا یادگارییەکی منداڵیم بیردەکەوێتەوە، من خۆم منداڵێکی بزێو بووم، هەموو جارێك پوورم کە ژنێکی زۆر دینداربوو، کە لێم تووڕە دەبوو دەیوت: دانیشە هەی سورەی چاو کاڵ، بەخوا لە ئینگلیز دەچیت، تۆش وەك ئەوان ناچیتە بەهەشت، چونکە پێغەمبەر نەفرەتی لێکردوون. من لەو کاتەدا دەترسام، بەڵام ئێستا کاتێك بیردەکەمەوە، ئاخر کێ ئەوەی بە پیرەژنێکی نەخوێندەوار گەیاندوە، کە سورەی چاوکاڵ ناچنە بەهەشت چونکە کافرن؟ ئەمە ئەو ماشێنە زەبەلاحە ئاینییەیە، کە کار لەسەر بەرهەمهێنانی رق و تووڕەیی لەسەر هەموو (ئەوێکی تر) دەکات. بەرهەمهێنانی رق. ئەو پەروەردە رۆشنبیریەی ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر دەکات، هەمووی لەسەر بنچینەیەك هەڵدەچنرێت، کە ناویدەنێن تەرەفگیری بێبەریبوون ( الولاء، البراء).

ئیسلامی سیاسی مەسەلەی (الولاء، البراء)، بەشێویەکی زۆر بڵاو و بێسنور دێنێتەکایەوە و لەهەموو گەردیلەکانی ژیان موسوڵماندا دەیەوێت دای بکەوێنێت (اسقاط)، ئەو لەم پرسەدا مەبەستێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیای دونیایی هەیە، ئەویش ئەوە کە ئەندام، لایەنگران، هەواداران و

کۆمەڵگەش»ئەوانەی بەوتاری ئەوان کارتێکراون» ئیفلیج بکەن و پڕکێشی ئەوە نەکەن رۆژێك بیربکەنەوە لەوەی دەربچن لە پەرێزی گروپ و گوێڕایەڵی، یاخود بیر لەوە بکەنەوە کە کەس و گروپێکی تر هەبن لە گروپەکەی ئەم چاکتر، هەرچەندە ئەوەی بەرامبەر بە پێی زەمەن و مێژوو، واقیع ئەوەیشی سەلماندبێت، کە دەتوانێت زۆرباشتر دونیا ئاوەدان بکاتەوە و ئازادیش بدات، بەو و بە ویستی خۆی مومارەسەی ئاییندارى خۆی بکات.

بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی رق، پێویستە سەرەتا هەندێك لەبارەی عەقیدەی (الولاء والبراء)ـەوە قسە بکەین.

تەرەفگیری (الولاء)، بریتییە لە پشتگرتن، خۆشەویستی، رێزگرتن، بوون لەگەڵ خۆشەویستاندا. بێبەریبوونیش بە مانای : لێدورکەوتنەوە و دژایەتی پاش ئەوەی قسەی راستی پێدەگەیەنیت.

1-رووپامایيکردنی (موجامەلە) بۆیان و موداراتکردونیان.

2-بەگوێکردونیان لەوەدا دەیڵێن و مزگێنی پێدەدەن.

3-نزیکخستنەوەیان لە مەجلیسەکاندا.

4-راویژپێکردونیان لەکاروباری رۆژانەدا.

5-دانیشتن لەگەڵیان و سەردانیکردونیان.

6-رووگەشی لەگەڵیان و پێکەنین بۆیان

7-دڵنیابوون لێیان لەکاتێکدا خودا بە ناپاك ناویبردوون.

8-رێزگرتنیان بە گشتی.

9-ناوبردونیان بە نازونوزی گەورەکردن و رێزلێگرتن، وەك بەڕێز و گەورە و ئەم شتانە.

10-پشتیوانیکردونیان دژ بەموسوڵمانان و مەدحکردنیان و داکۆکی لێکردنیان.

11-بەکارهێنانی ساڵنامەی ئــەوان بە تایبەت ئەو ساڵنامانەی لەسەر بنچینەی بۆنە ئایینییەکان دامەزراون.

12-داوای لێخۆشبوون بۆیان، رەحمەت ناردن بۆیان.

ئەمە مانای (الولاء والبراء)، دەگرێتەوە.

**ئاماژەکانی بێبەریبوونیش(البراء) ئەمانەن:**

1-رقبوونەوە لە بێئیمانی ونیفاق و رقبوونەوە لە ئەهلی ئەو شتانە.

2-دەرچوون لە وڵاتی کوفر و سەفەر بۆنەکردنی، مەگەر لەبەر هۆیەکی پێویست نەبێت.

3-نابێت پشترگیری کافران بکات و مەدحیان بکات و دژبە موسوڵمان پشتیان بگرێت.

4-نابێت پشتییان پێببەستێت، یان بیانکاتە هەڵگری نهێنییەکانی خۆی و کاری گرنگییان پێ بسپێرێت.

5-نابێت لە ئاهەنگ و بۆنەکانی خۆشییاندا بەشدارییان بکات، یان پیرۆزباییان لێبکات.

6-نابێت داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات، یان رەحمەت بنێرێت بۆیان.

7-نابێت لە مەجلیسیاندا دابنیشێت و هاوڕێیەتیان بکات.

8-نابێت رووپامایی بکات بۆیان، یان موجامەلەیان بکات، یان موداراتیان بکات لەسەر حسابی ئایین.

9-نابێت دەستپێشخەربێت لەسڵاوکردندا، ئەگەر لەڕێگە پێیانگەیشت دەبێت تەنگەتاویان بکات.

ئەم بابەتە بە گشتی لای سەلەفیەتی کۆن (ئیبن تەیمییە) سەلەفیەتی نوێ (وەهابیەکان)، پاشانیش (سەلەفیەتی

جیهادی) و (ئیسلامی سیاسی) زۆر بەخەستی کاری لەسەر دەکرێت، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، هۆکارەکان و رەنگدانەواکان و ئەنجامەکانی خەستکردنەوەی ئەم پرەنسیپەیە بەگشتی لای ئیسلامیەکان.

**هۆکارەکان**

ئیسلامییەکان لە رێگەی خەستکردنەوەی ئەم بابەتەوە، دەیانەوێت زۆرترین سود ببەن، لەڕاستیدا ئاراستەی قسەکانی ئەوان کەمتر لە غەیرە دینەکانە - وەك کریستیان و جولەکە- ئەوەی ئەوان مەبەستیانە لە چڕکردنەوە پرسی (الولاء ،البراء)، تەکاندنەوەی خەڵکە دیندارەکەیە لەحزبە مەدەنییەکان و رێکخراوەکان و دەسەڵاتی سیاسی کە بە دڵی ئەوان نەبێت.

کاتێکیش باسی تەرەفگیری (الولاء)، دەکەن، دەیانەوێت بڵێن ئێمە ئیسلامی راستەقینەین و دەبێت هەر موسوڵمانێك خۆی بەڕاست دەزانێت پشتیوانی لە ئێمە بکات و ئینتیمامان بۆ بکات.

**رەنگدانەوەکانی بابەتی (الولاء والبراء)**

ئیسلامییەکان ئەم بابەتە بە زۆری لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بە کاردێنن، تاوەکو خەڵك دەنگ بە حزبەکانی تر دەدەن. لەڕاستیدا ئەوان بە هۆی نەبوونی پرۆژەی جدی و روون و نەبوونی دەستی ئاوەدانیان، ناتوانن بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن بۆ دونیا، بەڵکو بانگەشەی هەڵبژاردنی گەیبانی دەکەن، ئەوان دەڵێن ئەمە شاهیدیدانە بۆ قیامەت، لەکاتێکدا خەڵك لێرەدا خوا هەڵنابژێرن، بەڵکو

کەسانێك هەڵدەبژێرن، بۆئەوەی خزمەتییان بکەن، ئاوەدانی بژێوی ئازادی و کەرامەتییان بۆدابینکەن، بەڵام ئیسلامی سیاسی لەڕێگەی بانگەشەی ئایدیۆلژیا و غەیبانییەوە، دەیانەوێت خەڵك بتۆقێنن بەقیامەت و تووڕەیی خودا، گەر ئەوان دەنگ بدەن بە غەیری ئیسلامی.

ئەنجامەکانی (الولاء والبراء)

**-دەمارگیری بۆ گروپ**

**-بەرهەمهێنانی رق**

**دەمارگیری:** بەعادەت کاتێك ئەندامێك لەسەر ئەوە پەروەردەدەکەیت، کە تۆ نوێنەری راستەقینەی خودا و وتەبێژی دڵسۆزی خودایت و باشترین بەرجەستەکاری فەرمانە ئایینییەکانی. ئیتر ئەوە خۆی بەسە بۆئەوەی تۆ ئەندامێکی دەمارگیرو بیرتەسك بەرهەمبێنیت، کەسێك کە ئیدی نەپرسیار دەکات و نەپێویستی بە پرسیارکردنە، بەڵکو شەوان زۆر بە ئاسودەیی سەردەخاتە سەر سەرین و سێکس دەکات و دەخەوێت، هەر لەوانەیە ئەوەش یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە ئیسلامییەکان لەبواری سێکسکردنیشدا زۆر ئەکتیڤن. کەسی بێپرسیار بێخەمیشە، مێشکی ساف و دەروونی ئاسودەیە، لەبەرامبەردا کەسێکیت دەمارگیرەو ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك کەسێکی تر قبووڵبکات کە لەخۆی جیاواز تربێت، یان رایەکی تر پەسەند بکات، یاخود رەخنەیەك ببیستێت، بۆیە کاتێك کە رەخنەیەك لە ئایدیۆلۆژیاکەی ‹چەند سادەش بێت› دەگریت ئەو بەشێوەیەکی دڕندانەو زۆر نزم لە ئاستی رەوشتدا

وەڵامتدەداتەوە، ناکرێت نکۆڵیَ لەجوانی مانگەشەو و رووناکی خۆر بگیرێت، بە هەمانشێوەش ناکرێت رەخنە لە ئایدۆلژیای حەقیقەت نوێنەرانی خودا بگیرێت.

**بەرهەمهێنانی رق**

دیوی دووەمـی دەمارگیری، بریتییە لەبەرهەمهێنانی رق، چونکە هەرکاتێك دەمارگیریت هەبوو بۆ شتێك بەشێوەیەکی سروشتی رقت لە پێچەوانەکەیشی دەبێت، بۆ هەموو کەسێك ئایدۆلۆژی چەند دەمارگیر بێت، ئەوەندەش رقاوییە، ئەو لە ململانێدایە لەگەڵ هەموو دونیای دەرەوەی ئایدۆلۆژیاکەی خۆی، چونکە دەرەوەی ئایدۆلۆژیاکەی خۆی بریتییە لە درندەیی و نەزانی و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزو و پووچگەرایی، ئەو حەقیقەتەش زۆر بە سادەیی لەسەر زاری بانگخوزان، خەتیبەکان و لەدووتوێی نوسینە ئایدۆلۆژیەکانیاندا دەردەکەوێت، تۆژەر پێویستی بەخۆ ماندوکردن نییە بە گـەڕان بۆ زانینی ئەو راستییە، تەنیا ئەوەندەی بەسە گوێڕادێرێت بۆ چەند بانگخواز و خەتیبی ئیسلامی، ئەو کاتە هەموو شتێکی لا دەردەکەوێت.

**پێویستە رقمان لەکێ بێت:**

ئەم ناونیشانە یەکێکە لەو پرسە سەرەکیانەی لەناو ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیدا زۆر بە زەقی دەردەکەوێت. ئەوانەکێن کە دەبێت رقمان لێیان بێت:

من لێرەدا یەك پەرەگرافی نوسەری بەنناوبانگی ئیخوان موسلیمین (سعید حوی)، دێنمەوە، کە بەڕاشکاوانە وەڵامی ئەو پرسیارەمان زۆر بە کورتی دەداتەوە، ئەو دەڵێت (پێویستە

هەموو ئەمانەی خوارەوە لە رەگەوە هەڵکێشین و لە ناویان بەرین: هەرچی علمانیبێت، خوازیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەڵەت، شوعییەکان، بەعسییەکان، قادیانەییەکان، بابییەکان، بەهائییەکان، نەتەوەگەراکان. بێبەزەییانە و بێرەحم بین لەگەڵیان، لەوانەیە پێمانبڵێن ئەمان ئیرهابین، بەڵام بابیڵین).

**رق لەعلمانییەت:** پێشەکی دەبێت ئەوە بزانین، هیچ ئیسلامییەك نییە بزانێت علمانییەت چ مانایەك دەگەیەنێت، لای ئەوان علمانییەت مانای بەرەڵایی و بێدینی دەگەیەنێت، یان بابڵێین بەوشێوەیە هـــەواداران و شوێنکەوتوانیان تێدەگەیەنن، ئەوەش بۆئەوەیە کە بەهەموو شێوەیەك خەڵك لەوفەرهەنگە دووربکەوێتەوە، چونکە ئاشکرایە لە دونیای ئیسلامدا، پرسی رەوشت و ئایین دوو پرسی زۆر هەستیارن، تەنانەت لە پرسی نەتەوە و خێڵیش هەستیارترن، ئەوانیش زۆر بە دۆگمایی و دیمۆگیانە لەسەر ئەو دوو تەوەرە کاردەکەن، بێ ئەوەی لەخۆیان بپرسن، ئەرێ بەڕاست علمانییە ئەو مانایە دەگەیەنێت یان مانایتری هەیە، بەڵام گرفتی ئیسلام ئەوەیە کە هەموو بانگەشەیەك بۆ ئازادی مافی مرۆڤ و مافی مێینە وەك بانگەشەیەك بۆ بەرەڵایی و بەد رەوشتی ناودەنێن.

**رق لە دیموکراسیەت:** بەلای ئیسلامیەکانەوە – تەنانەت میانڕەوەکانیش تا ئەم دەیەی دوایی- دیموکراسیەت بریتییە لە شەریك دانان بۆ خودا، چونکە لەوێدا دەسەڵات لەخودا دەسەنرێتەوە و دەدرێت بە گەل. وەك ئەوەی خودا خۆی بێتە خوارەوە و حوکم بکات، ئەگەر دیموکراسییەت نەبوو.

ئەم تێگەیشتنە سەقەتە بۆ دیموکراسیەت لەوێوە

سەرچاوە دەگرێت، کە فکری ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتاوە لەسەردەستی ئیمام بەننا و قوتب، کە دادەمەزرێت بەشێوەیەکی ئایدۆلۆژی شمولی لە ئیسلام دەڕوانێت، سەید قوتب زۆر بە ئاشکرا سوکایەتی بە مرۆڤ دەکات و تەنیا بە مافی خودای دەزانێت، کە حوکم بکات، مەملەکەتی خودا دەبێت لەسەر زەوی دابمەزرێنێت.

ئیدی کە خودا هاتە ناوەوە پرسی دیموکراسیەت و ئیرادەی مرۆڤ سفر دەکرێتەوە و باسی نامێنێت. تێڕوانینی تۆتالیتاریزم بۆ مرۆڤ هەرئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناکامە (قاصر)ە، خۆی عەقڵی بەشت ناشکێت و پێویستە کەسانی تر چارەنوس و بژاردەکانی بۆ دیاریبکەن، ئەو کەسانەی تر لای مەدرەسەی نازیزم و مارکسیزم بریتیین لە سوپەرمانەکان و سەرکردەی ئەفسانە وەك هیتلەر، لینین و ماو، لای ئیسلامیەکانیش بریتین لە رابەر و ئیمام، مەترسی ئیسلامی لەوەدایە، کە ئیمام بە ناوی خۆی و مێژووە قسە ناکات، بەڵکو بە ناوی خودا و پەیامبەرەوە فەرمان دەردەکات. هەر بۆیە ناکرێت دیموکراسییەت لەگەڵ نوێنەرەکانی خودا باسبکرێت، بێگومان دەزانین هەموو سیستمە تۆتالیتارەکانی دونیا دژی دیموکراسیەتن (مەبەستم دیموکراسییەتی لیبرالیزمە).

هەر لێرەوە دەردەکەوێت، کە بە راستی ئیسلامی خۆیان بەنوێنەری خودا دەزانن، چونکە ئەوی دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست خودا خۆی نییە، بەڵکو ئەوانەن کە بوونەتە دەمڕاستی خودا، ئیدی ئەوان پێیان وایە غەیری خۆیان کەسێکی تر بۆی نییە دەسەڵاتداری بکات، چونکە ئەوانی تر هەڵگری سپۆنسەری خودا نین.

لێرەوە رقییان لەهەر پرسێك دەبێتەوە، کە ناوی دیموکراسییەتی پێوەبێت، چونکە دیموکراسیەت لە فەرهەنگدا بەتەواوی یەکسانە بە (شەیرك و هاوبەشدانان بۆ خودا).

لەڕاستیدا ئەو میانڕەوانەش وەك فەرهەنگ هەمان هەستیان بەرامبەر دیموکراسییەت هەیە، میانڕەوەکان کاتێك باسی دیموکراسییەت دەکەن، مەبەستیان تەکتیکە بۆ گەیشتنە دەسەڵات، واتە دیموکراسیەت وەك میکانیزمی هەڵبژاردن دەناسن، نەك وەك فەرهەنگی مامەڵەکردن لەدوای هەڵبژاردنیش.

**رق لە خۆرئاوا**

بێگومان هەستیاری ئیسلامی بەرامبەر خۆرئاوا، بیانوی خۆی هەیە، بە هۆی ئەو کولتورە ئیمپریالیزمییەی دیویانە، ئەمە بێجگە لە مێژووی جەنگی خاچدارەکاندا، بەڵام گرفتی ئیسلامی ئەوەیە، ئەو رکابەرییەیان کردۆتە رکابەرییەکی ئایدۆلۆژیایی ئایینی، لەکاتێکدا جەنگی دونیای سەرمایەداری بە زۆری جەنگێکی ئابوریە بۆ داگیرکردنی سەرچاوەکانی کانزا، نەوت و ئابوری.

ئیسلامییەکان جەنگی کوفر و ئیمان بەرپادەکەن، ئەو جەنگەش هەم ئەبەدی و درێژخایەنە و هەم زۆر رق ئەستورە و بەقووڵایی ناخی کەسانی ئایدۆلۆژیدا دەچێتە خوارەوە، لەکاتێکدا ئەگەر جەنگەکە بخرێتە بواری دونیایی و ئابورییەوە، ئەوە نە ئەبەدی دەبێت، نە قووڵ دەبێت و نە رق ئەستور دەبێت، بەڵکو بواری سازش و رێککەوتنی دەبێت

و بیرچوونەوە و ڕێککەوتن بواری دەبێت، بەڵام کوفر و ئیمان چارەسەری نییە، تەنیا بە کەوتنی لایەنێکیان نەبێت، ئەوەش مەحاڵە.

ئەم رق ئەستوریەش کاتێك لەناخی کۆمەڵگەدا دەچێنرێت، ئیدی جەنگەکە فراوانتر دەبێت و ئەو تیرۆرەی دەبینین لە خۆرئاوادا لەسەر دەستی موسوڵمان بەڕێوەدەچێت، ئەنجامی ئەو رقە دینییەیە، کە نوسینەکانی بەننا، قوتب و هاوبیرەکانیان قووڵیانکتردۆتەوە لەناخی ئیسلامیدا.

لەڕاستیدا قووڵکردنەوەی رقیش زیاتر پەیوەستە بە هەستی لاوازی پووچی دونیای ئیسلام، بەرامبەر شارستنێتی خۆرئاوا لەمرۆدا، ئەو نزمییەش دەبێتە هۆی ئەوەی موسوڵمان هەوڵبدات بەخۆ فووتێکردن و بڵاوکردنەوەی رق چارەسەری بکات.

ئـەوەی سەیرە تاوەکو ئێستاش ئیسلامی سیاسی و سەلەفی جەنگی خەیبەر و جەنگی رۆم زیندووە لە لایەن نەك وەك مێژوو، بەڵکو وەك واقیعێك، تەنانەت هەندێك لاوان هێندە لەو مێژوەدا ژیاون، وادەزانن ئەوان ئێستاش لەوێدا دەژیـن، بەجۆرێك هەست بەجۆرێك لە دابـڕان و پچڕان دەکەیت لە عەقڵیەتی ئەوان لەگەڵ واقیعدا، تەنانەت قسەش دەکەن زمانیان لە زمانی خەڵکی ئەو زەمانە دەچێت نەك ئێستا. هەر بۆیە ئێستاش بە شانازییەوە باس لە قڕکردنی قورەیزە و وەدەرنانی خەیبەر دەکـەن، ئەوەش لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ویسات جولەکە خاوەنی هێز و توانان و فەلەستینیان داگیرکردوە.

میکانیزمی رق یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی تیرۆری رەق (الارهاب الصلب) واتە پراکتیزەکردنی تیرۆر،

هەر بۆیە دەبینین پیری میانڕەوەکان (شێخ یوسف قەرەزاوی) فەتوا دەدات بە کوشتنی مەدەنی، سڤیل، منداڵی ئیسرائیلیەکانیش بەو حسابەی ئەوان داگیرکەرو جەنگین.

**رق لە دەسەڵات:**

هەموو رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتەکانیاندا بە دەسەڵاتێکی ناشەرعی دەزانن، چونکە لەسەر تەرزی بیرکردنەوەی ئەوان بۆ ئایین و دونیا دانەمەزراوە، ئەم تێزەش لەوێوە هاتوە، کە ئیسلامی سیاسی پێیانوایە تەنیا دەسەڵاتێکی شەرعی و شایستەی تەسلیمبوونی سیستمی خەلافەتە بەو شێوەیەی چوار خەلیفەکە ممارەسەیان کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش یۆتۆپیایەکیان بۆخۆیان خوڵقاندوە و وەك وەهمێك تێیدا دەژین. ئەوان تەنانەت معاویەش بە خەلیفەی سەعی نازانن، بەڵام کاتێك باسی رووخاندنی سەڵتەنەتی عوسمانی دەکەن، سەیردەکەین مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە، وەك ئەوەی تەنیا دوا خەلیفەی عوسمانی فریشتەیەك بووبێت و شەڕانگێزەکانی ئیمپریالیزم رووخاندبێتیان. ئەم پارادۆکسە دیاردەیەکی سەیرە.

بە هەرحاڵ.. بۆیە دەبینین ئیسلامیەکان هەموو دەسەڵاتەکان بە ناشەرعی و بەکرێگیراوی کوفر دەزانن بۆ ئەوەی دونیای ئیسلام وێران و پارچە پارچە بکەن.

ئەو شەیتاندنی دەسەڵاتە (بەشەیتانکردنی) لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە بۆ ئەوەیە، شەرعیەت بدەنە بوونی خۆیان و هەموو ئەو دژایەتیەی دەیکەن دژ بە دەسەڵات. لێرەوە دەبینین روحی تیرۆر هەڵدەکشێت دژ بە دەسەڵاتێك،

کە داگیرکەری مافی خوداوەندە، ئەو خودایەی کە ئەمانی کردووە بۆ سەربازی خۆی، بۆئەوەی مافەکەی بۆ وەربگرنەوە.

کاتێکیش دەسەڵاتی سیاسی ناشەرعی بێت، کەواتە هەموو دەزگاکانیشی ناشەرعین و حوکم بە بەرنامەیەك دەکەن کە خودا نەیناردووە، بۆیە دژایەتیکردنی دەسەڵات و دام و دەزگاکانی دەسەڵات جیهادێکی شەرعی و ئەرکێکی ئاینییە، چونکە دەبێت کلکەکانی ئیمپریالیزم، کە ئەرکییان رووخاندنی ئیسلامە لەناوەوە ببڕدرێن.

ئەم مەنهەجە تەنیا مەنهەجی توندڕەوەکان نییە، بەڵکو هەرە رەوتی ئیسلامی میانڕەو لەناو خۆیدا بەو شێوەیەیە تەڵقینی ئەندامانی خـۆی دەکــات، ئــەوەی لە دەرەوە دەوترێت، جیاوازە لەوەی لە ناوخۆدا و بۆ پەروەردەکردنی ئەندام دەوترێتەوە.

بێگومان هەرکاتێك ئەندامان بەو شێوازە پەروەردەکران، هەمیشە پڕدەبن لەڕق بەرامبەر دەســەڵات و چاوەڕێی هەلێکن بۆ زەبر وەشاندن لێی، یاخود بەلایەنی کەمەوە خۆشحاڵ دەبن بە ئازاردانی ئەو دەسەڵاتە گەر کەسیتریش بیکات.

دژایەتی گەورەی ئیسلامییەکان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی وەك سوپاو هێزەکانی ناوخۆ، چونکە ئەوان رێگرن لەوەی بتوانن بەهێز دەسەڵات داگیربکەن، ئەوەی سەیرە ئیخوان موسلیمین خۆیان پێشڕە و بوون لە دزەکردن بۆ ناو سوپا و ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لەڕێگەی هێزەکانی سوپاوە دژ بە دەسەڵات، ئەوان لە یەمەن (1948) بەشداربوون لە کودەتاکردن بەسەر (ئیمام یەحیا)دا، سوڵی (1952) ئەوان

بوون لەگەڵ ئەفسەرانی ئازادیخواز (محمد نجیب و جمال عەبدولناسر) کودەتایان ئەنجامدا، هەر ئەوانیش بوون (1989) پشتیوانییان لە کودەتاکەی عمر ئەلبەشیر کرد بەسەر حکومەتێکی مەدەنی شەرعی هەڵبژێردراودا ( الصادق المهدی).

ئەوەش پارادۆکسێکی گەورەی ئیسلامی میانڕەوە، ئەو لە رواڵەتدا مەدەنییە و هەوڵدەدات لەگەڵ پرەنسیپەکانی مەدەنییەت و حکومەتی مەدەنیدا هەڵبکات، کەچی پـــەروەردەی ئەندامەکانی هەمان مەنهەجی رەوتـە توندڕەوەکانە لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی و چاوشارکێ لەگەڵ دەسەڵاتدا. هەر بۆ نموونە ئیخوان موسلیمین لەکاتی دەسەڵاتیشدا هەر نەیاندەتوانی خۆیان بکەنەوە و وەك کۆمەڵێکی مەدەنی مامەڵە بکەن، بەڵکو هەر بە داخرواى و ئاڵۆزی مانەوە، ئەوەش هەمیشە بازنەی گومان بەدەوریاندا فراواندەکات و رووبەڕوی هێرشی بەرانبەریان دەکاتەوە.

ئەم رقە لەدەسەڵات و دامودەزگاکانی، پاشان تیرۆری رەق بەرهەمدێنێت و دەبینێت بابای تیرۆریست زۆر بە ئارامی لە بەربانگی رەمەزاندا دێت و لەکاتی رۆژوو شکاندنی سەربازەکاندا، هەموویان سەردەبڕێت، بیانوشی بۆ ئەو کوشتنە ئەوەیە، کە ئەوانە هەرچەند بەڕۆژوون، بەڵام خزمەتی دەسەڵاتێکی علمانی دەکەن، لەبەرئەوە کوشتنیان جیهادە!

ئەوەی سەیرە ئیخوان کاتێك خۆیان لە دەسەڵاتدا بوون ئەو کارەیان بە تیرۆر ناودەبرد، بەڵام پاش ئەوەی لە دەسەڵات

لابران، ئێستا هەمان کاری تیرۆریستی بە جیهاد و(مقاومە) نـاودەبـەن، بـەڵام دەبێت بپرسین ئـەوە کێیە کەلتوری دژایەتیکردنی سوپاو دامودەزگاکانی دەوڵەتی بڵاوکردەوە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان، کە لە بەشێکی تردا باسیدەکەم.

کاتێك دەبینین هێزەکانی ئەنسارولئیسلام کە لەناو دڵی بزوتنەوە دەردێن، دەچن لە خێڵی حەمە زۆر بە هێمنی و ئارامی چەندین پێشمەرگە سەردەبڕن وەك غەزای بەدر، ئیدی دەبێت بزانین پــەرەوەردەی ئیسلامی سیاسی کێ بەرهەمدێنێت.

ئەوە ئاشکرایە تەرازوی ئیسلامی سیاسی، بریتی نییە لە شەرعیەتی ئایینی، بەڵکو بریتییە لە شەرعیەتی ئایدۆلۆژی و حزبی، بۆ نموونە ئیخوان موسلمین و هەموو ئیسلامییە جیهادیەکانی تر، سعودیە بە وڵاتێکی ئیسلامی نازانن، هەرچەندە بە تـەواوی شەریعەت پیادەدەکات، ئەوەش چونکە سعودیە بە ئارەزوی ئەوان ناجوڵێتەوە و ناهێڵێت بوونیان هەبێت لەو وڵاتەدا، کەچی دوعا بۆ ئەردۆگان دەکەن، کە هیچ مۆرکێکی ئیسلامی پێوە نییە، تەنیا لەبەرئەوەی پشتیوانی لە ئیخوان دەکات.

کەواتە شەرع و شەرعیەت دەبێت بە تەرازوی گروپ بێت، نەك شەرع وەك خۆی، ئێستاش دەبینین قاعیدە و داعش، کە دەزانین داعش راستەوخۆ لە هەناوی قاعیدەوە دێتەدەر، کەچی یەکدی تەکفیر دەکەن و لە یەکتر دەکوژن. داعش و ئیخوانیش بە هەمانشێوە.

## رق لەهونەرو جوانی

هەموو شتێك لە ئایدیای ئیسلامی سەلەفی-سیاسیدا حەرامە، هونەر، گۆرانی، وێنە، پەیکەر، خۆپۆشینی جوان. سینەما، ئەدەب، تەنیا ئەو شتانە نەبێت، کە بە پێی پێوەرە تەسکەکانی ئەوان دەخـوات، بۆیە دەبینین هەمیشە ئەو عەقڵیەتە لە ململانێدایە لەگەڵ جوانییەکاندا، دژایەتیکردنی ئیسلامی بۆ بەهانە لەوە ئاشکراترە لێرەدا باسیبکەین. تێبینیمانکرد لەسەردەمی حوکمی ئیخواندا، پێش ئەوەی دادگای سەرانی گەندەڵی بکرێت، عادل ئیمام خرایە بەردەم دادگا، ئەو هێرش و پەلامارانەی دەکرایە سەر هونەرمەندان، بە هیچ شێوەیەك نەدەکرایە سەر گەندەڵکاران. داخستنی ئۆپێرای قاهیرە و راگرتنی هونەرە جوانەکان هتد هەمووی لەو ماوە کەمەدا روویدا. گەورەترین شەڕی ئیسلامی یان لەگەڵ مێینەدایە، یان لەگەڵ ئەدەب و هونەردایە. لێرەوە دەبینین ئەم رقە سەردەکێشێت بۆ تیرۆر و ترساندنی هەرکەسێك لەو بوارەدا وەك ئەوان بیرنەکاتەوە، ژنێك سەری رووت بێت بێ ئەخلاقە، پیاوێك لەگەڵ هاوژینەکەیدا دەربکەوێت دەیوسە. بێگومان تەشهیر پێکردن و تیرۆرکردنیشیان حەڵاڵە.

لێرەوە دەبینین ئیسلامی سیاسی بەرهەمهێنەری چ رقێکی گەورەیە، هەر ئەو رقەشە بەشێوەیەکی ئاسایی تیرۆر بەرهەم دێنێت.

## ئەنجامگیری

ئەم بابەتە یەك پەیام دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە لەڕاستیدا تیرۆری ئیسلامی کە لەمڕۆدا داعش بۆتە سیمبولی

ئەو تیرۆرە، شتێك نییە لە ئەنجامی داگیرکردنی عیراق، یان جەنگی سوریا، یان تەنانەت شەڕی ئەفغانستانیش بەرهەمهاتبێت، بەڵکو تیرۆری داعشیزم بەرهەمی نزیکەی یەك سەدە لە پـەروەردەی ئیسلامی سیاسییە کە ئیخوان رابەرایەتی دەکات.

هەر لەیەکەم ساتەوە کە ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی وەك ئایدۆلۆژیاییەکی تۆتالیتاری سەرانسەی دەردەکەوێت، لەگەڵ خۆیدا ڤایرۆسی تیرۆر هەڵدەگرێت و لە فەرهەنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و پەروەردەیی هەموو شتەکاندا بڵاویدەکاتەوە. ئەو فەرهەنگە لەسەر مینبەری مزگەوتەکان و لە خوێندنی قوتابخانەکان و لە دەزگاکانی بەناو خێرخوازی و لەناو حزبە ئاینییەکان و گروپە جیهادیەکان و مەدرەسە ئاینییەکان، نوسەر و بیرمەندەکانی ئیسلامی سیاسی و هتد خۆی نمایان دەکات، تاوەکو دەبێتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر، کە هەرکەس نکۆڵی لێبکات، ئیدی بێ سێ و دوو بە مورتەد، بێ دین، پیاوی غەرب و هەزار تاوانی تر تۆمەتباردەکرێت و لە کۆمەڵگەدا دەبێزرێنرێت و تانەو تەشەردەکرێت و بە لایەنی کەمەوە تیرۆری کەسایەتی دەکرێت.

کاتێکیش تیرۆرسازی کرا «واتـە تیرۆری نـەرم» بووە فەرهەنگی گروپ و جڤات، ئیتر هیچ پێویست ناکات بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین داعش لە کوێوە هات.

لە راستیدا دەرکەوتنی داعش تەنیا وروژێنەرێك بوو بۆ دەرکەوتنی رۆحی تیرۆر. دەنا گیانی داعش دەمێکە وەك جنۆکە چۆتە ناو لاشـەی هەر کەسێکەوە ئیسلامییەکان پەروەردەیانکردبێت، من ئەم راستییە وەك ئەزموونێك

باسدەکەم کە خۆم تێیدا ژیاوم ودەزانم داعش لەکوێدایە و چۆنە. هەربۆیە پێموایە داعش رۆڵەی شەرعیی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیە و تەنیا جیـاوازیـان لە تەوقیت و میکانیزمدایە.

## رەگەکانی تیرۆری ئیسلامی لەمێژووی هاوچەرخدا

بەدرێژایی مێژووی جیهان و ئیسلامیش، هێندەی ئەم چەند ساڵەی رابـوردوو پرسی تیرۆر باسنەکراوەو نەبۆتە جێگەی مەترسی. لەکاتێکدا دونیا بە هێواشی هەنگاوی بەرەو کەناری ئارامی دەنا، کەچی لەو ساتەوەختەدا تەقینەوەی تیرۆری ئیسلامی، هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و خەونی ئاشتییەکی سەرانسەری لە گۆڕنا. هەڵبەتە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی نیویۆرك دەکرێت وەك سیمبولی دەسپێك و ورووژانـی تیرۆر دەستنیشانبکەین، ئەویش وەك خاڵێکی ناسینەوە، تاکو بتوانین کاری لەسەربکەین. لەو ساتەوەختەوە تاکو ئەمڕۆش دیاردەی تیرۆر بۆتە مۆرکی بێرکابەری دونیای ئیسلام، ئێستا لەسەرانسەری دونیادا کاتێك باسی ئیسلام دەکەیت، وەك ئەوە وایە باسی تیرۆربکەیت. کاتێکیش باسی ئیسلام دەکەیت، یەکسەر زەینی خەڵك بە لای تیرۆردا دەچێت.

ئەمە لەکاتێکدا لە رابوردوودا موسوڵمانی ئاسایی هەر بە کەسێکی ئاشتیخواز و موحافیزەکار ناسرابوو، نەیدەزانی شۆڕش و توندوتیژی چ مانایەك دەگەیەنێت. دەکرێت بڵێین بە درێژایی مێژووی ئیسلام و موسوڵمان دژ بە توندوتیژی

جەماری بووە و شۆڕشکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی، نەك هەر بێزراو بووە، بەڵکو حەرامیش بووە، کەسێك دژ بە دەسەڵات چەك بەرزبکاتەوە، راستە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی زەبر و زەنگیان، چ وەك ناوخۆ چ دەرەکی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو زەبر و زەنگە، وەك تیرۆر نەبووە، بەڵکو یان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و یەکپارچەیی دەوڵەت بووە، یان بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕە و بوو. ئەمما موسڵمانێتی خەڵك لای ئەوان پابەندبوون بووە بە ئەخلاقەکان و پەرستنەکان و پارێزگاریکردن لە داب ونەریتی کۆمەڵگە.

ئـەوەی لە مێژووی ئیسلامدا ناسرابێت وەك شۆڕشی چەکداری و تیرۆر و نهێنکاری تەنیا ئیسماعیلیەکان بوون، کە بە(حەشاشەکان) دەناسران و هەندێك گروپی تر، کە بەزۆری لە دەرەوەی بازنەی ئەهلی سوننەت حسابکراون.

دەرکەوتنی کاری چەکداری وەك دیاردەیەکی رێکخراو لەسەردەمی نوێدا، وەك ئەوە گروپێك بێن و بیانەوێت جارێکیتر فتوحات بکەن و بەناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی راستەوە هێز بەکاربێنن و خەڵکیش لەو پێناوەدا بە ناوی تەکفیرکردن و لادانیان لە دین بکوژن.

### وەهابیزم مێژوویەك لەخوێن

دەتوانین سەرەتاکانی دەرکەوتنی تیرۆر و توندو تیژی لەسەردەمی نوێدا، لە دەرکەوتنی وەهابیەکانەوە تۆماربکەین. وەهابیزم لەنیوەی سەدەی هەژدەی زایینیدا دەردەکەوێت، لەسەر دەستی پیاوێك بەناوی محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب، کە لە راستیدا وەك زانایەك نەناسرابوو لەناو

زانایانی ئیسلامدا. محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب لە 1703ز دا لە ناوچەیەك بەناوی عیینە لەدایکبووە، پاش ئەوەی لە عیینە بە هۆی هەڵوێستە توندەکانییەوە دەردەکرێت، پەنا دەباتە بەر ناوچەیەکی تر کە پێیدەوترێت درعیە، لەوێ ئەو کەسەی کە بۆی دەگـەڕا دەیدۆزێتەوە، لەگەڵ شێخی ئەو تیرەیە یەکدەگرن، واتە هێزی چەکداری (محەمەد کوڕی سعود) لەگەڵ هێزی بانگەوازی محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب.

لێرەوە شمشێرێکی تیژ و قەڵەمێکی تیژتر لە شمشێر یەکدەگرن، ئەوان ئیدی دەستدەکەن بە بڵاوکردنەوە، بە ناو نیمچە دوورگەی عەرەبدا.

بـانـگـەوازی وەهـابـی هـەر لـەسـەرەتـاوە بە شمشێر دەستپێدەکات و لەڕێگەی توندو تیژی و تـیـرۆرەوە بانگەوازەکەی و مەزهەبەکەی بڵاودەکاتەوە، شمشێر و قەڵەمی ئیبن سعود و ئیبن عەبدولوەهاب، دەگەنە کوێت و کەربەلا و بەسرا و بەغداد و تەنانەت سوریاش.

ئەوان بە پێی مەزهەبی وەهابیی خۆیان هەر شوێنێك بۆی دەچن بە یاخیبوو لە دین حسابیان دەکەن و کوشتن، و بڕین، تاڵان و بڕۆیان دەکەن و کەنیزەکیش دەگرن، بەڵام پاش ساڵی 1803 کاتێك بە فەرمانی خەلیفەی عوسمانی، سوڵتان ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەلی پاشا والی میسر شاڵاوێکیان بۆدێنێت و نیو دورگـەی عـەرەب جارێکیتر دەگرێتەوە و درعیەش تەخت دەکـات. لێرەدا دەوڵەتی یەکەمی سعودی کۆتایی پێدێت، بەڵام بانگەوازی وەهابیەت و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئالسعود بـەردەوام دەبێت، تا جارێکی تر لە سەدەی بیستەمدا سەرهەڵدەداتەوە.

**ناودارترین ئەو داگیرکردنانەی لەو کاتەدا کردوویانە:**

-ساڵی 1212 کۆچی پەلاماری خۆرهەڵاتی شامیان داو کوشتاور و تاڵانییەکی زۆریان لێکردن. دەڵێن 5000 سەر حوشتریان تاڵانکردووە، بێجگە لە تاڵانکردنی هەموو دوکان، ماڵات و سامانەکانیان، لەم ماڵە لە پێنج بەش چوار بەشی بۆ جەنگاوەرەکان و بەشێکیش بۆ ئال سعوود بوو.

-ساڵی 1216 کۆچی پەلاماری کەربەلایان داو زۆربەی خەڵکەکەیان کوشت و گۆڕی حوسێنیان هەڵتەکاندو گومبەزە برۆنزەکەیان رووخاندو بە تاڵانی بردیان، کە هەموو زمڕود و یاقووت بوو.

-ساڵی 1217 کۆچی پەلاماری تائیفیان داو زیاتر لە دووسەد کەسیان لێکوشتن، هێندەیان تاڵانی گرت بۆیان هەڵنەدەگیرا.

- لە ساڵی 1217 کۆچی پەلاماری مەککەیاندا.

- لە ساڵی 1220 پەلاماری مەدینەیاندا.

- لە ساڵی 1220 جارێکیتر پەلاماری نەجەفیاندا.

- 1222 پەلاماری بەسرەیان داو کاولیانکردو تاڵانی بێسنوریان کرد.

- 1222 پەلاماری عومانیان داو کوشتارێکی زۆریان لێکردن.

**دەرکەوتنەوەی وەهابیزم لەگەڵ سەردەمی نوێدا**

عەبدولعەزیز کوڕی سعود لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، جارێکی تر سەریهەڵدا و کۆمەڵێك لە پیاوانی خۆیان و وەهابیەکان و بیابانشینەکان شوێنیکەوتن، جارێکی

تر ئەو لە جزیرەدا توانی جێپێیەك بۆ بنەماڵەكەی بكاتەوە بە پاڵپشتی وەهابییەكان.

پـاش ئــەوەش كە ئیتر توانیی ریــاز (الــریــاض) بكاتە پایتەختی خۆی، زۆرینەی هەوادارانی بیاباننشینی ئالسعود هاتن و لە دەوری ریاز لەجیاتی بیاباننشینی ویستیان ببنە ئەهلی نیشتەجێبوون، بۆیە عەبدولعەزیزیش یارمەتیدان و چەندین ئۆردوگای (هجر) بۆ بنیاتنان و فێری كشتوكاڵی كردن و بانگخواز و كەسانی وای بۆناردن، كە فێری مەزهەبی وەهابییان بكات. هەر لەو ئۆردوگایانەدا ئەوانە دەژیان كە خۆیان ناونابوو(اخوان فی طاعە اللە)، ئەوان ژیانێكی سەخت و وشك دەژیان و هەمیشە ئامادەبوون بۆ جەنگ و كوشتار بەناوی جیهادەوە. ئەو خەڵكانە هێند توندبوون، تەنانەت عەبدولعەزیزیش بەلایانەوە باش نەبوو، وەهابیەكان ئەو ئەركەیان ناونابوو گێڕانەوەی بیاباننشینەكان بۆناو ئیسلام، ئەوەش هەنگاوێكی سەرەتایی ئیبن سعود بوو، بۆئەوەی بیانكاتە پێشەنگی سوپاكەی، چونكە وشكی و زبری بیابانشین لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەكی ئایینی توند، بێگومان لەشكرێكی بەهێز پێكدینێت، ئەوان فێردەكران كە جیهاد گەورەترین ئەركە، بۆئەوەی خودا لێیان رازی بێت، ئەوان بە بۆنی بەهەشت و حۆرییەكان و رووبارەكانی بەهەشت مەست ببوون، هەروەها سەرۆك خێڵەكان بانگدەكران بۆ ریاز و لەوێندەر دەرسی وەهابیەتییان پێدەوترایەوە. ئەوەی تێبینیدەكرێت ئۆردوگاكان ناونراون (هجر) وەك ئەوەی دار الهجرە بێت، ئەوان لە دارالكفر كۆچیان كردبێت بۆدار الاسلام.

(اخوان فی طاعه الله) خۆیان تەرخانکردبوو بۆ جیهاد، ئەوان لەناو خۆیان بە پارێزەری ئیسلام و پیادەکردنی دەزانی خەڵکدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی وشك و زبریش ئامادە بوو بۆ کوشتن.

توندو تیژی ئیخوانی هەجەر هێند زۆر بوو، تەنانەت ئەو وەهابیانەشیان پەسەندنەبوو، کە لە بیاباندا مابوونەوە، بەو حسابەی کە ئەوان وەك ئەعراب ماونەوتەوە و کۆچیان نەکردووە بۆ دارالاسلام، بۆیە تەنانەت هێرشیان دەکردە سەر ئەوانیش، ئەوان و ئەعرابەکانی تریش هەموویان بەلای ئەوانەوە بێدین بوون و پەلامار، کوشتن و بڕینیان ڕەوا بوو.

توندڕەوی ئیخوان هێند تۆخبوو، هێند لە ئاستی خۆیان سەریانکردبوو، تەنانەت ئیبن سعودیشیان بەلادەر دەزانی.

ئەوان وایاندەزانی ئەوەی موسوڵمان بێت و لە بیابانەوە کۆچ نەکات بۆناو ئۆردوگاکانی ئەوان، ئیسلامەکەی تەواو نییە و دەبێت کوشتاری بکرێت تاوەکو دێتە ناویان، لەمەشدا شوێن نوسراوەکانی محەمەد بن عەبدولوەهاب دەکەوتن سەبارەت بە کۆچکردن.

لەڕاستیدا بە خوێندنەوەی مێژووی ئیخوانی ئیبن سعود، کتومت داعشی ئێستا دەبینیتەوە، بەڵام لە نیوە دورگەی عەرەب و بە چەکی سادەتر، بەڵام هەمان عەقڵیەت و هەمان دەستخوێناوی و هەمان عەقڵیەتی تەسك.

خوێنڕێژی ئیخوان هێندە گەورەبوو، ئەوە بەسە بزانین لەیەك پەلاماری سوپاکەی شەریف عەبدوڵڵادا سەدانیان پاش دەستگیرکردن سەربڕی، لەکاتێکدا هەردوولا هەر موسوڵمان بوون، بەڵام ئەوانی تر وەهابی نەبوون. یەکێك لە شاهیدەکان

که لەو قەسابخانەیە رزگاری ببوو، دەگێڕێتەوە کە جۆگەلەی خوێن بەنێوان دارخورماکاندا رێچکەی گرتبوو، ئەو شاهیدە دەڵێت لاشەی کوژراوەکان وەك گردێك هەڵدەدرایەوە، ئەوەی سەیربوو ئیخوانەکان بە بەرگی خوێناویەوە دەچوونە مزگەوت و نوێژیان دەکرد و دەگەڕانەوە بۆ کوشتنی سەربازەکانی شەریف عەبدوڵڵا، کە بەدیلگیرابوون.

**لێکچوونی ئیخوانی هەجەر و داعش:**

1-هەردوولا تەواو نەفامن بە ئایین، سادە، بێ زانست و عەقڵن.

2-هەردوولا تەنیا گروپەکانی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، ئیدی خەڵکانی تر بێدین و لادراون لە ئایین.

3-هەردوولا ئارەزویەکی شێتانەیان هەیە بۆ کوشتن و خوێنڕشتن، لای ئەوان کوشتن بۆتە ئارەزویەك و پێوەی ئاڵودەبوون.

ئەوەی جێی تێڕامانە لەو کاتەدا، وەهابیەکان خەلافەتی عوسمانیشیان بە کافر دەزانی، لەنامەیەکدا کە ئیبن سعود لە وەڵامی والی بەغداد نوسیوێتی داوای سوڵحی لێدەکات، ئیبن سعود دەڵێت: سوڵح چۆن لەنێوان کافر و موسوڵماندا دەکرێت، نێوان ئێمە و ئێوە تەنیا شمشێرە و هیچی تر، دەبێت هەموو بکوژرێن، چونکە ئێوە کافرن.

کەواتە مەسەلەی توندڕەوی لە ئاستی خەلیفایەتیشدا راناوەستێت و ئەوەی ئێستا باسیدەکەن لە گێڕانەوەی خەلافەت تەنیا گەڵتەجاڕییەکە و بەردەوامیدانە بە خولیای کوشتن، دەنا گەر خەلیفەش زیندوبێتەوە، ئەوان هەر بیانوی

خۆیان دەبێت بۆ کوشتار، ئەوەتا دەبینین لە پاشاندا ئیخوانی هەجەر، لە ئیبن سعودیش هەڵدەگەڕێنەوە کە ئیمامیانە، تەنیا لەبەرئەوەی هەندێك دەستی گێڕاوەتەوە لەخوێنڕشتن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، ئیبن سعود لە بنیاتنانی دەوڵەتی سعودی و تێکشکاندنی دوژمنەکانیدا، تەواو پشتی بە ئیخوان بەستبوو، هەر ئەوانیش پایەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی سعودی بوون، بەڵام بێگومان دەوڵەتداری و پەیوەندییە دەرەکییەکان، سیاسەت و دیپلۆماسیەتی دەوێت، کە بە عەقڵی ئەواندا نەدەچوو، ئیبن سعود ناچاربوو لەگەڵ ئینگلیز مامەڵە بکات، لەگەڵ غەیری ئیخوان واتە بیابانشینەکاندا نەرم بێت، ئەوەش بەلای ئیخوانەوە جێگەی قبووڵ نەبوو، بۆیە لەگەڵ ئیبن سعوددا کەوتنە قەیران و بارگرژییەوە، یەکێك لە سەرکردەکانی ئیخوان نامەیەك بۆ ئیبن سعود دەنێرێت، تیایدا دەڵێت: (ئێوە ڕێگریم لێدەکەن کە هێرش بکەمە سەر خێڵەکییەکان، بەمەش ئێستا نە موسوڵمانین جەنگ دژی کافران بکەین، نە عەرەبی خێڵەکیین پەلاماری یەکتر بدەین بۆ ئەوەی بژیین، ئێوە لە دین و دونیاتان کردین)، لەم نامەیەوە تەواو ڕوونە ئەوان غەیری خۆیان بە کافر زانیوە و بناغەی بژێویشیان لەسەر شەڕ، پەلامار و تاڵانکردن بووە بە ناوی غەزاوە، لەهەمانکاتدا کاتێك ئیبن سعود ڕێگرییان لێدەکات، لەوێش هەڵدەگەڕێنەوە.

حاڵی ئیخوان گەیشتە پلەیەك کە پەلاماری کاروانی بازرگانیی نەجدییەکان بدەن ‹کە ڕەعیەتی ئیبن سعود بوون› و هەموویان سەربڕین و تاڵانیانکردن. لێرەوە ئیبن سعود بیانوی بۆ دروستبوو، کە ناکرێت لەو گروپە توندڕەوە بێدەنگ بێت، بۆیە کەوتە پاکتاوکردونیان و پاش چەندین ڕووبەڕوبوونەوە لەناوی بردن.

له راستیدا ئیبن سعود تەنیا وەك بەرهەڵستکاری خۆی ئیخوانی هەجەرەکانی دامرکاندەوە، بەڵام عەقڵیەتی ئیخوان، واتە مەزهەبی وەهابی، بە توندترین شێوە بووە مەزهەبی رەسمی وڵات، بەڵام ئەو مەزهەبە ئیدی نەدەبوو دژی بنەماڵەی سعودی چەك بەرزبکەنەوە، بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی لەنێوان هەردوولا هەبوو، تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، ئالسعود ئەهلی دەسەڵات و شمشێرن و ئال عەبدولوەهابیش ئەهلی مەزهەب و فەتوان، واتە دەسەڵاتی ئایینی بە دەستی ئال عەبدولوەهابە. کە پێیاندەوترێت (ئال ئەلشێخ).

ئالسعودو عەبدولوەهاب لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سعودیە و دەرکەوتنی پترۆڵ، مەزهەبی وەهابییان وەك چەکێکی گرنگ بۆ پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی رەهای بنەماڵە بەکارهێنا. لە دەریشەوە دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی وەهابی، وەك پشتێنەیەکی ئەمنی ستراتیژی بۆ پاڵپشتیکردن لە دەسەڵاتی ئالسعود.

مەزهەبی سەلەفیەتی وەهابی هێزی خۆی لەو شێوازە سادەیە وەردەگرێت، کە خۆی پێ نمایشدەکات، بەڵام بە هاوکاری و زەبری ئەو پترۆ دۆلارەی لەسەرەتای دامەزارندنییەوە، بۆتە پاڵپشتێکی گەورە بۆیان، بەشێوەیەك لەگەڵ ئینگلیزدا ئالسعود هاوپەیمانێتییەکی تری ستراتیژییان هەیە، کە ئەوان ئەم بپارێزن و ئەویش ئەمان بکاتە ژەنەراڵی نەوت لە دونیادا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرهەڵدانی دەوڵەتی سعودیە بە سەرەتایەك دابنێین بۆ سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی. هەر ئەو تەرزە بیرکردنەوەیەش دەگوێزرێتەوە بۆ ئیسلامیەکان لە هەموو دونیادا، بەڵام بە شێوازی جیاوازتر.

## سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین

سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین لە میسر ساڵی 1928، چەندین هۆکاری بابەتی، مێژوویی و خودیی هەیە، کە لە شوێنی تردا باسمانکردووە، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە باس بکەم کە ئیخوان موسلیمین لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، لەبەر چەندین هۆکار کەوتۆتە ژێر کاریگەریی مەنهەجی سەلەفی وەهابییەوە، بەڵام بەو شێوازە نا کە بڵێین کۆپیکراوی مەنهەجی سەلەفییە، شێخ حەسەن بەننا ( 1928-1949ز) لە بەشێکی بانگەوازەکەیدا، هەوڵیداوە مەنهەجی سەلەفی بگرێتەبەر، تاوەکو بتوانێت روحێکی سەلەفیانە بدات بە گروپەکەی، بە مەش بتوانێت زیاترین ئەندام لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام هەر ئەو روحەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی گیانی توندڕەوی و داخران لە ناو کۆمەڵەکەیدا.

هەر لەسەرەتاوە لێکچوونی ئیخوان موسلیمین و وەهابیزمی سعودی لەوێوە دەردەکەوێت، کە هەردووکیان خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی ئیسلام دەزانن و دەرەوەی خۆیان بە لادەر دەزانن، هەڵبەت جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان نیوە دوورگەی عەرەب ‹کە تا ئەو ساتەوەختەش لە دونیایەکی دابڕاو لە شارستانییەتدا دەژیان› لەگەڵ میسردا کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ ئەوروپادا› پاش داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە 1801ز›، لەوسەردەمەشدا واتە سەرەتای سەدەی بیست، ئیدی میسر نزیکبوو لەوەی وەك وڵاتێکی ئەوروپی مامەڵەبکات و بە تەواوی کرابۆوە بە سەر دونیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك

ئیخوان سەرهەڵدەدات، زۆر بە توندی دژی کرانەوەی میسر بەڕووی خۆرئاوادا دەوەستێتەوە و هەوڵی گەڕانەوەی دەدات بەرەو دواوە.

حەسەن بەننا لەژێر کاریگەری شێخ رەشید رەزادا، هەروەها لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی (شبان مسلمین)دا، کە ئەوانیش سەلەفیبوون، بەرەو سەلەفیەتی وەهابی هەنگاوی نا، هەرچەند هەنگاوەکانی گەورە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵەکەی دانا، واتە عەقڵیەتی سەلەفیئامێزو توندڕەوی، بووە هەوێنی گروپی ئیخوان، کە پاشان لە سەید قوتب و ئەوانی تردا زۆر بە خەستی رەنگدەداتەوە.

چالاکیەکانی ئـەو گەنجە وەك هێزێکی سەیر و بڵاوبوونەوە لەماوەی چەند ساڵێکدا، دەیان هەزار کەس لە دەوری ئیخوان کۆبوونەوە. حەسەن بەننا کە گەنجێکی چالاك و پڕ حەماسەتی دینداری بوو، لە هەنگاوێکەوە بەرەو هەنگاوێکی تازەتر دەچوو، ئەو لە پێشدا تەنیا کاری دەکرد لەسەر پرسە ئیمانی و ئەخلاقیەکان، بەڵام کاتێك ئەو هەموو گەنجە پڕ حەماسەت و خوێن گەرمەی بە دەوری خۆیدا بینی، بڕیاریدا ئیتر بچێتە ناو دونیای سیاسەتیشەوە تاوەکو رەنجی خۆی بۆخۆی بێت، نەك خەڵکی تر بیقۆزێتەوە. هەرچەندە چەندین شیکاری و راپۆرتی هەواڵگری هەن، کە پادشای میسر و ئینگلیز هاندەری ئیخوان موسلیمین بوون بۆ پەرەسەندونیان، تاوەکو بتوانن دژ بە حزبی وەفد بەکاریان بێنن، بەڵام خۆ ئەوان بەهەرشێوەیەك بێت، گەشەیان سەند، ئیتر خەریکبوو دەبوونە مەترسی بۆ ئینگلیز و کۆشکی پاشا.

بەننا خۆیشی بەو دووربینییەی هەیبوو، دەیزانی ئیتر ئەو کوڕە خۆشەویستە نابێت کە لەڕابووردودا هەبوو، بەڵکو ئەگەری زۆرە بکەوێتە بـەردەم هەڕەشەو مەترسیەکانی ئینگلیز و حکومەتی میسریش.

لـەڕاسـتـیـدا وەك لـە بابەتێکی تـردا باسمکردوە (تیرۆرسازی)، هەر لەسەرەتاوە وتاری حەسەن بەنناو شێوازی پەرەوەردەکردنی ئەو خوڵقێنەری کەسانێك بوو، کە هەردەم ئامادەبوون بۆ مەرگ بۆ جیهاد، پڕ لە حەماسەت و ئامادە بۆ هەر کارێك پێیان بسپێررێت، ئەو هەموو بارگاویکردنەش بە روحی حەماسەت لە خەباتی مەدەنیدا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو پێویستی بە بەتاڵکردنەوە هەیە لە بواری کردەییدا.

**بۆیە بەننا هەوڵدەدات دوو ستراتیژی بە کاربێنێت:**

**1-دروستکردنی تیمەکانی دیدەوانی.**

**2-دامەزراندنی رێکخراوەیەکی چەکداریی نهێنی بە ناوی (دەزگای تایبەت).**

**-دێدەوانی (کشافە).**

وەك بەننا خۆی دەڵێت «ئەوان کەشافەیان دروستکرد بۆ ئەوەی، کە وەك موجاهیدێك بژین و روحی عەسکەری لە شوێنکەوتواندا زیندوو بکەنەوە» کەشافە هێزێکی ریکخراوی رێگەپێدراو بوو لە میسردا لەو کاتەدا، بەڵام ئەوەی ئیخوان دەیانکرد، هەر بەنناو کەشافە بوو، لەڕاستیدا سوپایەکی رێکخراوی مەشقپێکراو بوون، وەك عبدالعظیم رمضان لە کتێبی(التنظیم السري)دا دەڵێت، کەشافەی ئیخوان لە ساڵی 948دا گەیشتبوونە 75000 ئەندام، ئەو کەشافانە هەمان

جلوبەرگ و دیزاینی فاشیەکانی ئیتالیایان لەبەردەکرد و هەموان گوێڕایەڵی وتوندوتۆڵییان پیادەدەکرد، ئەحمەد عادل کەمال دەڵێت: (کەشافە رووپۆشێکی ئێمەبوو بۆ خۆڕێکخستنی عەسکەری و شاردنەوەی حەقیقەتی دەزگای تایبەت).

وەك لە نوسراوەکانی ئیخوان موسلیمیندا هاتووە، مەبەست لە کەشافە پەروەردەکردنی گیانی سەربازییە، هەروەها پەرەوەردەکردنی جەستەیەکی وەرزشی پتەوە بە ناوی جیهادەوە، ئەو کەشافەیە ئامادەدەکران بۆ رۆژانێکی تایبەت.

دێدەوانی(کشافە) خۆی لەخۆیدا هیچ بوارێك نییە بۆ بەرهەمهێنانی توندو تیژی، بەڵکو میکانیزمێکی مەدەنیانەیە بۆ نمایشکردن وەك ڤیستیڤاڵیك، بەڵام کاتێك حەسەن بەننا بە کاریدێنێت ئەو بۆ مەبەستێکی تر سودی لێدەبینێت، وەك مەحمود عەبدولعەلیم دەڵێت ((لەوکاتەدا هیچ بوارێك نەبوو، بۆئەوەی ئیخوان بتوانن مەشقی سەربازی و خۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد بکەن، تەنیا لەو دەلاقەیەوە نەبێت، کە بوارێکی یاسایی بوو ئیخوانیش لە پەنای ئەو بوارە یاساییەدا کاری خۆیان ئەنجامدەدا. ئەو (عەبدولحەلیم ) بە ئاشکرا دەڵێت کە ئێمە (ئیخوان) مەسەلەی کەشافەمان دەقۆستەوە بۆخۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد.

### رێکخستنی تایبەت:

بەڵام وادیارە کەشافە بە تایبەت تموحاتی بەننا پڕ ناکاتەوە و ترسەکانی نارەوێنێتەوە، بۆیە بیر لە شتێکی تر دەکاتەوە، کە

نهێنی و چەکداربێت، ئەوەش لە پێناوی پاراستنی بانگەوازەکە و گروپەکەیدا ، ئەو راستییە لە لایەن مەحمود عەبدولحەلیم پشتڕاستکراوەتەوە. لەڕاستیدا شێخ بەننا لە مەسەلەی کاری نهێنیدا، هەمیشە لێزانبووە وەك باسدەکرێت، تەنانەت نزیکترین کەسەکانیشی پەییان بەکارە نهێنییەکانی نەبردووە، بۆ نموونە رێکخستنی تایبەت تاکو بەرێکەوت کەشف نەبوو، تەنانەت ئەندامانی مەکتەب ئیرشادیش نەیانزانیبوو کەشێکی لەو بابەتە لەناو ئیخواندا هەیە.

لەکاتی بەدواداچوندا بۆمان دەردەکەوێت، کە رێکخستنی نهێنی ئیخوان لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردودو و سەرەتای چلەکان دامەزرێنراوە، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە ئیخوان هەستی بەهێز و توانای خۆیکرد و بەسەرانسەری میسردا بڵاوبۆوە، مەحمود عەبدولحەلیم دەڵێت: (ساڵی1940 بەننا پێنج کەسی لە ئێمە بانگکرد ئەوەی بۆ باسکردین کە بۆچی پێویستە خۆیان ئامادە بکەن بۆ دامەزراندنی رێکخستنی تایبەت کە، لە ئاییندەدا بانگەوازەکەمان بەرپرسیارێتی خۆی پێهەڵبگرێت، بە مەرجێك لەسەر بنچینەی سەربازیی ئیسلامی بەهێز و پاك بێت، تەواو نهێنی بێت و کەس هیچی لەبارەوە نەبیستێت تەنیا ئەندامەکانی نەبێت) رێکخستنی تایبەت وەك هەر رێکخستنێکی تری میلیشیاتەکانی فاشیزم و نازیزم چەندین ئەرکی مەترسیداری پێدەسپێرێت وەك:

1-ئەرکی هەواڵدەری و هەواڵگەیاندن.

2-خۆخزاندنە ناورێکخستنی حزبەکانی تر.

3-خۆخزاندنە ناو هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەوانەش سوپا، پۆلیس و ئاسایش.

4- پاكتاوكردن، یان ترساندنی دوژمنانی بانگەواز.
5-بەرەنگاریكردنی ئینگلیز و جولەكە.
6-خۆ ئامادەكردن بۆ رۆژی پێویست، كاتێك پێویستمان دەبێت لە دەسەڵاتدا.

ئێمە نازانین مەبەستی تەواوی حەسەن بەننا چیبووە لە دامەزراندنی ئەو رێكخستنە ترسناكە، بەڵام ئەوەی ئاشكرایە لە دواییدا ئەو رێكخستنە دەبێتە بنەمایەكی ترسناك بۆ هەموو دەزگا تیرۆریستەكان، لەوانەیە ئەو قسەیە راست بێت، كە دواجار رێكخستنی تایبەت لەژێر دەستی بەننا دەردەچێت و خۆیان سەربەخۆ كاری نابەرپرسانە دەكەن، بەڵام دیسان ئەوەش بەرپرسیارێتی مێژووی لەسەر بەننا هەڵناگرن، كە ئەو بە دەستی خۆی ئاگرێكی كردەوە، كە پێش هەموو كەس خۆی سوتاند، پاشان میسر و دونیای سوتاند.

**گرنگترین كارەكانی رێكخستنی تایبەت**

1-تیرۆركردنی ئەحمەد خازندار، یەكێك لە راوێژكارە ناودارەكانی میسر، كە لە كێشەیەكی ئیخواندا بەشدار بوو. بیانوشییان بۆ ئەو تیرۆرە ئەوە بوو، كە یاساناسەكان چاوترسێن بكەن و پرۆكێشی ئەوە نەكەن، جارێكی تر حوكم دژی ئیخوان دەربكەن.

2-تیرۆركردنی سەرۆك وەزیرانی میسر فەهمی نوقراشی، ساڵی 1948 بەبیانووی ئەوەی دژایەتی ئیسلام دەكات، چونكە هەڵساوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان موسلیمین.

3-تەقاندنەوەی چەندین كارگە و ماڵی جولەكەكانی میسر.

4-کوشتنی سەربازەکانی ئینگلیز.

5-هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پۆلیس وسوپا. باڕ، مەیخانەکان و چەندین شوێنی تر.

6-هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی دووەم ( ئیبراهیم عەبدولهادی).

7-ڕێکخستنی تایبەت بە تایبەتی بەشی ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس، بەشداربوون لە کودەتاکەی ساڵی 1952، کە تێیدا سیستمی پاشایەتی رووخێنرا، کۆماری، دەسەڵاتی عەسکەرو دیکتاتۆریەت بەرقەرارکرا.

8-هەوڵی تیرۆرکردنی جەمال عەبدولناسر.

**ڕێکخستنی دووەمی نهێنی ئیخوان: سەید قوتب وتێزە ئاگرینەکانی**

سەردەمی مەلیك فاروق، تائاستێکی باش سیستمێکی دیموکراسی فرەحزبی و ئازادی هاتەکایەوە، بەڵام ئەو دۆخە بە دڵی ئیخوان نەبوو، بۆیە لەگەڵ سوپادا دەستیان تێکەڵکرد و توانییان کودەتا بەسەر فاروقدا بکەن 1952ز، رژێمی پاشایەتی لەناوبەرن و سەردەمی کۆماری بێتەئارا، هەڵبەتە من لێرەدا باسی سیاسەت ناکەم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین هەموو رژێمە پاشایەتییەکان، هەمیشە ئارامتر و ئازادیبەخشتر بوون لە رژێمە عەسکەرتارییە کودەتاچییەکان بە ناوی شۆڕش و سۆسیالیزمەوە.

ئـــەوەی ســـەیـــرە، کـــە داواکــــاری ئیخوان موسلیمین هەڵوەشاندنەوەی رژێمی فرە حزبی و قەدەغەکردنی حزبەکان بوو، چونکە بەلای ئیمامەکەیانەوە حزبایەتی حەرام بووا!

بێگومان عەبدولناسر کە لە ناخی خۆیدا دیکتاتۆریەتی بڕیاردابوو، بە پشتیوانی ئیخوان موسلیمین هەڵسا بە قەدەغەکردنی ژیانی حزبایەتی، تەنیا ئیخوان نەبێت گوایە ئەوان حزب نین، بەڵکو کۆمەڵەیەکی بانگخوازین!

بەڵام عەبدولناسر خۆی دەیزانی چیدەکات، ئەو بۆ بەرەنگاربوونەوەی فشاری جەماوەری حزبەکانی تر، پێویستی بە جەماوەری ئیخوان بوو، بەڵام پاش ئەوەی ئەوانی تری لەناوبرد، ئینجا ئیخوانیش کە بە تەنیا مابوونەوە، بە ئاسانی ئەوانیشی قەدەغەکرد و سەرکردەکانی ڕەوانەی زیندان و پەتی سێدارە کرد.

ڕێکخستنە تایبەتەکەی ئیخوان لێرەدا جارێکی تر دەردەکــەون و دەیانەوێت عەبدولناسر تیرۆربکەن، لە پیلانێکدا کە پاشان بە ڕووداوی (المنشیه) ناسرا، عەبدوللەتیف بـەغـدادی کە ئەندامێکی ئـەو ڕێکخراوە بـوو، هەشت فیشەکی نا بە عەبدولناسرەوە، هەرچەند عەبدولناسر خۆی بەرنەکەوت، بەڵام کەسێك کە وەفدی سودانی بوو لەتەنیشتییەوە بەرکەوت و گیانی لە دەستدا، ئەو ڕووداوە بوو بە بیانوویەکی باش بۆئەوەی عەبدولناسر دەرگای دۆزەخ بەسەر ئیخواندا بکاتەوە، بە یەکجاری لە مەیدان ڕاویانبنێت، و خۆی تەنیا بمێنێتەوە و ببێتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە.

پاش ئەوەی عەبدولناسر ئیخوانی ڕاوەدونا، ئینجا ماشێنی تەکفیر و بە ئایدۆلۆژیکردنی کێشەکە لە لایەن ئیخوانەوە سەریهەڵدا، ئەوەی جێی تێڕامانە عەبدولناسر خۆی لەگەڵ ڕێکخستنی ئیخوان بە گشتی و ڕێکخستنی تایبەتی ئیخوان دەستی تێکەڵ بووە و هەموویانی ناسیوە، ئەو خۆی بە یەکێك

لە ئیخوان ناوزەددەکرد، ئەوەش مانای وایە عەبدولناسر پیاوێکی دینداربوو، هەڵگری ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی نەبوو.

بەڵام پاش ئـەوەی شەهوەتی دەسـەڵات وایلێدەکات رکابەرەکانی لەسەر دەسـەڵات ‹واتە ئیخوان› تەفروتوونا بکات، ئیدی ئیخوان دێن و تیۆریزەی ئەم جەنگە دەکەن وەك مەسەلەی کوفر، ئیمان، ئیسلام و جاهیلیەت.

لەم نێوەندەدا تیۆریسێنی گـەوەرەی ئیخوان ‹سەید قوتب› دیارترین ناوی ئەو بوارەیە.

سەید قوتب ئەدیبێکی نـاسراوی میسر و یەکێك بوو لە دەنگە بەرزەکانی بواری رۆشنبیری، بەڵام پاش ئەوەی کاریگەربوو بە فیکری ئیخوان موسیلمین و ئینتیمای بۆ ئەوان کرد، ئیدی گۆڕا بۆ پیاوێکی تەواو ئایدۆلۆژی و داخرا و بەسەر خۆیدا، هەڵبەتە چەندین فاکتەری خودی و بابەتی کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەوەی قوتب بەرەو ئەو دونیا داخـراوە بـڕوات. وەك ئـەوەی چەندین ساڵ لەزینداندا مایەوە، ئەمە بێجگە لەوەی چەندین نەخۆشی زۆر قورسی لەگەڵدابوو، هەروەها قوتب ژن وماڵی نەبوو، بەڵکو هەر بە تەنیایی ژیا و مرد. سەرەڕای ئەوەش قوتب کەوتە ژێر کاریگەریی نوسەری ئیسلامی هندی ئەبوعەلای ئەلمەودودی، لە مەسەلەی حاکمیەت، جاهیلیەت و بە ئایدیالیزەکردنی ئیسلام.

لەڕاستیدا حەسەن بەننا، سەرەڕای هەموو چالاکییەکانی، بەڵام ئەو لە تەکفیری کۆمەڵگە و حکومەت دوور بوو، راستە بەننا وەك دیوی دووەمی رێکخستن کەوتبووە ژێر کاریگەری رێکخراوە فاشییەکان، بەڵام وەك چەمك کەسایەتییەکی

ئایینی و تەقلیدی بوو، کەچی مەودودی هەر هات و چەمکی مارکسیزمی بە ناو ئیسلامدا تواندەوە، بە تایبەت لە بواری دەسەڵاتی سیاسی و دەستێوەردانی لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا.

قوتب بە قەڵەمە پڕ بڕشتەکەی، بەڵام بە عەقڵی مەودودی کەوتە نوسین و لەژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی میسردا، ئەو لە دونیای کەنارگیری خۆیدا و بە خەیاڵی فراوانی دونیایەکی سەیری خوڵقاند، دونیایەك کە هیچ پەیوەندیی بێرەوە نییە، فەنتازیایەك پڕ لە رق لە غەیر و پڕ لە یۆتۆپیای ئایدۆلۆژی. سەید قوتب بە کورتی ئەو بیرۆکانەی خستەڕوو، کە پاشان دەبێتە مانیفیستۆی ئیسلامی جیهادی لە دونیادا:

1-حاکمییەت کاری خودایە و هەرکەسێك بانگەشەی حاکمییەت بکات، ئـەوە خۆیکردووە بە شەریکی خودا ئەمەش کوفرە.

2-دەسەڵاتدارەکانی ئێستا هەموو بانگەشەی حاکمییەت دەکـەن و یاسای لە غەیری خودا وەردەگـرن، لەبەرئەوە هەموویان لە دەروەی ئایینی خودان، کەواتە دەسەڵاتەکان ‹ئەوانەی لەناو وڵاتانی ئیسلامیشدا حوکم دەکەن› کافرن.

3-جاهیلیەت سەردەمێك نییە تێپەڕیبێت، بەڵکو حاڵەتێکە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، دونیا ‹لەوانەش دونیای ئیسلام و کۆمەڵگە موسوڵمانەکان› ئێستا لە جاهیلیەتێکدا دەژین، تاریکتر و ئاڵۆزترە لە جاهیلیەتی پێش هاتنی ئیسلام.

4-کەواتە کاری ئێستای موسوڵمان ئەوەیە، کە جارێکی تر خەڵك بانگبکاتەوە بۆ ئیسلام، چونکە ئێستا تەنیا ئەوانە موسوڵمانن، کە خاوەنی ئەو فیکرەی ئەون ‹واتە قوتب و هاوشێوەکانی کە ئیخوانن›

5-ئەوەی دەتوانێت ئەو ئەرکە گرنگە بەجێبهێنێت تەنیا پێغەمبەرانن یاخود جێگرەوەی پێغەمبەرانن، بەڵام سەید پێماننالێت ئەوە کێیە، جێگرەوەی پێغەمبەران دیاریدەکات، ئایا خودا دیاریکردوون (وەك شیعە دەڵێن)، یاخود چۆن؟

لێرەوە دەبینین کە سەید قوتب چۆن تیۆریزەی حاڵەتی ئێستای دونیا دەکات، ئاخر کاتێك خەڵك لە جاهیلیەتدا بن حاکمەکانیش هەموو فیرعەون بن، کەواتە ئەوان هەموو هەڵگەڕاونەتەوە لە ئایین ئەگەر جارێکی تر گەڕانەوەیان قبوڵنەکرد بۆ ناو ئایین ‹واتە فیکری ئەوان› ئەوە لەوحاڵەتەدا کوشتنیان واجب دەبێت.

بەڵام قوتب لێرەدا ناوەستێت، بەڵکو بە شێوەیەکی پراکتیزەکراویش دەست دەکات بە زیندوکردنەوەی رێکخسنی نهێنی، ئەو لە دانپێدانانەکانی خۆیدا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، کە پاشان وەك راپۆرتێك بە ناوی (لماڎا اعدمونی) بڵاوکراوەیەوە دەڵێ (ئێمە رێکخستنمان زیندوکردۆتەوە، بۆئەوەی خەڵك پەروەردە بکەینەوە لەسەر ئیسلامی راستەقینە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە ریکخستنێکی چەکداری ئامادە بکەین، بۆئەوەی لەهەر حاڵەتێکدا بانگەوازەکەمان رووبـەڕوی مەترسی بۆوە بتوانین داکۆکی لێبکەین).

بەڵام عەلی عەشماوی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی رێکخستنی نهێنی ‹کەپاشان بەڕێکخستنی 965 دەناسرێت› بە دیکۆمینت و بەڵگەوە باسی ئەوە دەکات، کە ئەوان داوای چەکیان کردووە لە ئیخوانە هەڵاتووەکان بۆ سعودیە و هەر بەڕاستیش چەکییان پێگەیشتووە، ئەوان ویستویانە پیاوە کاریگەرەکانی دەسەڵات تیرۆر بکەن، وەك عەبدولناسر و عامر عەبدولحەکیم و ئەوانی تر .

بەڵام ڕێکخستنی 965 هیچیان نەکرد، چونکە هەموو گیران، لەو نێواندەدا سەید قوتب گەورە تیۆریسینی ئەو ڕەوتە لە سێدارە درا، بە هەمانشێوە یوسف هەواش کە پیاوی دووەم بوو، لەگەڵ عەبدولفەتاح ئیسماعیل لە سێدارەدران.

قوتب وەك پاڵەوانێکی ئەفسانە لەسێدارە درا، ئەو هیچ تەنازولی نەکرد بۆ عەبدولناسر، لە هەمانکاتیشدا پڕوپاگەندەی ئیخوان و کارکردن لەسەر دروستکردنی ئەفسانە دەوری گەورەیان هەبوو، قوتب ڕۆیشت، بەڵام پاش خۆی ئەفسانەیەکی بەجێهێشت لەگەڵ تەفسیرێکی قورئان و کتێبە بە ناوبانگەکەی (معالم في الطريق)، کۆمەڵێك قوتابی کە تاکو ناو روحیان بیرو فەلسەفەی قوتبیان هەڵمژیبوو، نەك تەنیا لە مێشکیاندا.

**تەکفیرو هیجرە، یان ( جماعه المسلمين)**

سەید قوتب وێنەی شەهیدێکی خورافی بۆ کێشرا، ئەم وێنەکێشانە خەیاڵگەی زۆرینەی ئیخوانی پڕکردبۆوە، لەڕاستیدا ئیخوانی سەردەمی بەننا تەواو ناڕازیبوون لە بۆچوونەکانی قوتب، چونکە بەلای ئەوانەوە بۆچوونەکانی قوتب موخالیف بوون، لەگەڵ بۆچوونەکانی حەسەن بەننا، بەڵام نەوەی سەردەمی عەبدولناسر و سەردەمی کاری نهێنی فەرهەنگی قوتبیان کردبووە مەنهەجی خۆیان.

یەکێك لە گرنگترین قوتابییە سەر سەختەکانی قوتب، گەنجێك بوو بەنناوی (شکری مصطفی)، ئەو گەنجە لە زینداندا قوتابی سەید بوو، بۆیە زۆر بە توندی و شێلگیرانە پشتگیریی لە قوتب دەکرد.

ئەوەی لە مێژوودا چاوەڕوان نەدەکرا، مەرگی لەناکاوی جەمال عەبدولناسر بوو. مەرگی عەبدولناسر بووە جەژنی ئیخوان موسلیمین. کاتێك ئەنوەر سادات بووە سەرۆك، ویستی ڕێچکەی تایبەت بەخۆی دروستبکات و لەژێر سێبەری گەورەی عەبدولناسر و کارێزمای ئەو دەربچێت، هەر بۆیە ئازادییەکانی فراوانکرد و زۆربەی زیندانییەکانی سەردەمی عەبدولناسر ئازادکران، لەم نێوەندەدا سەرکردەکانی ئیخوان و ئەندامەکانیشیان ئەو ئازادیەیان بەرکەوت و لە زیندانەکان هاتنەدەرەوە.

بەڵام ئەوەی حکومەتی میسری چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوە بوو، کە ئەو رزگارکراوانە جارێکی تر دژی حکومەتی میسری رابوەستنەوە. ئەوان کاتێك ئازادکران، بارگاوی کرابوون بە بارگەیەکی گەورەی ئایدۆلۆژیای تەکفیر و توندڕەوی، ئەوان حکومەتی میسر و گەلی میسریان بە کافر دەزانــی، بۆیە لەگەڵ هاتنەدەرەوەیان لە زیندان کەوتنە خۆڕێکخستنەوە.

ئیخوان موسلیمین وەك خۆیان و وەك مەدرەسەی حەسەن بەننا پەندییان وەرگرتبوو، تێگەیشتن کە توندڕەوی و مەسەلەی تیرۆر چ باجێکی گەورەی ویست، بۆیە هەر لەسەرەتاوە وازیان لەو مەسەلانە هێناو هەوڵیاندا تەبەڕا بکەن لەهەر پەیوەندیەکییان بە ڕێکخستنی تایبەتەوە، بەڵام هەر لەهەناوی ئیخوانەوەو لەژێر کاریگەری بیری سەید قوتبدا، ڕێکخستنی نوێ بەرهەمهاتن، کە توندوتیژی و تەکفیر بووە مەنهەجیان، لەوانەش تەکفیر و هیجرە بوون.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بیری توندڕەوی لە ئیخواندا بنبڕکرابێت، نەخێر، بەڵام ئیخوان ئیدی بڕیاریاندا،

که خۆیان نەخەنە ژێر باری کاری چەکداری و تیرۆرەوە بەشێویەکی پراکتیکی، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە لە لایەکەوە بیرکردنەوەکانی قوتب و لە لایەکی ترەوە ئەندامانی پێشوی رێکخستنی نهێنی هەر مابوونەوە و کاریان لەسەر هەمان ئەو فەرهەنگەی وەریانگرتبوو دەکرد، تا ئاستێك ئیدی قوتب بووە مەنهەجی سەرەکی ئیخوان و کتێبەکانی وەک وانە دەوترانەوە.

راستە ئیخوان بە فەرمی وازیان لە کردەی چەکداری هێنا، بەڵام برەودان بە فەرهەنگی قوتب، خۆی بۆخۆی مانای بەردەوامیدان بوو بە فەلسەفەی تیرۆر و توندڕەوی، بۆیە دەبینین ئەو پرسە لەناو ئیخواندا بنەبڕنابێت، بەڵکو هەر لە هەناوی ئیخوانەوە، چەندین کەسایەتی وەك سەعید حەوا و عەبدوڵا عەزام دەردەکەون کە تیۆریزەی ئیرهاب دەکەن بە ناوی جیهادەوە، پاشان لە جیهادی سوریا و ئەفغانستان باسیدەکەم.

لەو ئازادکراوانەی لە زیندانەکانی میسر هاتنەدەر قوتابییەکانی قوتب بوون، ئەوان تەواو ئامادەبوون بۆ دامەزراندنی گروپێك لەسەر تێزەکانی قوتب کە دەڵێت:

1- پێویستە بۆ سەرخستنی ئەم ئایینە کۆمەڵێك دروستبن.

2-ئەم کۆمەڵە تەنیا لەپێناوی سەرخستنی ئیسلامدا هەوڵدەدەن.

3-ئەوکۆمەڵە دەبنە قاعیدەیەك بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

4-ئەوان دەبێت خۆیان دابڕن لە کۆمەڵگەی جاهیلی، دابڕانی هەستی و جەستەیی بکەن.

5-دەبێت لە پارچەیەك زەوی ئەم دونیایەدا گروپێك بەو قەناعەتە تۆکمەیەوە کاربکەن و خەڵکی تر بۆ خۆیان رابکێشن.

6-پاشان لەو پارچە زەویەوە مەشخەڵی رێگە هەڵبگرن و دونیا رۆشنبکەنەوە.

شوکری مستەفا و گروپەکەی ویستیان بیرۆکەکانی قوتب پیادەبکەن، هەربۆیە خۆیان دابڕی لە کۆمەڵگەی میسری و رۆیشتنە دەشت و شاخەکان و بیابانەکان تاوەکو لەوێوە کۆمەڵگەی موسوڵمان و بناغەی پتەو (قاعدە صلبە) دابڕێژن، وەك تێزەکانی قوتب.

تەکفیر بناغەی بنەڕەتی ئەو گروپەیە، ئەوان هەرکەسێك گوناحێکی بکردایە بە کافریان دەزانی و خوێنیان حەڵاڵ دەکرد، هەروا هەموو دەسەڵاتدارەکانی دونیای ئیسلامیان تەکفیردەکرد، چونکە حوکم بە شەریعەت ناکەن، هەروەها کۆمەڵگەش تەکفیردەکەن، چونکە رازیبوون بە حوکمی ئەو حاکمە کافرانە، هەروەها زانایانی ئیسلامیشی تەکفیر کرد، چونکە حاکمەکان تەکفیرناکەن، هەرکەسێکیش ئەوان بیروباوەڕی خۆیانیان بۆ باسکرد و شوێنیان نەکەوت هەر کافرە، خۆ ئەگەر قەناعەتیشی هێنا ‹ئـەو کەسە› بەڵام نەچووە ناو گروپەکەیان هەر کافرە، هەر کەسێکیش شوێیان بکەوێت، پاشان تەرکیان بکات، ئەوە مورتەدە و دەبێت بکوژرێت، خۆ ئەگەر کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تریش بەیعەت نەدەن بە ئیمامەکەیان، ئەوە ئەوانیش هەر کافرن. گروپی تەکفیر لە (صعیدی) میسر بڵاوبۆوەو هەزاران شوێنکەوتووی هەبوو، بەڵام پاش ئەوەی کە وەزیـری ئەوقافی میسریان

رفاندو تیرۆریان کرد، ئیتر حکومەت توانی شکری مستەفا و هاوڕێکانی دەستگیر بکات و لە ساڵی 1978، لە سێدارە دران.

هەرچەند گروپی تەکفیر و هیجرە وەك ڕێکخستن بەرەو لاوازبـوون چوون، بەڵام عەقڵیەتی تەکفیر و فەرهەنگی تەکفیر بەهێزتر و زیاتر بـڵاوبـۆوە، بە تایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فکری سەلەفی ئاوێتەکرا بە فەرهەنگی ئیخوانی، بە تایبەت بۆچوونەکانی قوتب.

**کۆمەڵی ئیسلامی ( الجماعة الاسلامیة)**

پاش گروپی تەکفیر، کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر هەمان میتۆدی تەکفیر و هیجرە دروستبوون، و دەستیانکرد بە کوشتنی پیاوانی رژێم، واتە کاربەدەستان و هەر کەسێك پەیوەندی بە رژێمەوە هەبوایە، کۆمەڵی ئیسلامی لە گروپی تەکفیر ریکخراوتر و فراوانتربوون، ئەوان لەناو زانکۆکان و لە کۆمەڵگەدا دەژیان، بەڵام دەستیانکرد بە تیرۆرێکی بەرنامەڕێژ دژ بە حکومەتی میسر، ساڵی 1981 کۆمەڵی ئیسلامی لە یادی جەنگی ئۆکتۆبەردا سەرۆکی میسر ئەنوەر ساداتیان تیرۆر کرد، پاش ئەوە چەندین کاری تیرۆریستی گەورەیان کرد، بەڵام سنوری تیرۆرەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەپیاوانی رژێمی میسر رەتینەدەکرد، واتە تیرۆری ناوخۆیی بوو.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە هەر لەئیخوانەوە هەتاکو کۆمەڵە تیرۆریستیەکان بە گشتی، سەرچاوەی سەرەکییان لە میسردا بوە، پاشان بڵاوبۆتەوە بە دونیادا.

## سرورییەکان کێن:

پاش ئەوەی زۆربەی ئیخوانی میسر و سوریا روویانکردە سعودیە بە هۆی راوەدوونانیان لەلایەن رژێمەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، یاخود هەر بە مەبەستی بژێوی، ئیدی لەوێ بە نهێنی دەستیانکرد بە بانگەواز لەناو کۆمەڵگەی سعودیدا. یەکێك لەوانە گەنجێکی سوری بوو بە ناوی (محەمەد بن سرور)، ئەو لە ئیخوان موسلیمینی سوریا بوو، بەڵام جیاوازی هەبوو لە بیروبۆچووندا، چونکە ئیخوان بە زۆری گرنگییان بە زانستە ئیسلامییەکان نەدەدا، بەڵکو تەنیا هەڵنان و دروشمە عاتیفیەکان کاریان بـوو، محەمەد بن سرور کە لەژێری کاریگەری سەید قوتب دابوو، هات و تێکەڵەیەکی پێکهێنا لە بیرۆکەکانی قوتب و سەلەفیەتی وەهابی لەگەڵ نوسینەکانی ئیبن تەیمیەدا، لە قوتب و ئیخوان مەسەلەی کارکردن و شۆڕشگێڕێتی وەرگرتبوو لەگەڵ پرەنسیپی حاکمیەت.

ئەشێت بڵێی تێکەڵکردنی ئـەو دوو میتۆدە وەك تێکەڵکردنی دوو مـادەی (تەقینەوەی بەهێز) وایـە، کە ئیدی بۆمبێکی تەوقیتکراوی مەترسیدار دەردەکات، لەوێوە سەلەفیەتی جیهادی سەرهەڵدەدات و لە سوڕی متبوونی سەلەفیەتی سعودی دەردەچێت، کە لە سعودیەدا بڵاوبوو، کە ئێساتا پێیدەوترێت سەلەفیەتی مەدخەلی.

لەراستیدا سروریەت میتۆدێکی نوێبوو، جیاواز لە هەردوو میتۆدی ئیخوان و سەلەفیزمی تەقلیدی (کۆنزەرڤاتیزم)، ئەوان لەنێوان بۆچوونەکانی سەید قوتب و ئیبن تەیمیەدا ئاوێتەیەکیان دروستکردبوو.

مەترسیدارترین بۆچوونی قوتب کە لەمەودوودیەوە وەریگرتبوو، مەسەلەی حاکمییەت بوو، ئەوان حاکمیەتی سەید قوتبیان هێناو لەگەڵ توندڕەوییە عەقائیدیەکانی ئیبن تەیمیە، سەبارەت بە تەکفیرکردنی بەرامبەر ‹بە تایبەتی شیعە› و هەرکەسێك موخالیفی بۆچوونەکانیان بێت بەکاریانهێنا. لەو مەسەلە گرنگانەی کە لاوانی دینداریان پێتێکدا، مەسەلەی هەڵگەڕانەوە بوو لە دەسەڵات و تێکدانی پرەنسیپی گوێڕایەڵی بوو(سمع وطاعە) بۆ دەسەڵاتی وڵات، کە لای ئەهلی سوننەت مەسەلەی گوێڕایەڵی پرەنسیپێکی گرنگە.

تێکەڵکردنی وەهابیزم و ئیخوانیزم پڕاوپڕ بەرهەمهێنانی سەلەفیەتی جیهادیە، کە پاشان کەسانی وەك بن لادن و عەزام بەرهەمدێنن.

لێرەدا کەباسی سرور دەکەم بۆ ئەوەیە، پەیوەندی لەنێوان توند و تیژیەکانی وەهابیەکانی سعودیە و تێزەکانی قوتب دەربخەم، چونکە فەرهەنگی بۆ ماوەیی وەهابی، بەڵکو ئەو فەرهەنگەی فەلسەفەی حوکمی سعودی و کۆمەڵگەی سعودی لەسەر بنیاتنراوە، بریتییە لە بیروبۆچوونەکانی ئیخوانی وەهابی، کە لە هەجەرەکاندا دروستبوو، ئەوان بەردی بناغەت رژێمەکەی ئالسعود بوون، هەر ئەو فەرهەنگەش بە زیندویی لە خەیاڵگەی کۆمەڵگەی داخراوی سعودی و رژێمەکەیدا کاریدەکرد. ئەو فەرهەنگەش بناغەکەی ئەوەیە کە هەرچی لە دەرەوەی تەرزی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەوان بێت بۆ ئایین و ژیان ئەوە ناموسوڵمانە، لەو تێزەدا کوشتن و بڕین بە ناوی خوداوە کارێکی تەواو ئاسان و ئاسایی و رەوایە، چونکە هەموو ئەوانەی دەرەوەی بازنە تەسکەکەی خۆیان پرۆژەیەکن، یان بۆ تۆبەکردن، یاخود بۆ کوشتن.

ئاوێتەبوونی ئەو کولتورە لەگەڵ تێزەکانی سەید قوتب ‹بۆ دەسـەڵات و کۆمەڵگەی جاهیلی و رژێمە علمانییە (کافرەکان!) ‹تەواو هاوشێوەن و ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی تێزی بن لادنــە، سرورییەکان لە کۆمەڵگەی سعودیدا توانیویانە دەورێکی گەورە بگێڕن، ئێستاش ئەو جیهادیانەی کە دەیانبینین لەنێو ریزەکانی داعشدا پەروەردەکراوی ئەو میتۆدە تێکەڵەی ئیخوان-وەهابیزمن.

**(شۆڕشی ئیسلامیی ئێران):**

لەوانەیە سەیربێت کاتێك لێرەدا باسی شۆڕشی ئێران دەکەم وەك مێژوویەك بۆ گەشەکردنی تیرۆر، لە راستیدا من پێموایە شۆڕشی گەلانی ئێران بە مانای وشە، یەکێکە لە شۆڕشە گەورەکانی مێژوو، کە گەلێك پێی هەڵسابێت و توانیبێتی رژێمێکی دیکتاتۆریی ستەمکار، هەرەس پێبێنێت تەنیا بەهێزی گەل و بێچەك. ئەوە دیوی گەشاوەی ئەو شۆڕشە بـوو، تەنانەت ریالیزمی ئیسلامیش ئەو دیوەی گەشاوەی ئەو شۆڕشە بوو، تەنانەت ریالیزمی ئیسلامیش کاتێك دادەمەزرێت، دیسان بە دەنگی زۆرینەی رەهای گەل دێتە بوون، ئێمە باسی ئەو بوارە دەبڕێنینەوە، بەڵام: یەکێك لە ئاسەوارەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەوە بوو، کە رەوتە ئیسلامییەکانی تر لە دونیای سوننەدا کەوتنە خۆ بۆ بەدیهێنانی ئەوەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی و هاوکارەکانی بەدەستیانهێنابوو، بێئاگا لەوەی کە مەرجەعیەتی شیعە جیاوازە لەوەی لای سوننە هەیە، لەڕاستیدا فەرهەنگی شیعە

و سوننە دوو فەرهەنگی تەواو لێکجیاوازن، چونکە ئەوەی بە مەرجەعی شیعە دەکرێت لە دونیای سوننەدا بوونی نییە، ئەو خاڵەی دوایی زیاتر ڕووندەکەمەوە. خاڵێکی تر ئەوەبوو، کاتێك شۆڕشی ئیسلامی سەرکەوت و لە گەرمەی سەرکەوتنەکانی خۆیدا ئیمام خومەینی و هاوەڵەکانی وەك ئـەوەی واتێگەیشتبن، کە ئەمە بەڵێنی خوداییەو ئیدی هەموو دونیای ئیسلام دەبێت شۆڕش بەرپا بکەن و ڕژێمەکانیان بڕوخێنن و ڕژێمێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، بۆیە ئەوان ‹سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلام› زۆر بە گەشبینییەوە دەیانڕوانییە دونیا و بانگەشەی هەناردەکردنی مۆدێلی شۆڕشی ئیسلامییان دەکـرد بۆ دەرەوەی ئێران و هەموو دونیای ئیسلام، نەك تەنیا دونیای ئیسلام، بەڵکو وەك ئیمام خومەینی دەیوت: شۆڕشی هەموو چەوسێنراوەکانی دونیا بەسەر هەموو ستەمکارەکانی دونیادا، هەربۆیە لەسەرەتای شۆڕشدا ئێران ببووە ڕووگەی هەموو ئیسلامییەکانی دونیا بە تایبەت ئیخوان موسلیمین و جیهادییەکانی تریش، هێند بەسە کە بزانین کۆماری ئیسلامی بە تیرۆرکردنی سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات) لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئاهەنگیان گێڕا، دەسخۆشییان کرد.. کە شتی وا لە نەریتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا لە دونیادا نەبووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو یەکێك لە گەورەترین شەقامەکانی پایتەختی ئێرانیان بە ناوی بکوژی سادات (خالد الاسلامبولی)ەوە کرد. ئەوەش قەیرانێکی گەورەی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا خوڵقاند، هەروەها ئیمام خومەینی توانیی خاڵی لاوازی هەموو ئیسلامییەکان بگرێتە

دەست، کە مەسەلەی فەلەستینە، ئەو بە ڕاشکاوی خۆیکردە خاوەنی کێشەی فەلەستین، ئـەوەش گرنگییەکی ڕەمزی گەورەی هەبوو، بێجگە لەوەی شەرعیەتێکی گەورەی دا بە خومەینی وەك پێشەوایەکی شۆڕشگێر، ئیسلامیەکانی عەرەبیش بە گشتی وا دەزانــن هەرکەسێك مەسەلەی فەلەستین بەهەند وەربگرتێت، یان دژی ئیسرائیل هەڵوێست بگرێت، ئیدی ئەوە سەرکردەیەکی ئەفسانەیە.

بەهەرحاڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ گەشانەوەی ئیسلامی سیاسی و بە تایبەت باڵی توندڕەوی، کە لە ئێراندا بواری جوڵەو چالاکییان بۆ دابینکرابوو. ئەمە بێجگە لەوەی حکومەتی ئێران بە ئاشکرا حزبوڵڵای لە لوبنان دامەزراند، پاشانیش دەستی تەواوی هەبوو لە بنیادنان و گەشەکردنی حەماس و جیهادی فەلەستینیدا. تەنانەت لە تورکیاشدا سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی کاردانەوەی گەورەی هەبوو بۆ بووژانەوەی ئیسلامی سیاسی بە تایبەت چەکداری.

هەرچەندە پاش ماوەیەك ئیسلامییەکان (سوونییەکان) تێگەیشتن کە ئێران دەوڵەتێکی شیعە مەزهەبە، بەڵام ئەوان پێویستیان بە ئێران بوو بە دەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان، وەك حەماسی ئیخوانی، کە تاکو ئێستاش هاوکاریەکانی لە ئێرانەوە وەردەگرێت بە پشتیوانیی ئێران دژی دەسەڵاتی فەلەستین و ئیسرائیل دەوەستێتەوە.

شۆڕشی ئێران ئەوەندەی پاڵنەرێکی مەعنەوی بوو بۆ بووژانەوەی ئیسلامییەکان، ئەوەندە ماددی نەبوو.

## ئیخوانی سوریاو جەنگ دژی دەوڵەت

ئیخوان موسلمینی سوریا لقێکی ئیخوانی میسرییە. ساڵی 1945 لەسەر دەستی زانای سوری ‹شێخ مستەفا سباعی› دامەزرێنراوە، ئیخوانی سوریا هەر لەسەرەتاوە لەڕووی بەشداریکردنی سیاسی و رووبەڕوبوونەوەی دەسەڵات و کاری چەکداری جیاوازییان هەبووە لەگەڵ ئیخوانی میسر، بەڵام ئەوانیش وەك ئیخوانی میسر رێکخستنی تایبەتییان هەبووە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە مێژووی ئیخوانە لەپاش کودەتای بەعسیەکان 1963ز لەسوریا، پاش ئەوەش کودەتاکەی حافز ئەسەد لە ناو بەعس خۆیدا ساڵی1970کە بەوهۆیە حافز ئەسەد هەموو دەسەڵاتەکانی لەخۆی و تائیفەکەیدا قۆرخکردو سەردەمێکی خوێناوی وستەمکاریی بێوێنە دەستپێکرد.

ئەسەد لە تائیفەی (عەلەوییە)، کە سەربە مەزهەبی شیعەن، بەڵکو بەلای شیعەکانیشەوە عەلەوییەکان لە دین لایانداوە، عەلەوییەکان لە سوریادا رێژەیان نزیکەی 10% کۆی خەڵکی سوریا دەبێت، بەڵام پاش کودەتاکەی حافز ئەسەد، ئەوان توانیویانە هەموو جومگە گرنگەکانی وڵات کۆنترۆڵ بکەن، جومگەی سەربازی، ئەمنی، ئابوری و هتد.

حزبی بەعس لەگەڵ کودەتاکەیدا پاش ماوەیەك کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین قەدەغە دەکات، بەڵام لە سەرەتادا چەپۆکی بەعس زۆر توند نەبوو، تا ئەوکاتەی ئەسەد کودەتای کرد، ئیدی چەپۆکی توندی ئەسەد و حزبەکەی بە تەواوی هەناسەی لەبەر گەلی سوری بە گشتی و ئیخوان بە تایبەتی

بڕی. ئـەوەی دەردەکەوێت بەعسییەکان و عەلەویەکان دەستیانکرد بە تیرۆرکردن و کوشتنی ئەندامانی ئیخوان و ئیستیفزاز کردونیان. لەهەمانکاتیشدا ئیخوان کە خۆیان ئامادەبوون بۆ ئیستیفزا و خۆیان بەنوێنەری زۆرینەی سوننە مەزهەب دەزانی، شایەنی باسە رێژەی سوننە لە سوریادا نزیکەی 80% دەبێت، بەڵام لە سایەی حکومەتی ئەسەددا هەموویان پەراوێزخراون و لەژێر ترسێکی بەردەوامدا دەژین.

ئیخوانی سوریا هەر لەسەرەتاوە دابەشبوون بەسەر دوو بەشدا، کە بە حەلەبیەکان (شاری حەڵەب) و حماویەکان (شاری حەما) ناسراون، حەلەبیەکان زیاتر مەیلی ئاشتی و کاری ئاشتیخوازانە و کرانەوەن، بە پێچەوانەی حەماویەکان کە موحافزەکار و توندڕەون. لە ناودارترین سەرکردەکانی ئیخوانی سوریا، کە خەڵکی شاری حەما بێت، سەعید حوایە، حەوا بە ئاشکرا تەکفیری هەموو دەسەڵاتدارانی دونیای ئیسلام دەکـات، بە تایبەتی رژێمی سوریا، بەڵکو هەموو تائیفەی عەلەوی تەکفیر دەکات. بناغەی تیۆریی چەکداری و تیرۆری حەوا لە کتێبە ناسراوەکەیدا (جندالله ثقافة واخلاقا) دەدردەکـەوێـت، لەوێدا حـەوا تیۆریزەی کـاری ئیسلامی بەمشێوەیە دەکات:

1-دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامی و هەموو دونیا دەسەڵاتی کافرن و لە ئایین دەرچوون.

2-کۆمەڵگە موسوڵمانەکان بە گشتی لە حاڵەتی هەڵگەڕانەوە (مورتد)یدا دەژین.

3-ئێستا تەنیا ئەوانە موسوڵمانی راستەقینەن، کە ئینتیمایان هەیە بۆ گروپی موسوڵمانان ‹کە بە زۆری مەبەستی ئیخوان ە.

4-بۆ ئەوەی بتوانین ئایین بگێڕینەوە، دەبێت کۆمەڵی خودا (حزباللە) بەرهەمبێنین.
5-ئەو حزبەی خودا کۆمەڵێك خەسڵەتی هەیە، دەبێت لەخۆیدا بیهێنێتەدی.
6-لە ئێستادا ئیخوان موسلیمین نزیکترین کۆمەڵن لە مانای حزبی خودا یان ئەو (جماعە المسلمین)ە، کە پێغەمبەری ئیسلام فەرزیکردووە دەستی پێوە بگرین.
7-هەرچی بیرو بۆچوونی ترە، وەك: علمانییەت، نەتەوەگەرایی، بەعسییەکان، شوعییەکان، شیعە و تائیفەکانی تر، زایۆنیزم، بانگەوازی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، هتد ئەوانە هەموو کافرن و دەبێت بێبەزەییانە لە لایەن حزبی خوداوە بنەبڕ بکرێن.

لە ئاییندا شتێك نییە پێیبوترێت چاکسازی ئایینی، یان ئیجتیهادی سەردەم، بەڵکو ئێمە دەبێت ئەوە پەیڕەوبکەین، کە سەلەف دایانڕشتووە.

ساڵی 1980 ئیخوانی سوریا بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی چەکدارییان دا دژ بە رژێمەکەی ئەسەد، ئەوەی ئیخوان گرەویان لەسەر دەکرد ئەوەبوو، کە رژێمەکەی ئەسەد پشت بە عەلەویەکان دەبەستێت، کە کەمینەی وڵاتن، ئەوان لەسەر پەتی تائیفی گەمەی زۆریانکرد، بەڵام وادیارە چەپۆکی پۆڵایینی ئەسەد لەوە بەهێزتر بوو، کە سادەیی ئیخوان تێیگەیشتبوون. رژێم توانی ئیخوان بخاتە تەڵەیەکی گەورەوە کاتێك هەوڵدان بە یاخیبوونێکی چەکدارانە لە حاما و شارەکەیان داگیرکرد. ئەوەش ئەو رۆژە بوو کە ئەسەد بۆی دەگەڕا.

سوپای ئەسەد بە ئاسانی شارەکەیان گەمارۆدا و لە ماوەی بیست و حەوت رۆژدا، قەسابخانەیەکیان لەو شارەدا بەرپاکرد، کە تائێستاش بە تەواوی نازانرێت چیبووە! کوژراوەکانی ناو ئەو شارە لەنێوان 10000 تا 40000 کەس هەژماردەکرێت، بێجگە لە هەزاران بریندار، هەزاران گۆڕ غەریب، هەزاران ئافرەتی ئەتککراو و هــەزاران ماڵی رووخێنراو. چەندین بنەماڵە سەراپا تێداچوون. جەنگی ناوخۆی سوریا هەنگاوێکی تری تیرۆری ئیسلامی لە چەند لایەنەوە بەرەوپێشەوە برد:

1-تیۆریزەکردنی تیرۆر بە مانایەکی گشتی لە لایەن کەسانی وەك سەعید حەوا.

2-واڵاکردنی دەرگای تەکفیر دژی شیعە، بێگومان تەکفیر هەنگاوی یەکەمی تیرۆرە.

3-دەستواڵاکردنی حکومەتی سوری کە بە مانای وشە کەوتە دڕندایەتییەکی بێوێنە دژی خەڵکی سڤیل، وەك چۆن رژێمی عیراق گومانی لە هەموو شیعەو کورد هەبوو، هەمووی بە خائین دەزانین کە 80% ی گەلی عیراقن بە هەمانشێوە رژێمی سوریا 80% گەلەکەی لە گومان دابوون.

**ئەفغانستان هێلانەی تروکاندنی گەراکانی تیرۆر**

دەتوانین بڵێین ئەوەی تائێستا باسمانکردووە لەبارەی جیهادەوە، هەمووی پروشە و سەرەتایەکن بۆ دەرکەوتنێکی گەورەتر، کە لە ئەفغانساتنەوە سەرهەڵدەدات.

ساڵـی 1979 یەکێتی سۆڤێتی جــاران پـەلامـاری ئەفغانستانیدا، بە بیانوی ئەوەی کە پشتگیری لە حکومەتە کۆمۆنیستییەکەی ئەفغانستان دەکات، بەڵام ئەم حاڵەتە

لەناوخۆی ئەفغانستان و لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتییەوە نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە، بۆیە خەڵکی ئەفغانستان کە زۆرینەیان دینداربوون و هێزە نێودەوڵەتیەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا کە ترسێکی گەورەیان لە سۆڤێت هەبوو، رووبەڕوی ئەو هێرشە بوونەوە، بۆ یەکەمجار جۆرێك لە هاوپەیمانێتی لەنیوان ئیسلامیەکانی دونیا بە تایبەتی لەڕێگەی سعودیەی ئیخوانەوە لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپادا پێکهات، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی هاوبەش، کە پێیدەوترێت سۆڤێت. ئێمە لێرەدا باسی کاریگەرییەکانی جەنگی ئەفغانستان دەکەین لەسەر گەشەکردنی تیرۆر لە دونیای عەرەبدا، لەبەرئەوە ناچینە درێژەی مێژووی ئەفغانەوە.

جەنگی ئەفغانستان لەلایەن حوکمەتەکانی عەرەبەوە بە تایبەت سعودیە، ئەردەن، میسر، وڵاتانی کەنداو، پاکستان، چین، ئەمەریکا، لەندەن و هتد.. لەلایەن هەموویانەوە پشتگیرییەکی گەورەی لێدەکرا، بەڵام هەر وڵاتێك و بە هۆیەکی خۆیەوە، بۆ نموونە چین کە خۆی وڵاتێکی کۆمۆنیستی بوو، کەچی دژی سۆڤێت پشگیری موجاهیدەکانی دەکرد، چونکە چین لەگەڵ سۆڤێتدا لەرکابەریەکی قورسدا بوون لەسەر رابەرایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە دونیادا.

لەم نێوەندەدا ئیسلامگەراکانی عەرەب کەوتنە بەهاری خۆیانەوە، ئیدی دەروازەیەکی گەورەی یاسایی بە پشتیوانی رژێمەکانی خۆیان بۆ بیناکرایەوە، تاکو بچن و لەوێ ئەو هەموو بارگە حەماسەتئامێزەی چەندین ساڵە کۆی دەکەنەوە، لەوێ بەتاڵی بکەنەوە و جیهاد دژی کۆمۆنیستە بێدینەکان بکەن. لە بەرایی ئەو کەسانەی کە بـەرەو ئەفغانستان

بەڕێکەوتن، عەبدوڵاعەزام بوو، عەزام خەڵکی فەلەستین و ئەندامی ئیخوان موسلیمین بوو بە عەقڵیەتێکی سەلەفیەوە، ئەو مامۆستای زانکۆ بوو لە زانستە شەرعیەکاندا، پاشان عەزام دەبێتە مۆڵگەی هەموو ئەو عەرەبانەی دەچن بۆ ئەفغانساتن بۆ جیهاد، پاش ئەویش ئوسامەبن لادن دەچێت بۆ ئەفغانستان بۆ هاوکاریکردنی موجاهیدەکان. عەبدوڵاعەزام یەکێك بوو، لەوانەی بە مەدرەسەی سەید قوتب کارتێکراو بوو لە سعودیە لەسەر دەستی محەمەد قوتب، برای سەید قوتب تێزەکانی قوتبی لەبارەی جاهیلیەت و جیهادەوە وەرگرتبوو، بۆیە بەهەمان ئەو حەماسەتەوە کاری لەسەر ئەو تێزانە دەکرد، سەیر لەوەدایە عەزام وڵاتەکەی خۆی داگیرکراوە ‹فەلەستین› کەچی لە ئەفغانستان دەجەنگێت، ئەو بەهاوکاری دوژمنە سەرسەختەکەی وڵاتەکەی ( ئەمەریکا، بەریتانیا، و ئیسرائیل› شەڕی سۆڤێتی دەکرد.

**ئیخوان لە ئەفغانستان**

لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی ئەفغانستانەوە و بانگەوازی جیهاد لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئیخوانیش بە دەنگی ئەو هاوارەوە چوون، ئەوان لەسەرەتادا تەنیا یەکەی پزیشکی و هاوکاری مادی و مەعنەوییان دەنارد و بەئاشکرا وەك ئەندامانی خۆیان کەسیان نەدەنارد، بۆئەوەی چونکە لە مەسەلەی جیهادی فەلەستینەوە پەندیان وەرگرتبوو، بەڵام هەندێك لەسەرکردە ئیخوانییەکان هەر بەو ناوەوە چوونە ئەفغانستان بۆ ڕێکخستنی کاری ئیسلامیەکانی عەرەب لەو وڵاتە، وەك کەمال سنانیری، کە خۆی لە رابوردوودا ئەندامی

ڕێکخستنی تایبەتی ئیخوان بووە، هەروەها عەبدلمنعەم ئەبولفتوح. ئیخوان سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ ناردنی خەڵك بۆ ئەفغانستان، لەو سەردەمەدا ئەمەریکیەکان وەك چەکێکی کاریگەر و نهێنی سەیری ئیخوانیان دەکرد، لەو جەنگە نهێنییە ژێر بەژێرەدا کە لەگەڵ سۆڤێت دەیانکرد، وەك روبێرت بایر گەورە سیخوڕی ئەمریکی لە نوسینەکەیدا بە ناوی (خەوتن لەگەڵ شەیتان) باسی ئەو پەیوەندیە دەکات، کە لە نێوان ئیخوان و ئەمەریکیەکاندا هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو (جەنگە گلاوە)ی ئەمەریکییەکان دەیانکرد لە یەمەن و ئەفغانستان، چەندین شوێنی تر. لەو کەسایەتیانەی تری ئیخوان کە چوونەتە ئەفغانستان کەمال هەلەباوی بوو، کە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ لە پاکستان و ئەفغانستان مایەوە بۆ کاری ئیخوانی.

**کاریگەریەکانی جەنگی ئەفغانستان لەسەر گەشەکردنی تیرۆر**

هەرەسی سۆڤێت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابوردوودا، یەکێك بوو لەڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژوو، یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەو هەرەسەش پاشەکشەی سوپای سۆڤێت بوو لە ئەفغانستان و سەرکەوتنی جیهادی ئەفغانی بوو لەو وڵاتە.

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئەفغان، ئیدی عەرەبەکانی ئەوێ لەلایەن خەڵکی ئەفغانستان و پاکستانیشەوە جێگەی رەزامەندی نەبوون، دەبوو بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان، بەڵام ئەوان لە وڵاتەکانی خۆشیان جێگەی مەترسیبوون، چونکە

له ئەفغانستان ژیانی مەدەنییان بیرچوبۆوە و هەر جەنگ و کوشتار خەیاڵدانی گرتبوون، بەڵکو لەلایەن ئیسلامیەکانەوە جێگەی رێزبوون و وەك پاڵەوان سەیردەکران، بۆیە کاتێك دەگەڕانەوە لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەخرانە زیندانەوە.

**نموونەیەك لە وەسێتەکانی عەززام**

ئەی بانگخوازان، هیچ نرخێکتان نییە لە دونیادا تەنیا کاتێك نەبێت، کە چەك هەڵدەگرن و سەوزایی ستەمکاران و کافرانتان سوتاند. ئەی بانگخوازان داوای مەرگ بکەن، ژیانتان پێدەبەخشرێت، بە ئاواتخوازی مەخەڵەتێن، لە بارەی جیهادەوە بە گوێی کەس مەکەن، رووخسەت لەسەرکردە وەرمەگرن، خۆتان دەبێت بێن بۆ جیهاد، ئەی زانایانی ئیسلام، پێشەوایەتی ئەو نەوەیە بکەن، کە گەڕاوەتەوە بۆ ئیسلام، لەسەر مێزی ستەمکاران دامەنیشن. ئەی موسوڵمانان خەوتنتان درێژەی کێشاو ستەمکاران لەخاکتاندا بوونەتە شێر، کوا دەنگی شرورەکان، کەی دژی کۆتەکان رادەپەڕن؟

ئەی منداڵان: لەسەر ئاوازی موشەك، دەنگی تۆپ و زیڕەی فڕۆکە جەنگییەکان و هاڕەی تانکەکان، خۆتانرابێنن، ئاگاداری نەرمونیانی بن لەجێگەی خواپێداواندا مەخەون، گوێ لەمیوزیکی خۆشگوزەرانەکان مەگرن.

ئەی ژنان: دووربکەونەوە لە زێدە مەسرەفی، چونکە دوژمنی جیهادەو دەروونــی مرۆڤ لەناو دەبــات، واز لە جوانکاری بێنن، تەنیا پێداویستییەکان بەکاربێنن، منداڵەکانتان لەسەر زبری، پیاوەتی، جیهاد و پاڵەوانبازی پەروەردەبکەن.

بۆیە ئەو نموونانەی وەسێتەکانی عەزامم هێنایەوە، تا بزانین عەقڵیەتی ئوستادێکی زانکۆ پاش نزیکەیی دە ساڵ ژیان لە ناو جەنگی ئەفغانیدا، گەیشتۆتە چ ئاستێك، لەم نموونەیەدا دەبینین هیچ مانایەك بۆ ژیان لای عەزام نەماوە، بەڵکو تەنیا کوشتن، بڕین، خوێن و ژیانی عەسکەری مەرگ دەبینین. عەزام پاش تەواو بوونی جەنگی ئەفغانستانیش رای وابوو، کە دەبێت ئیسلامییەکان هەر خەریکی شەڕ و کوشتار بن، چونکە بەڕای ئەو تەنیا شەڕو کوشتار مەعدەنی پیاوان پاکدەکاتەوە، ئەو بەنیاز بوو رووبکاتە فیلیپین و کشمیر بۆ جیهاد کردن. دەبینین لێرەدا چۆن کوشتن و خوین دەبێتە ئامانجێك بۆخۆی، نەك ئامرازێك بێت بۆ ئامانجێکی تر. هەر لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیە تایبەت نییە بە ئیسلامیەکانەوە، بەڵکو عەقڵییەتی کوشتن، بڕین، تیرۆر پاشان وایلێدێت ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژی، هەرە ئەوەش یەکێکە لە قەیرانەکانی جەنگ بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا، تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی جەنگیش، بۆ نموونە زۆربەی هەواداران و پشتیوان و دەرکردەکانی نازیزم، لە جەنگاوەرە دێرینەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوون.

### دەرکەوتنی قاعیدە

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئەفغانستان و سەرکەوتنی موجاهیدان، ئیدی موجاهیدانی ئەفغانی کەوتنە جەنگی ناوخۆیی لەنێوان براکانی دوێنێ و دوژمنەکانی ئەمڕۆ. لەو نێوانەدا ئەفغانییەی عەرەبەکان نەیاندەزانی چیبکەن، ئەوان تازە فێری جەنگ، جیهاد بوون و ئەستەمە جارێکی تر بتوانن

ژیانی مەدەنی قبوڵبکەن، ئەمە بێجگە لەوەی زۆرینەی موجاهیدەکان لە وڵاتەکانی خۆیاندا داواکـراو بـوون، بە تایبەتی سورییەکان و میسرییەکان و خەڵکی سعودیە.

ئوسامە بن لادن بە هاوکاری عەبدوڵا عەزام نوسینگەی موجاهیدانی عەرەبی دامەزراندبوو بۆ رێکخستنی کاری موجاهیدانی عەرەب، بەڵام پاش ئەوەی عەزام تیرۆرکرا. ئیدی بن لادن بووە کەسی یەکەم هەرچەند ئەیمەن زەواهیریشی لەگەڵیدابوو.

لەڕاستیدا نـاوی ئەلقاعیدە هـەر لە نوسینەکانی سەیدقوتبەوە وەرگیراوە، بە تایبەت لە کتێبی (معالم في الطريق)، کە وەك مانیفستۆی جیهادییەکان وەهایە، لەوێدا باسی ئەوە دەکات بۆ ژیانەوەی ئیسلام پێویستە (القاعده الصلبه) دروستبکرێت، کە بریتییە لە گروپی موسوڵمانی راست و تەنیا لەپێناوی مەبدەئەکەیاندا دەژین و تێدەکۆشن.

وەك ئەیمەن زەواهـەری باسیدەکات ئوسامە بن لادن ئەندامی ئیخوان موسلیمین بوو، هەر بە فەرمانی ئیخوانیش هات بۆ ئەفغانستان، بەڵام بە هۆی سەرکێشیەکانییەوە لە ئیخوان دەرکرا، هەروەها باس لەوە دەکات کاتێك مستەفا مشهور (رابــەری ئیخوان) هــات بۆ پیشاوەر (مۆڵگەی موجاهیدانی عەرەب-ئەفغان) لەگەڵ بن لادن کۆبۆتەوە و داوای لێکردووە بگەڕێتەوە ناو رێکخستنی ئیخوان.

لەسەرەتادا دامەزراندنی قاعیدە وەك سەنتەرێکی خزمەتگوزاری بوو بۆ ئەو عەرەبانەی دەچنە ئەفغانستان بۆ جیهاد، کاتێك عەزام توانیی بن لادن بەلای خۆیدا رابکێشێت، کە پێکەوە کاربکەن بۆ ئەو مەبەستە. بن لادن ملیۆنێرێکی

سعودیە و لەگەڵ بنەماڵەی سعوددا پەیوەندییەکی گەرموگوڕی هەبوو، لە هەمانکاتیشدا لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە پشتگیری دەکرا بۆئەوەی هاوکاری ئەفغانییەکان بکات. لە ڕاستیدا ئەمەریکیەکان لەڕێگەی دەزگای هەواڵگریی پاکستانەوە، هاوکاری تەواوی موجاهیدانی ئەفغانیان دەکرد دژ بە سۆڤێت و هاوپەیمانەکانی، وەك هەندێك ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیشدا هاتووە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی بە زیاتر لە 600ملیۆن دۆلار هاوکاری ئەفغانییەکانی کردووە، ئەو بڕە پارەیەش بەزۆری لە سعودیە و دەوڵەمەندەکانی کەنداو سەندراوە. ئۆفیسی قاعیدە ‹ئەوکاتە بە نوسینگەی خزمەتگوزاری موجاهیدان ناسرابوو› تەنانەت لە واشنتۆنیش نوسینگەی هەبوو، ‹عەلی محەمەد› ناوێك سەرپەرشتی دەکرد، کە دوایی دەرکەوت سیخوڕی دوولایەنەبوو. لەوکاتەدا دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی هێناوە مەشقی بە موجاهیدان دەکرد، تەنانەت وەك باسدەکرێت بۆ تەقاندنەوەی نیویۆرك 2001 ئەوان سودیان لە مەشقەکانی ئەو دەزگایە بینیووە. هەرچەندە ژمارەی ئەو عەرەبانەی بەشدارییان لە جیهادی ئەفغانیدا کرد، بەنیسبەت ژمارەی ئەفغانییەکان خۆیان تەنیا شتێکی ڕەمزی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئیسلامیەکان عەرەبە لەو وڵاتە تەنیا مەبەستیان جیهاد نەبوو، بەڵکو ئەوان ئەو شوێنەیان وەك پەناگەیەك بۆخۆیان بەکاردێنا، لەهەمانکاتیشدا ئەوان ئەو مەیدانەیان وەك مەیدانی مەشقکردنی پراکتیکی بەکاردەهێنا، بۆئەوەی لە وڵاتەکانی خۆیان سودی لێببینن، چونکە لای خۆیان هیچ بوارێك نەبوو بۆ کاری چەکداری، هەرواشبوو، چونکە زۆرینەی تیرۆریستەکانی عەرەب لە نەوەدەکاندا یان

له گەڕاوەکانی ئەفغانستان بوون، یاخود لەسەر دەستی ئەوان تەیارکرابوون.

بەهەرحاڵ ئەفغانستان ئەو ژینگە لەبارەبوو، کە هەرچی گەراکە ئیسلامییەکانە و ماوەی چەندین ساڵ دانرابوون، لەوێدا توانیان بترەکن، بەڵکو گەشەی زیاتربکەن، هەر لەوێشدا دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسلامیەکاندا توندتربکاتەوە، هەرچەند پاش کۆتاییهاتنی جەنگ، ئەو گەرا ترەکیوانە دەبنە بەڵایەکی تر بۆ ئەمەریکییەکان خۆیان.

پاش ئەوەی ئیسلامییەکانی سودان بەسەرکردایەتی حەسەن تورابی و عومەر بەشیر کودەتایان کرد بەسەر حکومەتی مەدەنی هەڵبژێردراوی سودان سادق مەهدی، حەسەن تورابی بانگهێشتنامەی نارد بۆ بن لادن، کە بچێتە سودان و ئەو وڵاتە بکاتە بنکەی چالاکییەکانی، چونکە سودان بۆتە وڵاتێکی ئیسلامی، بەڵام پاش ئەوەی لە کینیا و تەنزانیا کاری تیرۆریستی دژ بە باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا ئەنجامدرا و بن لادن بەو کارە تیرۆریستییە تاوانبار کرا، حکومەتی سودان ناچارکرا بن لادن لە وڵاتەکەی دەربکات. ئەمجارەیان دیسان ئەفغانستان دەرگای بۆ بن لادن واڵاکرد. بن لادن بە هۆی تاڵیبانەوە پەناگەیەکی ئارامی پێبەخشراو قاعیدەش کرایە بەشێك لە سوپاکەی تالیبان، بنلادن بەیعەتی بە مەلا عومەرو تاڵیباندا، وەك خەلیفەی موسوڵمانان. لەهەمانکاتیشدا ئەو فەتوای دەرکرد بەوەی کە فەرزە لەسەر هەر موسوڵمانێك هەر کەسێکی ئەمەریکی بینی یەکسەر بیکوژێت، بێهیچ پاساوێك، جا ئەو ئەمەریکییە سەرباز بێت، یان مەدەنی، ژن بێت یان پیاو، منداڵ بێت یان گەورە!

**ئێمە تائێستا دەبینین تیرۆری ئیسلامی لەچەند حاڵەتێکدا خۆی دەبینێتەوە:**

1-تیرۆری ئەمەریکییەکان و غەیرە موسوڵمانەکان.

2-هەوڵدان بۆ رووخاندنی رژێمە سیاسیەکانی وڵاتانی ئیسلامی.

3-دژایەتیکردنی عەلمانییەت و هەر فکرێکی دەرەوەی ئیسلامی.

4-تیرۆریست تائێستا لە دەرەوەی سنوری کۆمەڵگە ئیسلامیەکان کاردەکات.

5-تائێستا تیرۆر لەحاڵەتی گروپدا کاردەکەن وەك رێکخستنی نهێنی.

شایەنی باسە هەر لەم سەروبەندەدایە، کە شێخ یوسف قەرزاوی فەتوایەك دەردەکات، بەوەی کە فەلەستینییەکان دەتوانن خۆیان بتەقێننەوە لەناو مەدەنییەکانی ئیسرائیلدا، بەوپێیەی کە ئیسرائیلیەکان ‹ژن و منداڵ، پیاو، گەورە و بچووکیان› خوێنیان حەڵاڵە، چونکە هەموو وەك داگیرکەری فەلەستین سەیردەکرێن، پاشان قەرزاوی فەتواکەی گشتگیر دەکات، کە دەشێت کەسێك خۆی لەناو موسوڵمانانیشدا بتەقێنێتەوە، بەڵام بە پێی فەتوای زانایان لەکات و شوێنی خۆیدا، ‹بۆ نموونە وەك سوریا›. ئیتر وابزانم جیاوازییەکی زۆر نییە لەنێوان فەتوای قەرزاوی و بن لادندا.

**تەقاندنەوەی تاوەرەکانی نیویۆرك: گۆڕینی مێژوو**

2001/9/11 یەکێکە لە رۆژە هەرە جیاوازەکانی مێژوو. لەو رۆژەدا ئیدی رووی دونیا تەواو گۆڕانی بەسەردا هات،

کاتێك چەندین فڕۆکە بەخۆیان و سەرنشینەکانیانەوە، خۆیان کێشا بەچەندین دامـەزراوەی ناو ئەمەریکادا، لەوانە هەر دوو تاوەری بازرگانی جیهانی لە مانهاتن، کۆشکی سپی و وەزارەتـی بەرگری ئەمەریکی. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە هیچ شێوەیەك هیچ پەلامارێکی تیرۆریستی بەو قەبارەیە روویندەداوە لە دونیادا، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

لەسەرەتادا بن لادن نکۆڵی لەوە کرد، کە ئەوان کارێکی لەو شێوەیەیان کردبێت، چونکە ئەو وەك خۆی دەیوت بەیعەتی داوە بە ئەمیرلمؤمنین و بێ پرسی ئەو هیچ شتێك ناکات، بەڵام پاشان دانی پێداناو لیستی ئەو خۆکوژانەشی ئاشکرا کرد، کە هەڵساون بەوکارە تیرۆریستییە.

لێرەوە ئیدی تیرۆری ئیسلامی بازێکی زەبەلاحیدا لە چەند گروپێکی لۆکاڵیەوە بۆ دیاردەیەکی نێودەوڵەتی، لە کوشتنی کەسایەتیەکانەوە بۆ جەنگێکی جیهانی کراوە بەسەر هەموو ئەگەرێکدا.

ئێستا دەتوانین بڵێین تیرۆر هەنگاوێکی زۆر گەورەتری نا بەرەو گەشەکردنێکی زیاتر، ئێستا ئیدی هەموو دەوڵەتانی دونیا خۆیان بینییەوە لەبەردەم واقیعێکی نوێدا، کە ئەوان بەمێشکیاندا نەدەهات: تیرۆر لەوە گەورەتر، فراوانترو کاریگەرترە، کە ئەوان بیریان لێدەکردەوە، کەواتە تیرۆریستان بە ئاسانی دەستییان دەگاتە هەموو شوێنێکی دونیا.

کە شۆڕشی زانیاریش (ثورة المعلومات)، گلۆبالیزەیشن، دەرکەوتنی سەتەلایت، ئینتەرنێت، مۆبایل و هەموو ئامرازە نوێکانی گەیاندن و راگەیاندن دەورێکی گرنگییان بینی لە

دەرکەوتنی دیاردەی تیرۆرو بڵاوبوونەوەی بە دونیادا، قاعیدە بە باشی توانیوێتی ئەو بەرهەمە مرۆییانە بە کاربێنێت بۆ مەرامە تیرۆریستیەکانی خۆی.

بە پێی راپۆرتێك قاعیدە لەماوەی چەند ساڵێکدا، هەزاران پێگەی ئەلیکترۆنییان لەئینتەرنێتدا دروستکردوەو لەو رێگەیەوە فەرمانەکانی خۆیان دەگەیەنن.

**داگیرکردنی عیراق: رەهاکردنی عفریتی تیرۆر**

کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاریدا رژێمی بەعس بڕوخێنێت، لەڕاستیدا نەیدەزانی چ ئەنجامێکی کارەساتبار چاوەڕوانی دەکات، پێدەچێت ئەمەریکییەکان زۆر خۆشباوەڕ بووبن بە رووخاندنی رژێم، بەڵام لە راستیدا پێدەچێت رژێمی هەرە گەورەی راگرتنی تیرۆری قاعیدە و هەژموونی شیعەش بووبێت.

پاش هەرەسی خێرای رژێمەکەی سەدام، قاعیدە هەر زۆر بەزویی لەم وڵاتەدا گەراکانی تروکاند و پانتاییەکی فراوانی تێداگرت، هەڵبەت فاکتەرەکان زۆرن بۆ گەشەکردنی قاعیدە لەعیراقدا. وەك ئەوەی سوننە بە تـەواوی دژی رووخانی رژێم بوون و هەر ئەوانیش بوونە ئامێزی گەرمی قاعیدە، هەروەها ستەمکاریەکانی شیعە و ئەو کوشتارگەیەی لەنێوان هەردووکیاندا بەرپابوو، ئەوە بێجگە لەوەی ئەمەریکیەکان خۆیان دەستیان شلکردبوو بۆ بەرپابوونی جەنگێکی تائیفی لەو وڵاتەدا، بێگومان فەتواکانی تەکفیر و کوشتنی شیعەی کافر و عەقڵیەتی پیلانگێڕیی شیعەگەرایی و هتد، هەموو ئاگری جەنگییان خۆشدەکرد. ئەو ژینگەیەش لەبارترین

ژینگەی بۆ بەرهەمهاتنی تیرۆر و گەشەکردنی گەراکانی، هەر بۆیە بە ئاسانی قاعیدە لە ناوچە سوننە نشینەکانی وڵاتدا گەشەیانکرد و کەوتنە جوڵەیەکی فراوان، هەڵبەت ئەوە تەنیا قاعیدە نەبوون، کە گروپی تیرۆریستییان بەرهەمهێنا، بەڵکو چەندین گروپی تری ئیسلامی لەم بوارەدا کەوتنەگەڕ، لێرەدا فەرهەنگی تیرۆر چەند رەهەندێکی تر زیاددەکات وەك:

1-لێرەوە ئیدی تیرۆر پانتاییەکی گەورەتر داگیر دەکات لە دڵی دونیای عەرەب و لە ئەوروپاش نزیکتر دەبێتەوە، چونکە عێراق ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگە و دڵی دونیای عەرەبە، بە پێچەوانەی ئەفغانستان کە لاکەوتەیە و دوورە. عیراق دراوسێی کەنداوی عەرەب و شامە، نزیکی ئیسرائیلە.

2-رەهەندی تائیفی کە لە عێراقدا تۆخدەبێتەوە، تا ئەو کاتە قاعیدە و ئیسلامییەکان تەنیا دژایەتی خۆیان بۆ ئەمریکییەکان و خۆرئاوا دەردەبڕی، بەڵام ئیدی لێرەوە شیعە ‹کەبوونەتە حاکمی عێراق و دەستیان سور کردووە بە خوێنی سوننەی عیراق› هەروەها ئێران کە بۆتە خاوەنی عیراق و بە ئارەزوی خۆی تەراتێندەکات لەو وڵاتەدا، ئیدی شیعە دەبنە دوژمنی ژمارەیەك و پێش ئەمەریکیەکان دەکەون لە دژایەتیدا.

3-قاعیدە کە «ئەبومەسعەب زەرقـاوی› نوێنەرایەتی دەکرد، بە ئاشکرا و دوور لە شاخە سەختەکانی تۆرابۆرا لە شارە سوننەنشینەکانی عیراقدا کارو چالاکی ئەنجام داوەو ئەندامەکانیان شانازییان بەخۆیانەوە دەکـرد، تەنانەت باج و سەرانەشییان دەستاند. واتە تیرۆر بووە بەشێك لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراق و جەماوەرێك لە ئامێزی گرتووە، نەك تەنیا کۆمەڵێك کەسی راونـراوبـن لە شاخە دوورە دەستەکانی ئەفغانستان.

4-دەتوانین بڵێین تا ئەو ساتەوەختە ئەو ڕاستییە بە کاڵی دەرکەوتبوو، کە سوننە ‹بە تایبەتی عەرەب› هەر بەسروشتی کولتور و فەرهەنگی خۆیان هەڵگری فەرهەنگی قاعیدە و عەقڵیەتی تیرۆرن، یاخود بە لایەنی کەمەوە ئەو فەرهەنگە بە لای ئەوانەوە نامۆ نییە و هەڵقوڵاوی ناخی ئەوانە، ئەوەی لەدوای داگیرکردنی عیراق سەردانی موسڵ، ئەنبار، تکریتی کردبێت و ژیانی ئەوێ بینیبێت ئەو ڕاستییەی بە چاوی خۆی بینیوە، کە ئەو شارانە هەموو هەڵگری فکری تیرۆرن وەك:

-هەموویان ڕقێکی ڕەشییان بەرامبەر شیعە و ئێران، تەنانەت کوردیش هەیە بەوحسابەی کورد پشتیوانییان لە ئەمەریکا کردووە.

-بەرامبەر ئەمەریکا و یەکجۆر بیرکردنەوەی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە.

-جەنگ بەرامبەر ئەمەریکا بە جیهادێکی پیرۆز دەزانن.

-ئەوان ئامادەن عیراق وێرانبکەن، تاوەکو کورد و شیعە دەسەڵاتییان نەبێت.

-هەرگیز ئامادەنین دان بە دیموکراسیەت و هەڵبژاردندا بنێن.

-لەڕاستیدا لەوکاتەوە لە عێراق و لای عەرەب بە گشتی پرسی مەزهەبی و نەتەوەیی تێکەڵ بە یەکتربوون، ئەوان ئیدی شیعە بە عەرەب نازانن، شیعەش خۆیان هەر بەهەمانشێوە هەستی عەرەبییان نییە، بەڵکو زیاتر دڵیان بە ئێران خۆشە، نەك وڵاتێکی عەرەبی.

## بەهاری عەرەب و دەرکەوتنی داعش

تەقینەوەی تونس، پاش ئەویش میسر، لیبیا، یەمەن و سوریا خەیاڵێك بوو کەس نەیدەگەیشتێ، بەڵام روویدا، ئەوە چی روویدا ؟ چیبوو؟ بەدەر لە هەر بیرکردنەوەیەکی پیلانگێڕی ئـەوەی کـە روویـدا ئەنجامی هـەوکـردن و بۆگەنکردنی زامە قووڵەکانی دونیای عەرەب بوو، ئەنجامی ئەوە هەموو سوکایەتی و بێحورمەتکردنەی مرۆڤ بوو لەو دونیایەدا، هەموو ئازادیخوازانی دونیا دڵخۆشبوون بەوەی، کە دواجار عەرەب توانیان ئازادی خۆیابپچڕن، بەڵام ئەوەی دونیا لێی بێئاگا بوو ئەو دۆزەخە شاراوەیە بوو، کە لە هەناوی دونیای عەرەبدا گینگڵی دەدا. عەرەب شۆڕشیان کرد، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بەرەو ئازادی هەنگاو بنێن، بە دەستی خۆیان جارێکی تر دکتاتۆری و تاریکییان هەڵبژاردەوە، ئەمە لە لیبیا، یەمەن، سوریا و میسردا دەرکەوت. ئێمە بۆ کورتکردنەوەی نوسینەکە تەنیا باسی سوریا دەکەین. لەوانەیە راپەڕینی خەڵکی سوریا مەترسیدارترین راپەڕینی بەهاری عەرەبی بووبێت، بەڵکو ئەو راپەڕینە بوو، کە ئیدی هەموو ئەوانی تری لەباربرد و وایکرد ئیتر هیچ گەلێکی تری وڵاتانی عەرەب بیر لە گۆڕانکاری نەکاتەوە.

بێگومان ئـەوەی رژێمی سوریا لـەدژی گەلەکەی کردوێتی، تەنانەت داگیرکەرانیش لەگەڵ وڵاتانی داگیرکراودا نەیانکردووە، مەگەر سوپای هیتلەر نەبێت لە پۆڵۆنیاو سۆڤیەتی جاران. هەر لە کۆمەڵکوژییەوە بۆ لەبرسا کوشتن و زیندانیکردن و بێسەروشوێنکردن، بۆمباران ئەتککردنی شـەرەف، لە ئینسانییەت خستن و هتد. ئەو راپۆرتانەی

باس لە وەحشیگەرییەکانی رژێمی سوری دەکـەن، تەنیا وەحشیگەریەکانی تەتارو هیتلەرمان دێننەوەیاد. لە ئەنجامی ئەو وەحشیگەریەدا لە بەرامبەر وەحشیگەریەکی تر بەرهەمدێت، کە لەو کەمتر نییە، ئەویش تیرۆری ئیسلامیە بە باڵاترین شێوە.

پاش چەند گۆڕانکارییەك گروپی داعش دەردەکەوێت، لەڕاستیدا داعش تازە نەبوون، بەڵکو لە سوریادا گەشەی زیاتریان کرد، داعش لەسەرەتادا لە عێراق بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق دامــەزرا. ئەو ڤێرژنی گەشەکردوی قاعیدەبوو، هەر ئینتمایشی بۆ قاعیدە هەبوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخی لەباری ناوچە سوننە نشینەکانەوە توانیبوویان ناوچەیەك بۆخۆیان دابڕن و لە فەلوجە ‹دەوڵەتی ئیسلامی عێراق› دابمەزرێنن، بەڵام ئەوان کایەی جوڵەیان لە عیراقدا سنوردار بوو.

**گرنگترین پەرەسەندنەکانی تیرۆر لەسەر دەستی داعش:**

دەتوانین بڵێین داعــش دوا ڤێرژنی گەشەکردوی تیرۆرە لە ئیسلامی سیاسیدا، کە لە وەهابییەکانی کەنداودا سەرهەڵدەدات و لای ئیخوان موسلیمین بەشێوەیەکی نهێنی و رێکخراو ئۆرگانیزە دەکرێت، پاشان سەید قوتب زیاتر وەك بیریارێکی ئیسلامی قوولێدەکاتەوەو پایەکانی دادەکوتێت و سنورەکانی دیاریدەکات، پاش ئەویش ئیدی چەندین رێکخراوی وەك تەکفیر هیجرە پراکتیزەی دەکـەن، بەڵام جەنگی ئەفغانستان دەبێتە باشترین ژینگە بۆ تروکاندنی گەراکانی تـیـرۆری ئیسلامی لەکاتی خـۆیـدا، پاشانیش

تەقاندنەوەی تاوەرەكانی نیۆیۆرك، ئەو دەروازەیە بوو، كە تیرۆری كردە دیاردەیەكی نێودەوڵەتی و رووی مێژوویی گۆڕی و داگیركردنی ئەفغانستان و عێراقی بەدوای خۆیدا هێنا. داگیركردنی عیراق هەلێكی زێڕین بوو، بۆئەوەی قاعیدە زەمینەیەكی گرنگی لەناو دڵی دونیای عەرەبدا بۆ بڕەخسێت، پاشانیش بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆی سوریا ئەو پانتاییەی فراوانكرد، كە تیرۆر تێیدا دەجوڵێت و لەوێشەوە داعش وەك دوا ڤێرژنی تیرۆر دەردەكەوێت.

**لە گرنگترین پەرەسەندنەكانی تیرۆر لای داعش ئەمانەن:**

-هونەری كوشتن، سەربڕین و شانازی پێوەكردن.

-بەكارهێنانی هونەری سینەمایی دەرهێنان لە وێناكردنی پرۆسەكانی كوشتن و سەربڕیندا.

-كۆمەڵكوژی بە سەدان و هەزاران لە خەڵكانی سڤیل، یان سوپای عیراق و سوریادا كە موسوڵمانن.

-دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت لەسەر هەردوو خاكی سوریا و عێراق.

-سڕینەوەی سنورەكانی نێوان سوریا و عیراق.

-بڵاوكردنەوەی ستراتیژیەتی خۆیان لە دامەزراندنی خەلافەت لە عیراق، سوریا، ئێران، كەنداوی عەرەب، توركیا، شام، مەغەریبی عەرەبی، میسر و هتد، واتە داعش ستراتیژیەتی وایە كە دەبێت هەموو دونیای ئیسلام داگیربكات، تەنانەت رۆماو ئەندەلوسیش، لەسەر ئەو خاڵەش یەك دەوڵەتی خەلافەت دادەمەزرێنێت.

-لەوانەش گرنگتر داعش دەوڵەت و سیستمیان دامەزراند و خەلیفەشیان دەستنیشان كرد و نیوەی عێراق و سوریایان خستە ژێر دەستی خۆیان.

-بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێدا گروپێکی ئیسلامی بە ئاشکرا پەلاماری سەربازی بەرەیی دەدات نەك کوشتن، ئیغتیال و شەڕی پارتیزانی، بەڵکو سوپایەکی مەشقپێکراو و جەنگی بەرەیی دەکات.

- بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێدا گروپێکی ئیسلامی کەنیزەك دەگرێت و دەیانفرۆشێت، بەڵکو بە شانازیشەوە کاری سێکسی لەگەل کەنیزەکدا دەکات، جزیە لە مەسیحی دەسەنێت و بەڕاشکاوی پاکتاوی شیعە دەکات و شەریعەت جێبەجێدەکات.

-یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی گەشەکردنی تیرۆر لەسەر دەستی داعـش، بنیاتنانی ئابوری بەهێزە، داعـش ئێستا خاوەنی خاك، خەڵك، سنورە و ملیۆنەها کەس بەخێو دەکات، لە عێراق و سوریا، ئێستا داعـش خاوەنی بیرە نـەوت و بازرگانی نەوت و دراوی ئیسلامیە و وەزارەت و کاربەدەست و هەموو شتێکی هەیە، ئەو دەوڵەتێکە لە دەرەوەی مێژوو، لە راستیدا ئەگەر سیستمی نێودەوڵەتی تازە و مەسەلەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی نەبوایە، ئێستا داعش بە حوکمی واقیع دەوڵەتێکی تەواو دەبوو، بەڵام گرفتی داعش ئەوەیە کە دانپێدانانی نێودەوڵەتی نییە و هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**ئەنجامگیری**

لـەم لـێـکـۆڵـیـنـەوەیـەدا چـەنـدیـن خـاڵـی گرنگمان بۆدەردەکەوێت، کە دەتوانین لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێ بکەین:

1-کێرڤی گەشەکردنی تیرۆر لەسەرەتای سـەدەی بیستەمەوە تائەمڕۆ، بەرەو هەڵکشان دەچێت. ڕاستە لە هەندێك سەردەمدا هێواش بۆتەوە یان دابەزیوە، بەڵام پاشان زۆر بەهێزەوە هەڵکشاوەتەوە.

2-پزیسکەکانی هەڵگیرساندنی تیرۆر بە ناوی ئایینەوە لە بیابانەکانی کـەنـداوەوە پریشك دەدات و لە قاهیرە لەسەردەستی ئیخوان موسلیمین زیاتر ڕێکدەخرێت و دەهێنرێتە ناو مەیدانی هەموو ئیسلامییەکانەوە.

3-پاشان لەسەردەستی نوسەری بەناوبانگی ئیخوان سەیدقوتب زۆر بەشێوەیەکی سیستماتیك و بە زمانێکی ئەدەبی زۆر پتەو و قەشەنگ تیۆریزە دەکرێت، بەجۆرێك تیرۆر دەبێتە گەورەترین ئاواتی زۆرینەی ئیسلامییەکان.

4-پاش ساڵی حەفتا و پاش ئەوەی قوتب دەبێتە ئەفسانەی خۆڕاگری و خۆبەختکردن لەپێناوی مەبدەئەکەیدا، چەندین گروپ لەژێر کاریگەری تێزەکانی ئەودا بەرهەمدێن و بەناوی جیهاد و لەناوبردنی تاغوتەوە، تیرۆری زۆر ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەو مومارەسانە لە چێوەیەکی تەسك گروپی بچوك و کاری سنورداردا دەمێنێتەوە. لە دیاریترین کارەکانیشیان تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر بوو.

5-جەنگی ئەفغانستان بـووە بیانویەکی گرنگ و دالّدەیەکی گرنگتر بۆ ئیسلامیەکانی عەرەب و جیهادیەکان و ئیخوانییەکانیش، بۆئەوەی لەوێندەر مومارەسەی خولیای جیهادی خۆیان بکەن، ئەوانەش کە ڕێکخەری موجاهیدانی عەرەبن لە ئەفغانستان، دیسان هەر لەئەندامانی ئیخوانن وەك عەبدوڵڵا عەزام.

6-لەڕاستیدا لــەدوای دەرکەوتنی ئیخوانەوە، هەر لایەنێکی تری ئیسلامی دەرکەوتبێت لەژێرکاریگەری ئەو گروپەدا بووە، یان لەو جیابۆتەوە، وەك تەکفیر، هیجرەو ئەوانی تر.

7-سرورییەکانیش کە زۆرینەی جیهادیەکانی سعودیە و وڵاتانی تریان لێوە هەڵدەقوڵێت هەر ئیخوانن، بەڵام موتوربەکراوە بە سەلەفیەتی ئیبن تەیمیە و فەتوا توندەکانی ئەو.

8-جەنگی ناوخۆیی سوریا 1980، بە پێشەوایەتی ئیخوانی ئەو وڵاتە هەنگاوێکی تری گەشەکردنی تیرۆر بوو، لەو جەنگەدا هەزاران کەسی بێتاوان کوژران، لەوێدا سەعید حەوا جارێکی تر تیۆریزەی تیرۆری کردەوە و پێیوتین تیرۆر ئەسڵی ئیسلامە، وەك لەجندوڵڵادا دەڵێت، سەعید حەوا یەکێکە لەکاریگەرترین نوسەرەکانی بواری ئیسلامیات بە تایبەتی پلاندارێژەری پەیکەری حزبی و چەکدارییە.

9-قاعیدە بەرەنجامی هەموو سەرکردەکانی تیرۆری جیهانی عەرەب و کۆکراوەی هەموو مێژوویان بوو، کە لە ئەفغانستان سەریهەڵداو لەوێوە بەدونیادا بڵاودەبێتەوە، کردەکانی قاعیدە لەسەرەتادا سادەن وەك تەقاندنەوەی باڵویزخانەکان لە ئەفەریقیا، بەڵام بە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی مانهاتن، ئیدی قاعیدە دونیای هەژاند و مێژووی گۆڕی بەرەو خراپتر. لەو مێژووەوە ئیتر دونیا رۆژانە تلدەبێتەوە بەرەو خراپتر و تیرۆر وەك کڵۆی ئاگر رۆژانە زیاتر و گەورەتر دەبێت.

10-لەئەنجامی تەقاندنەوەی تاوەرەکانی نیویۆرکدا، ئەفغانستان داگیرکراو بن لادن و مەلا عومەر هەڵاتن، بەڵام لێرەوە ئیدی قاعیدە دەبێتە رێکخراوێکی نێونەتەوەیی ئیسلامی و دەبێتە مارکەی تیرۆری ئیسلامی و لە هەموو لایەك و سوچێکی دونیاوە هەر کەسێك تیرۆری ئیسلامی ئەنجامبدات، خۆی ناودەنێت قاعیدە، لە راستیدا قاعیدە هێندەی ناوێکە، هێندە رێکخستن نییە.

11-داگیرکردنی عیراق بازدانێکی گەورەبوو لەڕێکخستنی تیرۆریزمدا، ئەبومەسعەب زەرقاوی، کە وەك قاعیدە زۆی ناساند و بەو نـاوەوە لە عێراق رێکخستنی تیرۆریستی دروستکرد، بەچەندین هەنگاوی تر بـرەوی بە تیرۆردا، وەك سەربڕین لەبەرچاوی دونیادا و گواستنەوەی تیرۆر لە ئەمەریکیەکانەوە بۆ شیعە و هەر کەسێك ‹ئەگەر سوننەش بێت› لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، ئـەوان تەنانەت حزبی ئیسلامی عێراقیشیان دەکوشت، هەروەها لە ئەندامانی خێڵە سوننییەکانیشیان دەکوشت، ئەگەر هاوکاریان نەبوونایە.

12-کوژرانی زەرقاوی بە پێچەوانەوە لەجیاتی ئەوەی تیرۆر خامۆشبکات، کەچی بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتیەکی نوێ بەرهەم بێنێت زۆر توندتر و دڕندەتر و ستراتیژیتر بیربکاتەوە، دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنن و خاك و پارە بەدەستدێنن.

13-جەنگی ناوخۆی سوریا هەلێکی مێژوویی گەورەبوو بۆ داعش رەخسا ، ئەو توانی لەماوەیەکی کەمدا، لە سوریا و عێراق ببێتە خاوەن پێگەیەکی مرۆیی و جوگرافیی گەورە، داگیرکردنی چەند شارێکی سوریا، پاشان داگیرکردنی موسڵ

و تكريت لە لایەن ئەو رێکخراوە و بازدانێکی تری گەورەی تیرۆر بوو بەرەو لوتكە، چیتر داعش ئەو رێکخراوە نهێنییە ترساوە نییە، نەتوانێت خۆی دەربخات، ئێستا ئەو خاوەنی قەوارەی خۆی، خەڵك، سیستم و خەلیفەیە، داعش خەونی خەلافەتی هێنایەدی.

14-دەرکەوتنی داعش بەمشێوەیە و بێدەنگی دونیای ئیسلام بەرامبەر کردەوەکانی داعش و هەڵکشانی بەردەوامی ئەندامان، موجاهیدانی ئەو رێکخراوە بە هەزاران و پشتیوانی لێکردنی بەوشێوازە بۆی ئاشکراکردین، کە داعش تەنیا نییە و زۆڵیش نییە، بەڵکو کوڕی شەرعیی ئیسلامی سیاسی و سوننەی عەرەبە. ئەوان هەرچەندە بە رەسمی دژایەتی کارەکانی داعش دەکەن، بەڵام دەزانن لە مەودای دووردا هەموویان لە یەك ریزدا رادەوەستن و هەمان ئامانج دەپێکن .

15-ئیخوان موسلیمین، هەرچەند یەکەم پزیسکی ئاگری تیرۆریان هەڵگیرساند، پاشانیش تیرۆر هەر لەسەر دەستی سەرکردەکانی ئەوان داڕشتنی تیۆری بۆکراوە، وەك سەیدقوتب و سەعید حەواو کەسانی تر- هەروەها لەجەنگی ئەفغانستاندا، تەنانەت لەچیچانیشدا دەستیان هەبووە و جەنگی ناوخۆی سوریا لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەیان ساڵە هەوڵی ئەوە دەدەن، کە خۆیان داڕنـن لە تۆمەتی توندوتیژی و تیرۆر «لای کەم لەڕووی فەرمییەوە»، بەڵام لە راستیدا تاکو ئێستاش مەنهەجی پەروەردەی ئیخوان بەرهەمهێنەری تیرۆرە، یاخود زەمینەسازییەکی تەواو دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر « ئەمەیانم لەبەشی تیرۆرسازیدا روونکردۆتەوە».

**فکری تۆتالیتارو**

**کاریگەریەکانی لەسەر ئیخوان موسلیمین**

**1948-1928**

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی نوێ بکات بۆ ئیخوان موسلیمین و دۆزینەوەی رەگەکانی ئەو گروپە لەناو ئایدۆلۆژیایەك، کە زادەی مۆدێرنێتەیە، ئەویش تۆتالیتاریزمە.

**بابەتەکە لەچەند تەوەرێك پێکدێت:**

1-پێناسێکی کورت بۆ تۆتالیتاریزم و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تایبەتمەندیەکانییەتی، لەگەڵ تیشکخستنەسەر ئەزموونەکانی تۆتالیتاریزم لە خۆرئاوادا.

2-بەشی دوەم ئیخوان موسلیمین سەرهەڵدان و هۆکارەکانی، پەیکەری ئیخوان و پێناسەی ئیخوان بۆ ئایین و تایبەتمەندییەکانی ئیخوان موسلیمین.

3-بەراوردکارییەك لەنێوان هەردوو مەدرەسەکەدا.

**تەوەری یەکەم:**

**تۆتالیتاریزم:** شێوازێکی تایبەتە لە هەژموونی رەهای دەسەڵات بەسەر گەل (کۆمەڵ) و تاکەکان و چالاکیەکانیان و هەموو مومارەسەیەکی ئابوریی و رۆشنبیری، کە بە زۆری لەڕێگەی ئەنجامە مێژوویی، مرۆیی، کۆمەڵایەتییەکانییەوە دەیناسینەوە (گیوم سیبرتیان: الفلسفە السیاسیە فی القرن العشرین)

ئەم پێناسەش بۆ تۆتالیتاریزم بەکاردێت بۆ سێ رژێمی ئایدۆلۆژی (کۆمەڵایەتی- سیاسی) جیاواز، کە لە زۆر رووەوە

جیاوازن، بەڵام لە زۆربـەی لایەنەکانی ترەوە لێکنزیکن. ئەوانیش ئەڵمانیای نـازی وئیتاڵیای فاشی و سەردەمی ستالین لە ئەزموونی سۆڤێتیدا، یەکەمجاریش ئەم تێرمە لە لایەن ئیتاڵییەکانەوە بەکارهێنرا، وەك وەسفێك بۆ سیستمی فاشیستی ئیتاڵی.

بیرمەندی ئیتاڵی (جیۆڤانی جینتلی)، کە یەکێك بوو لە گەورەترین هەوادارنی مۆسۆلینی، کاتێك ئەوتێرمەی بەکارهێنا (واتە تۆتالیتاریزم)، وەك هاوشانی دەوڵەتێکی پێشکەوتووتر، پاکتر و مۆراڵیتر لە سیستمی لیبرالیزم بەکاریهێنا، ئەو دەیوت (یەکەم خاڵ کە پێویستە رەچاوی بکەین ئەوەیە، کە بزانین فاشیزم رووبەرێکی سەراسەرییە (تۆتالیتارە)، کە تەنیا گرنگی بەرێکخستنی سیاسی و کاری سیاسی نادات، بەڵکو گرنگی بە تەواوی ویستی ئوممەت دەدات، بەشێوازی بیرکردنەوەی خەڵك، تەنانەت هەست (شعور)یشیان دەدات.

مەبەستی لەوەیە کە سیستمی تۆتاڵ تەنیا ئەرکی کاری سیاسی و قۆرخکردنی کایەی دەسەڵات نییە، وەك ئەوەی سیستمە دیکتاتۆریەکان پیادەیدەکەن. بەڵکو سیستمی سەراپاگەرا (تۆتالیتار)، شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو جومگەکانی کۆمەڵگە و تاك، تەنانەت شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردن (خۆشویستن، رق لێبوون، دۆستایەتی، جۆری دوژمن، هونەر، ئەدەب) هتد کۆنترۆڵدەکات. وردەکاری ژیانی رۆژانەی تاك و ژیانی خێزانی، تەنانەت جۆری خواردن و جلوبەرگیش قۆرخ دەکات.

سیستمی تۆتالیتار هەموو جومگە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگە تێکدەشکێنێت و بە پێی پێداویستیەکانی ئایدۆلۆژیای

خۆی جومگەکان بنیاتدەنێتەوە: جومگە کۆمەڵایەتیەکان، ئاینییەکان، نەریتەکان، سیستمی چینایەتی، خێڵەکی، خزمایەتی، هەمووی تێکدەشکێنێت و ئەڵتەرناتیڤیان بۆ دادەنێت. ئەو ئاینێکی بارودۆخی نوێ دێنێت و دەیکاتە جێگرەوەی ئاینی کۆن.

لە لایەنی سیاسییەوە سیستمی تۆتالیتار هەموو سنورەکانی نێوان کەناڵەکانی دەسەڵات دەسڕێتەوە، واتە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن، هیچ سنورێك لەنێوان ئەو دەسەڵاتانەدا نامێنێت، بەڵکو هەمووی دەکەوێتە ژێر فەرمانی ئایدۆلۆژیا و حزبی نوێنەری ئایدۆلۆژیا و سەرکردەی کاریزمی، کە گوزارشتە لە روحی ئایدۆلۆژیا و حزب و ئوممەت، فەیلەسوفی بە ناوبانگ (هانا ئارنێت) لە بەرهەمەکەیدا (بنەماکانی تۆتالیتاریزم) لەبارەی تۆتالیتاریزمەوە دەڵێت: (تۆتالیتاریزم لە سنوری دانانی مەزهەبێکی دەسەڵاتگەرا راناوەستێت، بەڵکو دونیابینی و ئایدۆلۆژیای خۆی بەسەر هەموتاکێکی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و هیچ بوارێکی (گەر زۆرکەمیش بێت) بۆ پاشەکشەی تاك ناهێڵێتەوە، (بە واتای خۆلادان و بێلایەنی)، ئەمەش مانای وایە سیستمی تۆتالیتار وەك سیستمە دیکتاتۆرەکانی تر نییە، کە ئاسایش بەرقەرار دەکات بەرامبەر بێدەنگ بوونی هاووڵاتی و پاشەکشەی لەکاری سیاسی. لەژێر سایەی سیستمی تۆتالیتاردا، دەبێت هەمووکەس خەریکی کـاری سیاسی بێت و لەپێناوی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتدا تێکۆشەربێت بەوشێوەیەی دەسەڵات داوایلێدەکات، (هانائارنێت، بنەماکانی تۆتالیاتریزم).

زۆر لە بیرمەندان پێیانوایە ناتوانرێت پێناسێکی تەواو بۆ تێرمی تۆتالیتاریزم دابڕێژرێت بە هۆی ئاڵۆزی چەمکەکان، دەرهاویشتەکانی، ناجێگیری وێناکان و گۆڕینی شێوازی دەرکەوتەکانییەوە، بـەڵام دەکرێت بە دوو ڕێگە وێنای تۆتالیتاریزم بکەین:

**یەکەمیان: سیفاتەکانی**

**دووەمیان: بەراورکردنی بە دژەکانی خۆی**

**یەکەم: سیفاتەکانی تۆتالیتاریزم:**

زانایانی بواری سیاسەت چەند خەسڵەتێکی تۆتالیتاریزم دیاریدەکەن، کە دەکرێت پێی بناسرێتەوە، لەوانە:

أ- هەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی رەسمی: کە تاکە تەفسیری باوەڕپێکراو و دانپێدانراوە و لەلایەن رژێـمـەوە، ئەو ئایدۆلۆژیایە تەنیا تەفسیری سیاسەت و دەوڵەت ناکات، بەڵکو:

- تەفسیری هەموو ژیان دەکات، هەر لە تاکەوە تاکو کۆمەڵگە، هەر لە زانستەوە تاکو ئایین، هەر لە ئەدەبەوە تاکو هونەرو هەر لە فیزیکەوە تاکو میتافیزیك.

- ئەم ئایدۆلۆژیایە خاوەن یەقینێکی رەهایە و سەرکەوتنی خۆی بە حەتمییەتی مێژوو و ئیرادەی مێژوو دەزانێت، بەڵکو بە ئیرادەی گەردوون و خودای دەزانێت.

- ئەم ئایدۆلۆژیایە هیچ ئایدیایەکی تر قبوڵناکات، هەموو دونیابینییەك لە دەرەوەی خۆی بە هەڵە و خیانەت دەزانێت.

ب- هەبوونی سەرکردەیەکی (کارێزما) کە خاوەنی

چەندین بەهرەی نائاساییە، ئەو مرۆڤەی کە نیچە ناوی دەنێت (سوپەرمان)، لەو کارێزمایەدا بەرجەستە دەبێت، لە راستیدا سەرکردە لە حزبی تۆتالیتاردا دەوری جەوهەری دەبینێت و هەر ئەو دیاریکەری هێڵەکانی ئایدۆلۆژیای حزب و سیاسەت دارێــژەری حزبە.. سەرکردە مرۆڤێکە نزیکدەبێتەوە لە سیفاتەکانی رەهایی (واتە خودا)، ئەو سیفاتانەی فاشییەکان بۆ مۆسۆلینییان دانابوو، یان نازیەکان بۆ هیتلەریان دانابوو، هیچی کەمتر نییە لە سیفاتی خوداوەندەکانی یۆنان و رۆما. دروستکردنی سەرکردەی ئەفسانەش هەروا ئاسان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژە و نەفەسێکی درێژی دەوێت، کە مرۆڤێکی ئاسایی بکەیتە ئەفسانە. ئەمەش کاری سەرەکی پڕوپاگەندەی ئەندامانی حزب و مەفتونەکانە بە بەهرەکانی سەرکردە، لە راستیشدا ئەوە سەرکردە نییە، کە زۆر ئەفسوناوییە، بەڵکو ئەوە دەوروبەرەکەیەتی کە زۆر بچووکن، یاخود دەورووبەرەکەی بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئەفسانەیەك دروستبکەن.

ج- هەبوونی حزبێك کە ئەو ئایدۆلۆژیایە بەرجەستە دەکـات. ئەو حزبە تەنیا خاوەنی دەســەڵات نییە، بەڵکو خاوەنی گەلیشە. ئەو حزبە لە دەوڵەتدا ناتوێتەوە، بەڵکو دەوڵـەت لـەودا بزردەبێت. لەم حزبەدا هەموو تاکەکان دەتوێنەوە، هەموو سەندیکاکانی کرێکاری، ژنان و هتد دەبنە بەشێك یان کەناڵێکی خزمەتگوزار بۆ حزب. لەوێدا دوو دەسەڵات نییە (واتە دەسەڵاتی حزب و حکومەت)، بەڵکو یەك دەسەڵات هەیە، ئەویش دەسەڵاتی حزبە.

د- هەبوونی پۆلیسی نهێنی: کە تیرۆر دەکاتە میکانیزمێکی

گونجاو و کاریگەر بۆتۆقاندن و پەکخستنی ئیرادەی کۆمەڵگە کۆنترۆڵکردونیان لەڕێی تواندنەوە، ئەو تیرۆرە تەنیا بەڕووی دوژمندا نییە، بەڵکو زۆرجار دۆستەکانیش، دەگرێتەوە بۆ چاوشکاندنی هەر ئیرادەیەکی دۆستانەش بیەوێت بەنناوی دڵسۆزییەوە رەخنەگربێت، یان هەڵوێستی جیاواز لە هەڵوێستی رەسمی حزب بنوێنێت.

ه- گرنگیدان بە پروپاگەندە، دەسەڵاتی تۆتالیتار زۆر بە فراوانی دەزگاکانی راگەیاندن بە کاردەبات، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایدیای خۆی، بەڵکو دەزگاکانی گەیاندنیش بەهەمانشێوە ئیستیغلال دەکات.

6-دانانی بەرنامەی نوێی پەروەردە و ستراتیژیەتی نوێی پـەروەردە بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی نەوەی نوێ و نەوەکانی ئایندە، واتە بۆ دروستکردنی چەندین نەوەی کۆپیکراو لەسەر گوێگرتنی تەنها لە دەنگی ئایدۆلۆژیای رەسمی و بینینی تەنیا رەنگی ئایدۆلۆژیای رەسمی.

7-دژایـەتـیـەکـی رەهـــای بنەماکانی لیبرالیزم و دیموکراسیەت، چونکە دیموکراسیەت ئازادی فرەیی دەدات بە تاك و کۆمەڵ، ئەمەش مانای هاوبەش دانان بۆ تاکە ئایدۆلۆژیای راستەقینەی رەها، لیبراڵیزمیش تاك فێری ئازادی و ژیانی رەفاهیەت دەکـات، کە دوورە لە بنەمای ژیانی سەربازی کە ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار داوای دەکات.

**دووەم: بەراوردکردنی بە دژەکان**

ئــەوەی سەیرە سیستمی تۆتالیتاریزم بانگەشەی حوکمکردن بە ناوی گەلەوە دەکات، بەڵام بێ سەلبیاتەکانی دیموکراسیەتی لیبراڵ، وەك پەرتبوون، ئیستیغلالکردن و دارِزانی سیستمی دەسەڵات بە دەست حزبەکان و هتد.

بەڵام جیاوازیی گەورە لەنێوان هەردوو دونیابینییەکەدا هەیە:

1-سیستمی تۆتالیتار سیستمێکی باوکسالاریە ئەو بڕیاردەدات چ شتێك چاکە بۆ کۆمەڵگە و چ شتێك خراپە، بەرژەوەندی گەل لە چیدایە و لەچیدا نییە، چونکە کۆمەڵگە بریتییە لە حەشاماتێکی گێژ و منداڵ، کە چاك و خراپی خۆی نابینێت و نازانێت، لەکاتێکدا کە سیستمی دیموکراسیدا گەل بڕیاردەری سەرەکییەو حکومەت تەنیا جێبەجێکردنێکی ئەمینی بڕیارەکانی گەلە:

2-هەڵبژاردن لەو سیستمەدا تەنیا کارتۆنییە بێ هەبوونی رکابەر و لەنیوان ئەندامانی یەك حزبدا، زۆریشی هەر لەپێش هەڵبژاردنەوە بڕیاریلێدراوە. لەکاتێکدا هەڵبژاردن کرۆکی پرۆسەی دیموکراسییە لە سیستمە ئازادەکاندا.

3-لە سیستمی تۆتالیتاردا دەستور (ئەگەر هەبێت)، ئەوە لە بەرژەوەندی دەسەڵات و حزبە دژ بە کۆمەڵگە و تاك، لەکاتێکدا دەستور لە سیستمی لیبراڵ دیموکراتدا لە خزمەتی تاکدایە بەرامبەر دەسەڵات، تاك دەپارێزێت لە ملهوڕیەکانی دەسەڵات.

4-مـرۆڤ لە فەلسەفەی لیبراڵیدا کائینێکی عەقڵانی، مەدەنی و کامڵە، دەتوانێت خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕیوەبەرێت، لەگەڵ دەستێوەردانێکی کەمی دەوڵەتدا،

هەر بۆیە دەوڵەتی لیبراڵ دەوڵەتێکی پاسەوانە، بەڵام مرۆڤ لە سیستمی تۆتالیتاردا مەخلوقێکی کەم عەقڵ و سادە و شەڕانگێزە، ناتوانێت ئیدارەی خۆی بدات مەگەر بە دەخاڵەتی توندوتیژی دەسەڵات نەبێت، کە پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، تەنانەت خێزانی و جۆری دونیابینیشی بۆ دیاری بکات.

**فاکتۆرەکانی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم:**

**گرنگترین فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم**

1-ئەنجامە ماڵوێرانکەرەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم: ئاشکرایە ئەنجامە کارەساتبارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، گەورەترین کارەساتی مرۆیی بوو لە مێژودا بە تایبەت بەسەر ئەوروپادا هاتبێت، بە تایبەتتریش ئەڵمانیا، رەگەزی ئەڵمانی، بە هۆی ئەو جەنگەوە، گەورەترین ئیمپراتۆریای ئەڵمانی (ئیمپراتۆریای نەمسا- هەنگاریا) هەڵوەشێنرایەوە ،نەمسا بـووە وڵاتێکی بچوکی بێهێز و توانا، ئەڵمانیاش چەندین هەرێمی لێسەندرا و درایە پاڵ فەرەنسا و چەند وڵاتێکی تر، هەروەها چەکی لێقەدەغەکرا تەنیا بۆی هەبوو پۆلیسی هەبێت. ئیتالیاش لە لایەنی ئابوری و مرۆییەوە لە هەرەسهێنان نزیکبوو. ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژیای ئەو گەلانەی تەواو شێواندو، لەناو ترسی داتەپینی ئابوری و لێکترازانی جومگەکانی نەتەوە،چاوەڕوانی فریادرەس بوون تا لەو حاڵە تراژیدیە رزگاریان بکات.

دابەشکردنی ناوچەکانی ئەڵمانیا و چەککردن و

سنوردارکردنی سوپاکەی، سوکایەتییەکی گەورەبوو بە روحی نەتەوەیی و دەمارگیری ئەڵمان، بۆیە ئامادەبوون لەوپێناوەدا دەسـت لە هەموو ئـازادی و مافەکانی خۆیان هەڵگرن و بیخەنە بەردەستی فریادڕەسێکی دیکتاتۆر، هیتلەر لە کتێبەکەیدا (خەباتی من) بە دەق ئەم قسەیە دەکات.

2-شکستەکانی سیستمە لیبراڵ و دیموکراتەکان وەك فریادڕەس: دیموکراسیەت و لیبرالیزم ببونە جێگەی گومان و پرەنسیپەکانی ئازادی و بازاڕی ئازاد و فرەیی، لەبەردەم پێداویستییە رۆژانەکانی مرۆڤی ئەوروپی، ببونە بارێك بەسەر شانیانەوە، گەلانی ئەڵمانی، ئیتاڵی و زۆریتریش ئامادەبوون بە تەواوی قەناعەتەوە واز لە ئازادییەکانی خۆیان بێنن بۆ فریادڕەسێك بتوانێت لەو قەیرانە گەورانە دەربازیان بکات، کە هەڕەشەی لە بوونیان دەکرد وەك مرۆڤ، پاشان وەك نەتەوە. دیموکراسیەت - بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە تازە پێی ئاشنابوون وەك ئەڵمانیا- نەیتوانیبوو ببێتە کولتورێك کە ئیدی پێگەکەی شڵۆق نەکرێت.

لە راستیشدا لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، کە تاکو پێش جەنگ لە لایەن دەوڵەتێکی ئیستیبدادیەوە بەڕێوەدەبرا، ئیدی پاش جەنگیش ئەو پرەنسیپە دیموکرات و لیبراڵەی تێدا جێگیر نەبوو. هەر بۆیە کارل شمیت دەڵێت: (گەر لە نزیکەوە بڕوانینە ئەڵمانیای دوای جەنگ ،تێدەگەین کە ئێمە دەوڵەتێکی تۆتالیتارمان نییە،  بەڵام کۆمەڵێك حزبی تۆتالیتارمان هەیە، دەبینین هەریەکەیان بەجیا دەیەوێت تۆتالیتاریزم بەدیبێنێت، پێکەوەبوونی ئەو بونیادە حزبییە تۆتالیتارانە، کە هەژمونیان کردووە بەسەر

دەوڵەتدا، هەوڵدەدن پەرلەمان تێپەڕێنن، ئەمە بۆتە هۆی درێژبوونەوەی چەندێتی دەوڵەت) (غیوم سیبرتیان، الفلسفه السیاسیه فی القرن العشرین).

هەر بە واقیعیش سیستمە دیموکراتەکانی دوای جەنگ نەیانتوانی سنورێك بۆ دارمانی ئابوری کۆمەڵگەی دابنێن.

3-پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی: سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم راستەوخۆ پەیوەستە بە پێشکەوتنە گەورەکانی تەکنۆلۆژیا(جەنگ، گەیاندن، راگەیاندن، سیخوڕی) ئەمەش وایکرد دەسەڵاتی سیاسی بە ئاسانی بگاتە هەموو شوێنێك، جاران دەسەڵاتدار تەنیا خێرایی ئەسپی خۆی و سوپاکەی هەبوو، دەنگیشی هەر هێندەی هاوارەکانی خۆی دەڕۆیشت، ئێستا بە ئاسانی هەموو دونیا تەی دەکات دەنگی دەچێتە هەموو ماڵێك و ئامێرەکای گوێگرتن و سیخوڕیکردن هەموو نهێنییەکانی دوژمنی دەخاتە بەردەم. ئەو لەڕێگەی راگەیاندن و قوتابخانەوە ئایدیای خۆی دەگەیەنێتە گەورە و بچووك، یەکەمجاریش فاشیەکانی ئیتاڵیا مەبدەئی بە فاشیکردنی خوێندن، راگەیاندن، ئەدەب، هونەر و زانستە مرۆییەکانیان کرد، ستالین و هیتلەر زانستە پەتیەکانیشیان ئایدیالیزەکرد، وەك فیزیك، بایۆلۆژیا و هتد.

4-ترس لەکۆمۆنیزم: رەوتی کۆمۆنیزم لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە تایبەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیك لە روسیا، وادەردەکەوت کە بووبێتە قەدەرێکی حەتمی ئەوروپا و دونیا بە گشتی. ئەمەش وایکردبوو ترسێکی گەورە بکەوێتە نێوەندەکانی چینی

بـۆرژواو ئەرستۆکراتەکان و خەڵکەکە بە گشتی، ئەوانەی گیانی نەتەوەیی یان ئاینییان هەبوو، کۆمۆنیستەکان لە ئەورپادا وەك رەوتێکی فەوزەوی (ئەنارشیزم) دەردەکەوتن، کە دەیانەوێت هەموو هاکێشەکانی تێکبدەن و کۆمەڵگە سەرەوژێر بکەن، لە راستیشدا لەوکاتەدا لە ئەوروپا هیچ رەوتێکی سیاسیی تر نەبوو بتوانێت وەك کۆمۆنیستەکان خۆی رێکبخات و خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیر بێت و گەمە بە خەونەکانی مرۆڤ بکات، بەڵام پروپاگەندەی شوعیەکان زۆر فەوزەویانە باسی لەوە دەکرد، کە ئێستا دەوڵەمەند و خاوەن شەهادەکان و خێزانە خواپێداوەکانی روسیا یان کوژراون، یان کەوتوونەتە سەر شەقامەکان سواڵدەکەن، یان شێتبوون، ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی کە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی دروستدەکرد و خەڵکی دەترساند، هیتلەر باس لەو دیاردەیە دەکات، پاشان ئەو ئەنجامگیریە دەکات (مارکسیزم حزبێکی ئاسایی نییە وەك مانای ئاسایی حزب، بەڵکو ئایدۆلۆژیایەکە بڵاوبوونەوەی دەبێتە هۆی هەڵگێڕانەوەی هەموو ئەو پێوەرانەی کە هاوسەنگیی گەردوونی پاراستوە، سەرکەوتنی مارکسیزم مانای لەناوچوونی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت) کفاحی لا61.

هیتلەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا پۆڵا دەتوانێت پۆڵا بتوێنێتەوە، کەواتە بەرامبەر رێکخستنی پتەوی مارکسییەکان پێویستمان بە ئایدۆلۆژیایەکی گشتگەرایی، رێکخراو هەیە، کە لەڕێی هێزەوە بتوانێت مارکسییەکان شکسپێبێنێت، هەرواشیکرد.

**نموونەی پیادەکراوی تۆتالیتاریزم:**

لەسەدەی بیستەمدا سێ نموونەی گەورە بوونە سیمبولی تۆتالیتاریزم، ئەوانیش:

**1-فاشیزمی ئیتاڵی – مۆسۆلینی**

**2-نازیزمی ئەڵمانی- هیتلەر**

**3-ستالینیزم**

**1-فاشیزم:** (ئایدۆلۆژیایەکی ئاڵۆزە هەوڵدەدات (نەتەوە - دەوڵەت) بخاتە سەروو هەموو ئیعتیبارێکەوە، (نەتەوە- دەوڵەت) لەڕووی بایۆلۆژی کولتوری مێژوویی، ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵدەدات کۆمەڵگەیەك بەرهەمبهێنێت نیشتیمانپەرست، ناجێگیر، هەمیشە ئامادە بۆجەنگ.

ناسیۆنالیزمی فاشی، کۆنەپەرستە و دژایەتییەکی قووڵی سۆسیالیزم و بزوتنەوەی ژنان دەکات، چونکە وایاندەبینێت، کە ئەو بزوتنەوانە (مارکسیزم ،فێمینیزم) دەبنە هۆی پەرتکردنی نەتەوە. هەربۆیە فاشیزم لە راستڕەوی پەڕگیر (اليمين المتگرف) ئەژمار دەکرێت) کیڤن باسمور، فاشیزم، ل 39.

فاشیزم هەوڵدەدات سازانێك لەنێوان هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا دروستبکات(کرێکاران جووتیاران، بزنسمانەکان، پیاوانی ئایینی، پیشەوەرەکان ژنان وپیاوان)هتد هەوڵدەدات هەموو چین و توێژەکان لەڕێی کەناڵە حزبیەکان، یاخود بەناوی کەناڵی سەندیکاییەوە (کۆربۆراتی)بگرێتە خۆی.

فاشیەکان هەر لەسەرەتاوە لەرێگەی هێزەوە خۆیان نمایشدەکەن، هێماکانی هێز، رێکخستنی شێوە سەربازی،

وەك دیدەوانی(کەشافە) ،ڕێکخستنی تایبەت، پەنابردن بۆتیرۆرکردنی نەیارەکان.

2-نازیزم: کورتکراوەی (پارتی سۆسیالیزمی نەتەوەیی) ئەڵمانییە ،کە هیتلەر دایمەزراندو لەوێوە بەرەو دەسەڵات کەوتەڕێ. نازیزم بەم خەسڵەتانە جیادەکرێتەوە لە سیستمە تۆتالیتارەکانیتر:

أ- فەلسەفەی نازیزم لەسەر (نەژادی باڵا) بنیاتنراوە و مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای نەژاد دەکات بە چەند بەشێك (نەژادی باڵا - ئاری - نەژادی ئاسایی - ئینگلیز - نەژادی نزم - جولەکە، قەرەج، پۆڵۆنییەکان، سلاڤ-).

ب- لای نازیزم - بەپێچەوانەی فاشیزم- دەوڵەت ئامڕازێکە بۆ خزمەتکردنی نەژادی ئاری و باڵادەست بوونی لە دونیادا.

ج- نازیزم باوەڕی بە حەتمیەتێکی مێژوویی هەیە، کە ئایندە بۆ باڵادەست بوونی نەژدی ئارییە و هەموو نەژادە نزمەکان دەبێت ببنە خزمەتکاری ئەم ڕەگەزە باڵایە،

د- نازیزم باوەڕی بە ململانێی چینایەتی نییە، بەڵکو ئوممەت هەموی بونیادێکی تەواوکەری یەکترە، ململانێی چینایەتی و یەکسانی لەنێوان نەژادەکاندا لەپیلانەکانی جولەکەیە بۆ لەناوبردنی نەژادی باڵا.

هـ- دوژمنایەتییەکی سەرسەختانەی جولەکە ،نازیزم پێیوایە جولەکە ئەسڵی هەموو خراپەیەکن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پێویستە بنەبڕ بکرێن لە ژیاندا.

ڕژێـمـی نــازی باشترین شـێـوازی بەرجەستوبووی تۆتالیاتریزمە لە مێژوودا ،چونکە هەندێك لە بیرمەندان فەیلەسوفان (ئیتالیای فاشی) بە ڕژێمێکی تۆتالیتار سەیر ناکەن، لەوانە (هانا ئارنێت).

**ماركسیزم:**

*ماركسیزم وەك یۆتۆپیایەك دەركـەوت ، كە مزگێنیی گەورەی دا بە مرۆڤ، بەوەی لە كۆتاییدا مرۆڤەكان وەك یەك بە یەكسانی دەژین و دەوڵەتیش لەناودەچێت، كە بۆتە هێمای ستەمی چینایەتی و ئامرازێك بە دەست كاپیتالیزمەوە بۆ چەوساندنەوەی چینی پرۆلیتار.

* ماركسیزم - لینینزم كە پاشان دەبێتە ئایدۆلۆژیایەكی تۆتالیتارو چەوسێنەر، بەتایبەت لەسەردەمی ستالیندا،لەم خاڵانەدا جیاوازە لەگەل سیستمە تۆتالیتارەكانی تر.

1-ماركسیزم- لینینزم لەسەر فەلسەفەی ململانێی چینەكان بنیادنراوە باوەڕی بە دەوڵەت و نەتەوە نییەو بە بیری كۆنەپەرستییان ئەژمار دەكات ،دەوڵەت وەك قۆناغیكی راگوزەر دەبینێت لەكاروانی رۆیشتن بەرەو كۆمۆنەی كۆتایی.

2-ماركسیزم - لینینزم ئیمانی بە حەتمیەتی مێژوویی و سەركەوتنی چینی پرۆلیتار و گەیشتن بە قۆناغی كۆمەڵگەی بێ چین و جیاوازی هەیە.

3-لەكاتێكدا هەریەك لە نازیزم و فاشیزم بـاوەڕی ئیمپریالیزمییان هەبوو، بەڵام ماركسیزم پێیوایە، كە ئیمپریالیزم دوا قۆناغی كاپیتالیزمە.

**تایبەتمەندییەكانی تۆتالیتاریزم:**

1-ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار خاوەنی ئەرگۆمێنتی عەقڵانی نییە، بەڵكو ئایدۆلۆژیایەكی ناڕوونی پشتبەستووە بە روحێكی سۆفیگەریانە، ئاوێتەبوونی تاكی مونتەمی، دەبێت ئاوێتە بوونێكی روحی سۆفیانە بێت لە روحی ئایدۆلۆژیا و سەركردەی كارێزمیدا.

2-ئایدیالیزەکردنی هەموو فێڵدەکانی مەعریفەت، ئەدەب، هونەر، کولتور، ئابوری، سیاسەت و تەنانەت زانستی پەتیش لە خەسڵەتەکانی تۆتالیتاریزمە،لەسەردەمی فاشیدا، ئەدەبی فاشی، هونەری فاشی، راگەیاندنی فاشی و ئابوری فاشی تاکە ریگەپێدراو بوو لە ئیتالیا، لەسەردەمی نازیزمدا هەرچی تابلۆ و بەرهەمێکی ئینسانی بووە، یان شکێنرا، یا فرۆشرا بە دەرەوەی وڵات بە بیانوی ئەوەی لەگەڵ روحی نازی ئەڵمانیدا ناگوجێت، لە روسیای ستالیندا هەر بەرهەمێك لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ستالیندا یەکانگیر نەبوایە گەر مارکسیش بوایە قبوڵ نەدەکرا ، لای نازییەکان و سۆڤیەت، تەنانەت زانستەکانی وەك فیزیك و بایۆلۆژی بە پێی ئایدۆلۆژیای حزب تەفسیری بۆدەکرا، داروینیزم لە ئەڵمانیا قەدەغە بوو.

3-هەموو ئایدۆلۆژیاکان لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپ بنیاتنراون، کە لە ئەساسدا هەڵەی گەورەی مەنتیقی و مێژووی تێدایە، بەڵام لەوێدا بۆتە حەقیقەیێکی حاشاهەڵنەگر، لە ئەنجامی چەند بارەکردنەوەی بەردەوامدا بووەتە حەقیقەتێکی بان پرسیار و بانگومان.

نازیزم لەسەر بنەمای باڵابوونی نەژادی ئاری دروستبووە، بەڵام ئەوە دیارە کە لە هەڵەیەکی مەنتیقی زیاتر نییە، مارکسیزم لەسەر حەتمیەتی سەرکەوتنی پرۆلیتار دامەزراو، پووکانەوەی دەوڵەت لە کۆتاییدا، بەڵام هەڵەی ئەم ئەرگۆمێنتە ئێستا ئاشکرایە.

4-هەموو سیستمە ئایدۆلۆژیەکان لەڕێگەی تیرۆر و تۆقاندنەوە بەردەوامی بەخۆیان دەدەن.

5-تۆتالیتار هەمیشە کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر بەرهەم دێنێت، هەمیشە بەشوێن شەڕدا دەگەڕێت لە دەرەوەی خـۆی، هیچ سیستمێکی تۆتالیتار بێ جەنگ ناتوانێت بەردەوامی بداتە خۆی.

6-ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار، هەوڵدەدات خۆی وەك تاکە نوێنەری هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە پیشانبدات. لەبەرئەوە کاتێك لەگەڵ چینی کرێکاردا دەدوێـت ئەو گەورەترین داکۆیکارو نوێنەری راستەقینەی چینی کرێکارە، کاتێك لەگەڵ بـۆرژوا دەدوێـت هـەر ئـەو بەدیهێنەری بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەوانە، ئەو لەگەڵ موحافزەکاریش دەگونجێت و بەهەمانشێوە رادیکاڵیشە، لە لایەکەوە دژایەتییەکی تـەواوی بزاوتی ژنـان دەکـات، کەچی وەك گەورەترین داکۆکیکار لە مافەکانیان خۆی نمایشدەکات، هەر بۆیە ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار زۆر ئاڵۆزەو تێگەیشتنی مەحاڵە، ئەو وەك جیوە وایە کەس ناتوانێت بیگرێت،.

7-ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار هەر خاوەنی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو خاوەنی دوێنێشە و قۆرخکاری ئاییندەشە ،هیتلەر باسی هەزارساڵ مانەوەی نازیزمی دەکرد،.

8-حزبی ئایدۆلۆژیا تەنیا هەوڵنادات گۆڕانکاری لە سیاسەت و ئابوریدا بکات، ئەو تەنیا حزبێك نییە، بەڵکو ئەو ئیدیعای ئەوە دەکـات، کە هەر لەتاکەوە دەس دەکات بە گۆڕانکاری (دروستکردنی مرۆڤی نوێ) هەتاکو هەموو کۆمەڵگە و پاشان نەتەوە و ئینجا مرۆڤایەتی بە گشتی، ئەو لەسەرەتاوە هەموو بنەماکانی تاك هەڵدەتەکێنێت، هەموو بەهاکانی دەخاتە ژێر پرسیار، هەموو پەیوەندیەکانی تێکدەشکێنێت و لەجیاتی ئەمانە

ڕەگەزە نوێکانی خۆی دادەنێت، بۆنموونە چیتر خێزانی تەقلیدی بواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو پێکناهێنن، بەڵکو لەجیاتی ئەندامانی خێزان ئیدی ئەندامانی حزب کەسوکاری ئەمن، ئەندامانی خێزانی تەقلیدیش (دایك، باوك، خوشك، برا، هتد) بەو بڕە کەسوکاری ئەمن کە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیابن ،بە قەدەر دوورکەوتنەوەیان، یان دژایەتییان بۆ ئایدۆلۆژیای ئەو، خێزان دەبنە نەیار، واتە باوك کاتێك باوکی ئەمە کە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیا بێت، بەڵام کاتێك ئەو باوکە دژایەتی، یان ناکۆك دەبێت لەگەڵ حزبدا ئیدی دەبێتە دوژمنی ئەمیش (واتە کوڕەکەی خۆی).

9-ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار ئایدۆلۆژیاییەکی مەرگ دۆستە ،ئایدۆلۆژیایەکە هەمیشە هانی جەنگ و ژیانی سەربازی دەدات،مردن لەپێناوی مەبدەئدا لەپێناوی سەرکردەدا، ژیانی تاك لەمەزهەبدا ،تەنیا نرخ لە بڕی ئەو قوربانیدانە وەردەگرێت کە دەیـدات لەپێناوی مەبدەئەکەیدا، هەر لەبەرئەوەیە دەبینین ئەندامە دڵسۆزەکانی حزب زۆر بەئاسانی مەرگ قبووڵدەکەن ،ئەوان لە دەرەوەی حزب هیچ نین، ژمارەیەکی بێنرخن ،لەبەر ئەوە ئامادەن بمرن، بەڵام بەخیانەتکار لە قەڵەم نەدرێن، یان نەکرێنە دەرەوەی حزب، جەنگ و مەرگ لەم سیستمەدا لە ئامڕاز دەردەچن و دەبنە ئامانج.

**پەیکەری حزبی: سـەرەڕای جیاوازییان، بەڵام حزبە تۆتالیتارەکان ،چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە:**

1-هەموو حزبەکان خاوەنی پەیکەرێکی حزبیی تۆکمەن ،بەشێوەیەکی هەڕەمی لەسەرەوە بۆخوارەوە، سەرکردەی کارێزمی، پاشان سەرکردایەتییەك کە گوێڕایەڵی سەرکردەیە،

پاشان پەیکەرێکی حزبی کە سەر تاخوار بەشێوەی رووبار ئاوەکەی دەڕوات، لەم حزبەدا هەموو تاکێك بە پێی بەرنامەی حزبی پەروەردە دەکرێت.

2-هەمووحزبەکان خاوەنی رێکخراوی نیمچە سەربازین لەسەردەمی پێش دەسەڵاتدا ،کراس رەشەکانی فاشیزم و نازیزم، ناوبانگی تەواوی خۆیان هەبوو لە تۆقاندنی دوژمنانی حزب ،هیتلەر باس لەوە دەکات، کە تەنیا میلشیا چەکدارەکانی حزب توانییان حزبی سوسیالیستی ئەڵمانی جڵەوگیر بکەن، ئەو زۆر بەشانازییەوە باس لە نمایشە دەیان هەزاریەکانی میلیشیاکانی نازی دەکـات، (پێش دەسـەڵات)، هەروەها فاکتەری سەرەکی بەخشینی پۆستی سەرەك وەزیـران بە مۆسۆلینی ئەو میلیشیایانە بوون کە مۆسۆلینی هەڕەشەی کرد بەرەو رۆما دەکشێن و داگیریدەکەن، وێنەکانی مۆسۆلینی کە پێش میلیشیاکانی کەوتوە بەرەو رۆما ئێستاش ماون.

3-حـزبـی تۆتالیتار بۆ هەمو توێژەکانی کۆمەڵگە کەناڵی تایبەتی هەیە، کەناڵی کرێکاران و بۆرژواو ،خاوەن بڕوانامەکان و هتد،سەندیکاکانی حزب دەوری گەورە دەبینن لە راکێشانی خەڵك بۆناو ریزەکانی حزب یا بەلایەنی کەمەوە زامنکردنی وەلائیان بۆحزب.

4-ماشێنێکی زەبەلاحی پڕوپاگەندەی حزبی،کە کاری سەرەکی بریتییە لە فوپێداکردن و بەخوداکردنی سەرکردەی موعجیزە،ئەو کەسێکی بێخەوشە، زانستی پێشینی پێیە و پێشبینییەکانیشی بۆ ئایندە وەك حەقیقەتێکی رەها سەیر دەکرێت،(مۆسۆلینی هەرگیز هەڵە ناکات، مۆسۆلینی هەمیشە راستە،) (فۆهرەر-هیتلەر-مرۆڤێکی ئاسایی نییە) ئەمانە ئەو دروشمانە بوون، کە ماشێنی پڕوپاگەندەی حزب هەمیشە دەیوتنەوە.

## ئیخوان موسلیمین، سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین

ساڵی 1928زایینی لە میسر لە شارێکی بچوك، بەڵام پڕ لە دیاردە ناکۆکەکان ،وەك هەبوونی سوپای ئینگلیز لەوشارە و محافزەکاری ئەهلی شار خۆیان، لەم شوێنەدا گەنجێك (تەمەن 22ساڵ)، کە لە لادێوە هاتبوو وەك مامۆستا لەوێ دامەزرابوو، لە چایخانە و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارە دەگەڕاو بە بەرگی ئەفەندی و تەربوشەوە باسی ئایینی دەکـرد و داوای لە خەڵك دەکرد، کە بگەڕێننەوە بۆ دینداری لەسەردەمێکدا، کە پابەندبوون بە دینەوە کز ببوو (بە پێی بینینی حەسەن بەننا)، پاش ئەوەی ماوەیەك بەوشێوەیە دەکات، کۆمەڵێکیتری گەنج (6 کەس) بە دەوریدا کۆدەبنەوە و پەیمان دەدەن، کە پێکەوە کار بکەن بۆ گێڕانەوەی ئایینداریی خەڵك، ئەو گەنجانە دارتاشێك، ئوتوچیەك، سەرتاشێك، شۆفێرێك، باخەوانێك و فیتەرێك دەبن، لەم مەجلیسەدا بڕیاردەدەن کاربکەن بۆ ئیسلام! حەسەن بەننا هەر لەو مەجلیسەدا ناوی (ئیخوان موسلیمین) لەو گروپە دەنێت. لێرەوە بنەمای گروپێکی تازە دادەمەزرێت کە هەرگیز ئەندامەکانی لەو باوەڕەدا نەبوون ئەم کائینەی لێدەرچێت لەئاییندەدا.

## کەسێتی حەسەن بەننا

حەسەن بەننا لە خێزانێکی هەژاری دیندار لە دایك دەبێت لە شارۆچکەیەکی بچوك بە ناوی مەحمودیە ،باوکی پیاوێکی خوێندەواری ئایینی دەبێت،وەك دەڵێن هەندێك شەرحی حەدیسی کردووە، بەڵام ئەمە تەنیا لە یادەوەریەکاندا هاتوە و کتێبەکە چاپنەکراوە، حەسەن بەننا بڕوانامەی مامۆستای سەرەتایی بە دەستهێناوە، بەڵام هیچ بڕوانامەیەکی زانستی

ئیسلامی نییە، نە لە ئەزهەر نە لە شوێنی تر، تەنانەت کاتێك دەبێتە مامۆستا، ناچار دەبێت لەبەر هەژاری یارمەتی ماڵی باوکیشی بدات،.

یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی حەسەن بەننا، توانای سەیریەتی بۆ وتـاردان ،هەروەها بۆ تەوزیفکردنی دەقە دینییەکان لەکاتی خوتبەدان و رێکخستنی بەشێوەیەك کە بیسەر وایدەزانی رێك ئەو دەقە بۆئەو بۆنەیەو لەو سیاقەدا دابەزیوە، لەکاتێکدا ئەو دەقە لە زۆربەی جارەکاندا تەنیا وەك مەجاز بەکاردێت.

**فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین**

سەیرکرنی نەخشەی سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین و بەراوردکردنی بە سەردەمی سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم لە ئەوروپا بە گشتی، لێکنزیکیەکی سەیرمان پیشان دەدات.

هەر مێژووی سەرهەڵدانیان نزیکە ،فاشیزمی ئیتالی لە 1919دا سەریهەڵدا و لە 1922 حکومەتی گرتە دەست، نازیزم لە 1922 دامەزرا و لە 1933 دەسەڵاتی گرتەدەست، هەروەها شۆڕشی کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت لە 1917 دابوو، ئیخوان موسلیمین لە 1928 دامەزرا.

1-جەنگی یەکەمی جیهانی بە شکستی دەوڵەتانی میحوەر کۆتاییهات، واتە ئەڵمانیا، نەمسا و سەڵتەنەتی عوسمانی،شکستی سەڵتەنەتی عوسمانی لە جەنگدا بە هەڵوەشانەوەی خەلافەت و پەرتکردنی وڵاتەکانی ژێردەستی کۆتاییهات،کە ئیمپریالیزم هاتە ئەو وڵاتانە، ئەو رووداوە لە قووڵایی موسوڵمانە موحافیزەکارەکانیدا چونکە:

-خەلافەت بەلای موسوڵمانێکی تەقلیدیەوە ڕەمزی موسوڵمانانە و فەرزێکی خودابیە. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت (چەند گەندەڵ و ستەمکاریش بێت) بەلای موسوڵمانەوە تاوانێکی گەورەیە و سێبەری خودا لە زەویدا هەڵدەگیرێت.

- هەر دونیای ئیسلام حەساسیەتی بەرامبەر خۆرئاوا هەیە ،لەجەنگی خاچدارەکانەوە، مەسیحیەت لای ئیسلام وەك دوژمن سەیردەکرێت،.

لەبەرئەوە رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و پەرتکردنی میراتییەکەی بە سەر دەوڵەتانی ئیمپریالیزمدا، وەك زەلیلکردنێك و لەکەدارکردنی شکۆی ئیسلام و موسوڵمانان سەیرکرا. ئەو روحی زەلیلکردنە وای لە زۆربەی موسوڵمانەکان کرد، کە چاوەڕێی فریاد رەسێك بن عیززەتی لە دەستچوویان بۆ بگێڕێتەوە،هەربۆیە گەورەترین ئامانجی حەسەن بەننا، کە لە ئامانجەکانیدا باسیدەکات و ئیخوان وەك دەقی قورئان لەبەریان کردو(گێڕانەوەی خەلافەت)ە.

ئەم دۆخەی دونیای ئیسلام رێك وەك دۆخی سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەی ئەڵمانی و ئیتالی دەردەکەوێت، ئەڵمانییەکان گەورەترین ئیمپراتۆریایان لە دەستچوو،ئیمپراتۆریای نەمسا-هەنگاریا، تێکشکانی ئەڵمانیاو پەرتکردنی و زەلیلکردنی بەشێویەکی زۆرگران، ئەمانە هەمووی وایکرد خەڵکی ئەڵمانیا تەسلیمی هەرکەسێك بن وەك فریادڕەس دەرکەوێت هەر لەوێشدا نازیزم وەك کاردانەوەیەکی توندی ئەو زەلیلکردنە قورسە.

## 2-شاڵاوی شارستانییەتی خۆرئاوا

کاتێك دونیای ئیسلام چاویکردەوە لەبەردەمیدا دنیایەکی تری بینی، ئەم دونیایە تەواوجیاواز، بە مانای وشە، پڕ لەسیحر و جوانی،دونیایەکی بریقەدار،پێشکەوتوو لە فکر، فەلسەفە، هونەر، تەکنۆلۆژیا و هتد.

بۆ یەکەمجار لە دونیای ئیسلامدا تێزەکانی وەك ئازدی بیرورِا ،ئازدی رادەربڕین، پێشکەوتن،رۆشنگەری ،مۆدێرنە، بیسترا، مەسەلەی حزبی سیاسی، رۆژنامە و تەکنۆلۆژیای گەیاندن بینرا. ئەمانەش وەك سیحر لەناو دونیای ئیسلامدا بە تایبەتی میسر بڵاوبۆوە، لاساییکردنەوەی ئەوروپا شانازی بوو،ئەو کارتێکراویە بە شارستانێتی مادی ئەوروپی ، بە نیسبەت کەسانی موحافزەکار و چینی خوارەوەی کۆمەڵگە، گوندنشینان و پیاوانی دینی جێگەی قبووڵنەبوو، بەڵکو سەرچاوەی ترسێکی گەورەبوو لە وون بوون، فریادرەسیش بۆ بزرنەبوون ، دەستگرتن بوو بەو کەلتورەی کە هەیە، بۆیە دەبینین ئیخوان موسلیمین لەو ناوەندەوە سەر هەڵدەدات و بڵاودەبێتەوە.

## 3-شکستهێنانی رەوتی کرانەوەی رۆشنبیری:

سـەدەی 19 لەمیسر بزوتنەوەیەکی بەهێزی ریفۆرم سەریهەڵدا و زۆربەی دونیای ئیسلامی گرتەوە ، دەشێت کەسانی وەك ئەفغانی و محەمەد عەبدە و تەهتاوی ،بە پێشڕەوانی ئەم رەوتە بناسین کە لە چینی نوخبە، رۆشنبیران، زانایانی ئەزهەر، بزنسمان، سیاسەتمەدار و چینی بۆرژوا پێکهاتبوون، بەڵام بە هۆی چەندین فاکتەری بابەتییەوە ئەو رەوتە بەرەو پوکانەوە رۆیشت.

وادیارە سەدەی بیستەم سەدەی حەشامات بووە، نەك چینی بۆرژوا و نوخبە، هەروەك چۆن لە ئەوروپا هەموو رەوتە سیاسی و فکرییەکان کەوتنە ژێر هەژموونی حەشامات، سۆسیالیستەکان، نازییەکان و فاشییەکان پشت ئەستور بە حەشاماتی خەڵك و نمایشی هێز خۆیان دەردەخست، بەهەمانشێوە لە دونیای ئیسلامیشدا ئەو نەریتە دێتەکایە، هێند بەسە کە بزانین،حەسەن بەننا خۆی نەزانایەکی ئایینی بووە، نە خاوەن بڕوانامەیەك بووە، لە زمانی عەرەبی زیاتریشی نەزانیووە.

بەڵام میکانیزمی دواندنی جەماوەر و حەشاماتی، وەك هیتلەر و مۆسۆلینی بەهێزبووە،ئەوەش ئاشکرایە هیتلەریش هیچ بڕوانامەیەکی نەبوەو لە خێزانێکی نەناسراو و گوندنشین بووە ،بەرزترین پلەی سەربازیشی عەریف بووە لەسوپادا.

شکستی رۆشنگەری لە رەشید رەزاوە دەستپێدەکات ، لەوکاتەوە لە میتۆدی ئوستادەکەی (محەمەد عەبدە) پاشگەز دەبێتەوە و رووداوەکاتە سەلەفیەتی سعودی ، حەسەن بەنناش لەژێر کاریگەریی رەزادا هەمانشیواز دەگرێتە بەر،

لەراستیدا میتۆدی بەننا میتۆدێکی جەماوەریی سادەیە و خاوەنی فەلسەفەیەکی دیاریکراو نییە، ئەو تەنیا توانیوێی خەڵکە سادەکە هەڵبنێ و فووی گەورەییان پێددابکات، خەونی گەورەیان بداتێ ( ئێوە سەربازانی گێڕانەوەی عیزەتی ئیسلامن) (ئێوە دەبنە سەروەری دونیا) ئەمانە ئەو خەونانە بوون، کە حەسەن بەننا شوێنکەوتووەکانی پێ هاندەدا و تووشی جۆرێك لە خەونی گەورەیی دەکردن.

**بڵاوبوونەوەی فاشیزم وەك مۆدێل**

وەك باسمكرد، سەرەتای سەدەی بیستەم سەردەمی شكست و بێمتمانەییە بە لیبراڵیەت و دیموكراسیەت، و هەڵكشانی رەوتی فاشیزم و كۆمۆنیزم لەدونیادا. زۆربەی بزوتنەوەكانی دونیای ئیسلامیش لە یەكێك لەم دوو رەوتەوە نزیكبوون

لەمیسر گروپی میسری (فەتات و ئیخوان موسلیمین) زیاتر بەرەو رەوتی فاشیزم هەواداربوون، حەسەن بەننا لە چەند بۆنەیەكدا لەبەرهەمەكانیدا، بەڵگە بە مۆسولینی دەهێنێتەوە، وەك نموونەی هێزو ژیانی سەربازی، وەك دوایش تیشكی دەخەمە سەر ئیخوان موسلیمین هەمان فۆرمی فاشیزم وەردەگرێت.

**ترس لە ماركسیزم**

بڵاوبوونەوەی كۆمۆنیزم وەك مۆدێلێكی نوێی ئایدۆلۆژیا دونیای ئیسلامیشی گرتەوە، بەڵام كۆمۆنیزم لە دونیای ئیسلامدا لە چەند لایەكەوە دژایەتی دەكرا، لەوانە دەزگای ئایینی و كۆمەڵگەی موحافزەكاری موسوڵمان، لە راستیدا كۆمەڵگەی موسوڵمان نشین هیچ پرۆسەیەكی مۆدێرنە و سیكۆلاریان نەدیبوو، بەڵكو هەر كۆمەڵگە داخراو و موحافزەكار و ئایینی بوون، لەبەرئەوە بانگەوازی كۆمۆنیزم بۆ ئیلحاد، ئازادی و ئەو چەمكانە ترسی گەورەی لای كۆمەڵانی خەڵك دروستدەكرد، لەسەرێكی ترەوە چینی ناوەند، بۆرژوا، ئەرستۆكرات و دەسەڵاتی سیاسی شاهانە هەموویان دژ بە رەوتی كۆمۆنیزم بوون ،ئەمە بێجگە لە ئینگلیز كە دەسەڵاتی رەهایان لە

میسر و دونیای ئیسلامدا هەبوو، ئەوانیش گەورەترین خەمیان چۆنێتی رووبەڕوبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو،بەڵام هێزی کۆمۆنیزم بە رەوتی موحافزەکاری تەقلیدی و سەرای شاهانە راناوەستێت، بەڵکو پێویستی بە رەوتێکی ئایدۆلۆژیای بەهێزە کە بتوانێت جەماوەر و حەشامات بجولێنی، هەربۆیە ئیخوان لەسەرەتادا لەلایەن کۆشکی شاهانە، چینی بۆرژوا، ئەرستۆکرات، ئینگلیز و موحافزەکارەکانیش پشتیوانی لێکرا.

شمولیەتی ئیسلام: حەسەن بەننا لە یەك بنەما لەبنەماکانی تێگەیشتنی ئیخوان بۆ ئیسلام، کە دەکرێت ناویبنێین مانیفیستۆی ئیخوان ،بەمشێوەیە پێناسی ئیسلام دەکات (ئیسلام سیستمێکی گشتگیرە (شامل) ،ئەو دەوڵەتە و نیشتیمانە ،شمشێرە. قورئانە،حکومەت و ئوممەتە یا دەسەڵات .......)

ئەم پێناسە بۆ ئایین یەکەمجارە لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا بکرێت،سەیر لەوەدایە پاش حەسەن بەننا زۆربەی راڤەکارانی بنەماکای ئیخوان بە زەقی تێرمی (شمولیەت) بەکاردێنن بۆ مانا بەخشین بە شمولیەتی ئیسلام ، بۆ ئەم مەبەستەش هەرچی دەق و مێژوو، کرداری مرۆڤە ریزیدەکەن و ناوی دەنێن ئایینی ئیسلام.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم، کە من پێموایە ئیسلام وەك هەر ئایین وئایدۆلۆژیایەکی تر دیدێکی هەمەلایەنەی هەیە بۆ دیاردەکای ژیان، بەڵام ئەو دیدە بریتی نییە لە سیستم ،بەڵکو دیدێکی مۆراڵیە بۆ ماناکانی ئەخلاق و دادوەری و یەکسانی بەها مرۆییەکان،ئاشکرایە دیدی ئەخلاقیش مانای سیستم ناگەیەنێت.

ئیخوان موسلیمین هەربەوەوە نەوەستاوە کە پێناسی ئیسلام بەو مانایە بکەن، بەڵکو لە راستیدا ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی ئەو پێناسەوە بڵێن، ئێمە ئیسلامی راستەقینەین. چونکە ئیخوان هەمیشە هەوڵیداوە کە وەك گروپێکی شمولی دەرکەوێت، وەك حەسەن بەننا دەڵێت هەر لە یانەیەکی وەرزشییەوە بۆ حزبێکی سیاسی، هەر لە پەروەردەی تاکێکەوە بۆ پێگەیانی هەموو گەلانی موسوڵمان، ئیخوان هەوڵدەدات لە خۆیدا نمایانبکات، بەمشێوەیە مانای شمولیەتی ئیسلام یەکسان دەبێت، بە مانای شمولیەتی ئیخوان. عەبدوللەتیف بەغدادی) کە سەر بەڕێکخستنی تایبەتی ئیخوان و بکوژی سەرۆك وەزیران نەقراشیە لە 1948) لە میانەی دانپێدانانەکەی دەڵێت: (ئەو برایەی منی ریکخست لەناو رێکخستنی تایبەت، پێیوتم ئێمە هەموو شتێکمانن وەك سەردەمی پێغەمبەر پەیڕەوکردووە، تەنیا جیهاد نەبێت،ئێستا ئێمە هەوڵدەدەین جیهادیش زیندو بکەینەوە.

**بەراوردکاری نێوان ئیخوان و تۆتالیتاریزم**

لەسەرەتادا پێناسەی تۆتالیتاریزممان کرد و هەندێك خاڵی ناسینەوەی ئەو دیاردەیەمان باسکرد، کە بیرمەندانی ئەو بوارە دیارییان کردووە. لێرەدا هەوڵدەدەم بە پێی ئەو خاڵانەی باسمانکرد ، خوێندنەوەیەك بۆ ئیخوان موسلیمین بکەم.

هەرچەند پێدەچیت هەندێك کەس بڵێن حەسەن بەننا ئەو خاڵانەی لە روحی ئایینەوە دەرکردوە، نەك لەژێر کاریگەریی،مەزهەبی سیاسی نوێدا. ئەو قسەیە هەندێك

راستیی تێدایە، بەڵام هەمو راستییەکە نییە، چونکە ئێمە کاتێك ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی کاری ئوممەتی ئیسلامی لە ماوەی 1400ساڵدا دەخوێنینەوە، بەڕاستی نموونەی رێکخستن و مەنهەجی ئیخوان تێییدا نابینین، مەگەر لە بواری نهێنکاریدا نەبێت، کە پێدەچیت بزوتنەوەی (حەشاشەکان) کە بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی ئیسماعیلی بوون لەسەرەمی نیزامولملوکدا چالاك بوون، حسن ئەلصباح دامەزرێنەی بووە،دەنا شتێکیتر لەوجۆرە نابینین، بەڵام خۆی سروشتی وەك دەقی فراوان و فرەمانا وایە، کە دەتوانرێت بەزۆر بارداو تەنانەت بۆ مەبەستە دژبەیەکەکانیش بەکاربېرێت، دەکرێت ئاشتی پێ بکرێت، دەشکرێت پاکانەی دڕندایەتی پێبکرێت. بەهەر حاڵ من ئێستا ئەو بەراوردکاریە دەکەم:

*لە خاڵی یەکەمدا باسی ئایدۆلۆژیامان کرد. ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار خۆی بە تاکە ئایدیای راستی دەزانێت بۆ ژیان، سیاسەت، ئابوری و هەموو لایەنەکانی ژیان،

*بەراورد لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئیخوانیدا ، بۆمان دەردەخات کە ئیخوان خاوەنی ئایدیایەکن، نەك کەسانی هەڵگری ئایدیای علمانی، بەڵکو کەسانی هەڵگری ئیسلامیش گەر لەچوارچێوەی ئایدیای ئیخوانیدا نەبێت، هەر بەسەر لێشیواو و گومڕا دەرچوو لە حەقیقەت سەیری دەکەن ، بەڵکو هەر گروپێکی تری ئیسلامی لای ئەوان بەجۆرێك لەجۆرەکان بەشێکە لەپیلانێکی جیهانی دژ بەئیسلام (مەبەست لەئیسلام لێرەدا ئایدیای ئیخوانە)، بەڵکو بانگەوازەکەی خۆی رێك دەبستێتەوە بەسەردەمی یەکەمی ئیسلامەوە واتە سەردەمی مەکە، بە مانایەکی تر بەننا پێماندەڵێت ئێمە وارسی شەرعی

پێغەمبەری ئیسلامین، دەڵێت (نحن اصحاب رسول الله) هەروەها دەڵێت: (پێغەمبەر یەك كەس بوو دەستیكرد بە بانگەوازكردن، ئەوە سەردەمی یەكەمی بانگەوازە، ئەمما سەردەمی دووەمی بانگەواز ئەو سەردەمەی ئێوەیە، كە بانگەواز لەسەر دەستی ئێوە دەژێتەوە، بۆیە هەڵساون بەڵێن تازەدەكەنەوە و كۆششدەكەن و هێزەكان كۆدەكەنەوە، تا بانگەواز گەنجێتی خۆی بۆ بگەڕێتەوە و هێزەكەی تەواوبێت) مجله الاخوان المسلمون الاسبوعیه ع102، سنه1946.

*یوسف قـەرزاوی لە كتێبی (الاخـوان المسلمون بعد سبعین عاما) كاتێك باسی مەدرەسەی ئیخوان دەكـات، واتتێدەگەیەنێت، كە مرۆڤایەتی هەمووی قەرزداری ئیخوانە، ئەو_ئیخوان_ لە هەموو وردو درشتێكی ژیاندا -كۆمەڵایەتی سیاسی ئابوری سەربازی تاك كۆمەڵ هتد_ باشترین، جوانترین و چاكترینە مەنهەجە.

لەم بڕگەیەوە دەردەكەوێت، كە بەننا لەو سەردەمەدا تەنیا خۆی گروپەكەی بە نوێنەری ئیسلام و دامەزرێنەری یەكەم دەزانێت، هەرچەند ئەم وتەیە راستەوخۆ ناڵێت، بەڵام جەخت كردنەوەی هەمیشەیی لە هەر بۆنەیەكدا كە ئەوان ژێنەرەوەی ئیسلام، جێنشینی پێغەمبەر، خاوەن بەرنامەی راست و دروستن، تەڵقینێكە بۆ ئەندامانی كە لە ناخیاندا دەچەسپێت هەر ئەوانن هەڵگرانی ئاڵای ئیسلامی راستەقینە. ئەم گریمانەیە پاشان دەبێتە حەقیقەت، كاتێك تیۆرسینەكانی ئیخوان دوای بەننا ،ئیخوان وەك جماعە المسلمین ئەژماردەكەن (ئەمەش مانای ئەوەیە غەیری ئیخوان موسوڵمان نین، یان موسوڵمانێكی یاخین لەخواو پێغەمبەر،

بەڵکو سەید قوتب بە جاهیلیەت و ئیرتیداد هەموو کۆمەڵگە ئیسلامیەکان لەناودەبات، سعید حواش هەموو دونیای ئیسلام بە (فاسق ومورتەد) ئەژمار دەکات (بڕوانە بەشی یەکەم لە کتێبی جوندوڵلا)..

ئیخوان خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکن، کە پێیانوایە تەفسیری هەموو دونیا، مێژوو، میتافیزیك، ئایینده دەکات و وەڵامی هەموو شتەکان دەداتەوە،هەربۆیە هەموو تاکێکی مونتەمی بۆ ئەو گروپە نەك تەنیا خۆی بە حەقیقەتێکی رەها دەزانێت، بەڵکو لە هەمو شتێکدا قسەی هەیەو قسەی خۆیشی بە تاکە حەقیقەت دەزانێت نەك تاکە تەفسیریش،هەر ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات، کە تاکی مونتەمی بۆ ئیخوان بە سادەترین رەخنە هەڵدەچێت و وادەزانێت تاوانێکی گەورە ئەنجامدراوە ، ئاخر چۆن رەخنە لە حەقیقەتی رەها و پیرۆز دەگیرێت.

ئەم ئایدۆلۆژیایە خاوەنی حەتمیەتێکی مێژوویی و چەسپیوە کە وەك ئیمانی بەخودا ئیمانیشی بەحەقیقەت هەیە، کە ئاینده بۆ ئەو و بۆ ئەو گروپەیە کە هەڵگری ئەو ئایدۆلۆژیایەن، هەربۆیە پاشان موفەکیری گەورەی ئیخوان (سەید قوتب) کتێبێك بەنناوی (المستقبل لهذا الدین) دەنوسێت و تیایدا زۆر بە یەقینەوە باس لەوە دەکات، کە ئایینده‌ی مرۆڤایەتی هەموو نابێت داخڵی ئیسلام بێت، بێگومان هەمیشە لەم بابەتە دا ئیسلام یەکسانە بە (دیدی ئیخوان موسلیمین) هەروەها زۆربەی نوسەرانی ئیخوان ،لەوانەش سعید حواو یوسف قەرزاوی ئەم گریمانەیە وەك حەقیقەتێکی رەها، حاشاهەڵنەگر و سادە باس دەکەن،

پاشتریش عماددین خلیل و چەند نوسەرێکی تر باسی تەفسیری ئیسلامی بۆ مێژوو دەکەن و هەمان گریمانە وەك حەقیقەتێك بەڵگەنەویست باسدەکەن.

2- سەرکردەی کاریزمایی: لەو بـاوەڕەدام کەم گروپی ئایدۆلۆژیا هەبێت، وەك ئیخوان موسلیمین مەفتوون بێت بە سەرکردەکەی و بێ عەیب و وەك فریادرەسێکی ئەفسوناوی لێی بڕوانیت، من لێرەدا وەك تێبینی شەخسی دەڵێم ، دەیان سەرچاوە وتاری ئیخوانم خوێندۆتەوە ، دەیان وتار و خوتبەی ئیخوانم گوێلێگرتوە، چەندین سەرکردەی ئیخوانیم بینیوە، بەڵام تا ئیستا کتێبێك یان یەك وشەم نەبیستوە کە لەماوەی دەیـان ساڵدا، بچوکترین رەخنە لە هەڵوێستێکی سیاسی بەننا بگرێت، گەر کەسێکیش هەڵەبکات و رەخنەیەکی زۆر موتەوازیعانەی لێبگرێت، ئەوە دەیان نوسەر، خەتیب، هەرچی کەسە وەك کوفرێکی ئاشکرا بەرەوڕووی دەبنەوە.

هەر مەنهەجی ئیخوان لەسەر ئەو دەروێشایەتییە بۆ سەرکردە داڕێژراوە، بەڵکو حەسەن بەننا هەر بە راشکاوی وشەی (شێخ و دەروێش –مورید-) بەکاردینێت یان (سەرکردە و سەرباز) بەکاردێنێت بۆ پەیوەندی نێوان سەر و خواری حـزب، دەڵێت (کن کالمیت بین یدی الغسیل) بێگومان ئەمجۆرەش لە سەرکردایەتی باشترین رێگەیە بۆ بێدەنگ کردنی بەرامبەر و رێگرتن لەهەر رەخنەیەك یان بۆچوونێکی عەقڵانی، چونکە ئەو شێخی تەریقەتە پێش ئەوەی سیاسی بێت، موریدیش رەخنە لە شێخەکەی ناگرێت، بەڵکو ئەگەر شێخەکەی بینی هەڵە دەکات ،ئەوە شێخ تاوانبارناکات، بەڵکو چاوی خۆی تاوانباردەکات.

هەڵبەت ئەو متمانەیەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو شێخ حەسەن بەننا هەرخۆی خاوەنی کەسێتیەکی تایبەت بووە ، کاتێك خوتبەی داوە، هەموو گوێگرەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووەم بە تایبەتی گەنجانی تازە پێگەیشتوو، کە لە لایەنی زانستییەوە هیچ تێشوویەکیان پێ نییە، بۆخۆشی چالاکیەکی جەستەیی گەورەی هەبووە، هەروەها چالاکیەکی رووی باشی هەبووە، لە رواڵەتیدا پیاوێکی رێزدار بووە، زاهیدانە ژیاوە لە ژیانی تایبەت و گشتیدا، ئەمانەش هەمووی هەیبەتی زیاتری پێبەخشیووە،

هەموو ئەوانەی لەگەڵ بەننا ژیاون، تا ئاستی مەفتونی تێیدا تواونەتەوە هەر ئەوەش وایکردووە نەتوانن رەخنەی لێبگرن ئەوانەش، کە عەقڵ کراوەبوون و رەخنەیان هەبووە زۆر زوو لە کۆمەڵ وەدەرنراون بە تاوانی لادان لە مەنهەج و شێواندنی روحی برایەتی،مەحمودعەبدولحەلیم لە کتێبەکەیدا باسی کەسێتی بەننا دەکات و دەڵێت: حەسەن بەننا سیفاتی پێغەمبەرایەتی تێدابوو، هەروەها عمر تلمسانی لە کتێبێکیدا (الملهم الموهوب حسن البنا) هەمان قسە دووبارەدەکاتەوە.

3-هەبوونی حزبی تۆتالیتار: بێگومان ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار و سەرکردەی کاریزمای خورافی خوڵقێنەری حزبی تۆتالیتاری هەژموونگەرایین، وەك باسمکرد لە یەکەم پێناسیدا لە مانیفستۆی ئیخواندا، حەسەن بەننا وا پێناسی ئیسلام دەکات، کە دەوڵـەت، نیشتیمان، شمشێر، قەڵەم، قورئان، حکومەت، ئوممەت، سیاسەت، ئابوری، تاك، کۆمەڵگە و هتد ،بێگومان ئەمە پێناسە نییە بۆ ئیسلام وەك دەقی دینی، بەڵکو پێناسە بۆ دونیابینی تۆلیتاریانەی بەننا بۆ دەسەڵات

و سیاسەتی خۆی، ئەو دەسەڵاتەی ناوی دەنێت (گێڕانەوەی خەلافەت و سەروەری بەسەردونیادا) بەڵام ناوی ئیسلامی لێدەنێت تاکو پیرۆزییەکی وای پێ ببەخشێت کەس نەتوانێت بەرامبەری راوەستێت و هەرکەسیش ناڕازی بێت، تاوانبار بکرێت بەوەی بە حوکمی خودا رازی نییە.

ئیخوان موسلیمین لەسەردەمی حەسەن بەننا و تائیستاش خۆیان وەك حزب پێناس ناکەن ، بەڵکو ئیخوان لە حزب بە گەورەتر و فراوانتر دەبینن، ئەو قسەیە لەسەرێکەوە راستە چونکە ئیخوان وەك حزبێکی تەقلیدی کە کاری سیاسەت و دەسەڵات بێت پێناسناکرێت، بەڵام پڕاوپڕ پێناسی حزبی هەژمونگەرای تۆتالیتار دەیگرێتەوە. بە واتایەکیتر ئیخوان واسەیری خۆی دەکات کە یەکسانە بە ئیسلام ، ئیسلامیش لە حزب گەورەترە کەواتە ئیخوانیش لە حزب گەورەترە، بەڵام سەیرکردنی پێکهاتە، بونیادی ئیخوان، پلەبەندی ئەندامێتی، سەرکردە، پەیڕەو و پرۆگرام و هتد پێماندەڵێت، کە ئیخوان حزبێکی تەواو حزبییە. مەسەلەکە لەوێدایە کە ئەو کاتێك خۆی بەراورد دەکات بە حزبەکانی وەك (وەفد، سەعدیەکان و نیشتیمانی) بێگومان ئەو لەوجۆرە حزبە لیبراڵانەیە، کە تەنێ کارین بۆ دەسەڵاتە،بەڵام لەگەڵ حزبی فاشی ئیتالی و حزبە کۆمۆنیستەکانی نازی ئەڵمانی هیچ جیاوازیەکی بونیادیان نییە.

- ئیخوان وەك هـەر حزبێکی تۆتالیتار، حزبێکی جەماوەرییە کە هیچ گروپێکیتری قبووڵ نییە لە گەڵ خۆیدا و هەربۆیە حەسەن بەننا حزبایەتی بەحەرام دەزانێت ودەڵێت جێگەی نابێتەوە لە ئیسلامدا، بە واتایەکیتر دەڵێت ئیخوان

تاکە حزبی ڕێگەپێدراو دەبێت، کە لەمەیداندا بۆی هەیە کار و چالاکی ئەنجام بدات، هەر بە فیعلیش لەماوەی مانگی هەنگوینیان دوای کودەتای 1952 ، ئیخوان رازیبوون بە هەڵوەشاندن و قەدەغەکردنی ژیانی حزبایەتی، بەڵام خۆی مایەوە چونکە ئەو حزب نەبوو، بەڵکو گروپێکی سیاسی بوو، گروپێك خاوەنی ڕێکخستنی ئاسنین و داخراو خاوەنی پـرۆژەی کودەتا و خاوەنی پرۆژەیە دەسـەڵات ، خاوەنی پرۆژەی سیاسی ،لەچی نارازییە لەگەڵ حزبدا ناوی بهێنرێت. ئیخوان دوای کودەتا دەیانویست ئەوان لەپشتی پەردەوە دەسەڵاتدار بن و عەسکەر بە ئەمری ئەوان بجولێن، بەڵام وادیاربوو ئیخوان لە مەسەلەی تاکتیکی سیاسیدا هەژار و نەزان بوون، بۆیە عەسکەر لێیان هەڵگەڕاونەوە و بە ئاسانی ئەویشیان قەدەغە کرد.

هەروەها ئیخوان هەوڵیدا وەك حزبە فاشی و نازیەکان هەموو کەناڵەکانیتر لەخۆیدا قـۆرخ بکات، بۆیە بەشە سەندیکاییەکانی پێکهێنا:

- حزبەتۆتالیتارەکان ڕێکخستنێکی ئاسنینی بەهێز و قووچەکییان هەیە، ئەمە لەئیخواندا تەواو نمایانە، تائێستاش ڕێکخستنی ئیخوان زۆر ئەستەمە ئاشکرا بکرێت، تەنانەت دوولەتبوونی ئاستەمە،ڕێکخستنێکی قوچەکییە ،کەلەسەرەوە راوەستاوە، لەوکاتەدا حەسەن بەننا وەك رابەرێکی کاریزمای ، ئەسڵەن ئیمانی بە راو مـەشـوەرەت نـەبـووە، ئـەوەش یەکێك بووە لەو گرفتانەی کە لەگەڵ کەسانی خاوەن راو مەشوەرەتدا هەڵناکات و بە هەر بیانوویەك بووە لە ئیخوان دوورخراونەتەوە.

- حزبە تۆتالیتارەکان خاوەنی ڕێکخستنی نیمچە سەربازین (ئـەوەی پێیدەوترێت دێدەوانی-کشافە)، ئەم ڕێکخستنە هەرچەند بەڕواڵەت چەکدار نییە، بـەڵام لە راستیدا مەشقی سەربازی پێدەکرێت بۆ کاتی خۆی. ئەوەتا شێخ بەننا خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە تیمەکانی دێدەوانی بۆ جیهاد پێکهێنراون (دێدەوانی لەژێر لایەنگری فکرەی جیهاد دروستبووە،بۆبەدیهێنانی ئەو نیازە،بۆ جێبجێکردنی فەرمانی ئیسلام، بۆ ئەوەی خەجاڵەت نەبین لەبەردەم ئەو فەرموودەیە (من مات لـ یغز ولیحدث نفسة بطزو مات میتة جاهلیة- ئەوەی مردوە غەزای نەکردبێت یا لە دڵی خۆیدا نیازی غەزای نەبوبێت بە جاهیلی دەمرێت)مژکرات الدعوە والداعیە

وەك ئەوەی مۆسۆلینی لە کشانی بەرەو رۆما پەیڕەویکرد، ئیخوانیش هەمان ڕێکخستنی کەشافەیان هەبوو، تەنانەت بە بۆنەی بوون بە پاشای مەلیك فاروق بەهەمان ستایلی نازیەکان و فاشیەکان و بە ئاڵا بەرزەکانی ئیخوانەوە و بە بەرگی سەربازییەوە هەزاران کەشافەی ئیخوان کە حەسەن بەننا خۆی پێشڕەویی دەکردن، پێشوازییان لە فاروق کرد لە ئەسکەندەریە تاکوو هێز و بازوی خۆیان پیشانی فاروق بدەن و تێی بگەیەنن کە ئەوانیش هەن و دەتوانن بە چاك و خراپ کاریگەرییان هەبێت، فاروقیش لەدواییدا بەکاریهێنان بۆ مەرامی سیاسیی خۆی.

-حزبی تۆتالیتار خاوەنی ڕێکخستنی نهێنییە بۆ تۆقاندنی دوژمنان و جاسوسیکردن بەسەر ئەوانی تـرەوە، ئەمە لە حزبە کۆمۆنیستەکان، نازیەکان و فاشیەکاندا ئاشکرایە،

بەهەمانشێوە ئیخوان موسلیمین خاوەنی ڕێکخستنی تایبەت و نهێنی بووە، ئەم ڕێکخستنە بە پێی سەرچاوە نوسراوەکانی بەشداربووان تێیدا ،کاری جاسوسییان کردووە بەسەر حزبەکان، حکوت و مەلیکەوە، بەهەمانشێوە کاری تیرۆریستییان ئەنجامداوە وەك کوشتنی خازندار، نەقراشی، علی ماهر، حەکەمداری قاهیرە و هەوڵی تیرۆری عەبدولناسر و هتد،ئەمە مەحمود عەبدولحەلیم لە کتێبی احدپ صنعت التأریخ بەڕوونی باسیدەکات (احداث صنعت التأریخ ص287-290) دارالدعوە 2004).

- حزبی تۆتالیتار نایەوێت ئەندامەکانی فێری زانست و جەدەل بن، بەڵکو تەنیا دەیەوێت ئەو زانستەی خۆی دەیانداتێ بیزانن ،ئینجا روحێکی سۆفیگەریانە شاعیری هەڵگرن، ئەم روحە سۆفیگەریە لە خۆشەویستی زەعیم و ئایدۆلۆژیا و حزبدا بتوێتەوە بێ پرس و بێ موناقەشە، بێ دوودڵـی هەموو فەرمانێك جێبەجێ بکات، کە بۆی دەردەچێت، هێندە بەسە بزانین هەموو وشەکانی حەسەن بەننا لەنێوان شێخ و مورید ، یان سەرکردە و سەربازدا دەسوڕێتەوە، دیارە شێخ پیرۆزیەکی ڕەهای هەیە، سەرکردەش کاریزمای عەسکەری گوێڕایەڵی بێ موناقەشە. لەبەرامبەردا مورید لە خۆشەویستی شێخەکەیدا فەنا دەبێت، هیچ ئیرادە، کەسێتی و عەقڵیکی بەدەست خۆی نامێنێت، سەربازیش کۆیلەیەکی ملکەچە، کاتێك سەرکردە فەرمانی پێدەکات بێ بیرکردنەوە بەرەو مەرگ هەنگاودەنێت، حەسەن بەننا ئەم دوو جۆرە مرۆڤەی دەویست و ئەندامەکانی لەسەر ئەوە پەروەردەدەکرد، لەوەش زیاتر هەمیشە باسی (مەرگسازی

ومەرگ دۆستی) لە وتارەکانی بەننادا ئامەدەن، بەڵکە یەکێك لەدروشمەکانی ئیخوان (الموت فی سبیل الله أحلی امانینا)یە.

هەموو وتار و نووسینەکانی بەننا باس لە زانست ناکات (مەبەستم زانستی ئیسلامیە)، مەگەر تەنیا بەقەدەر پێویست واتە ئەوەی حزب دەیانداتێ، بەڵکو هەمووی فڕاندنی خەیاڵی ئەندامە بـەرەو ئاسمانی خەیاڵێکی شاعیرانە، توانەوە لەناو ئیخوان، رابەر و فکردا، کاتێك تۆ گەنجێکی سادە وا لێدەکەیت، کە خۆی بە هاوتای ئەسحاب بزانێت، ئیدی دەبێت چ باڵێکی گەورەت دابێتێ بۆ فڕین بە دونیای خەیاڵدا دوور لەواقیع،هەموشمان دەزانـیـن لەخەیاڵدانی تاکی دیـنـداردا ئەسحاب چ پێگەیەکیان هەیە، ئەوان وەك ئەستێرەن ، ئەوان خەیاڵن ، ئەوان پیرۆزن، ئەوان مونەوەر بوون بە نوری پێغەمبەر. دیوێکیتری ئەم قسەیە ئەمەیە، گەر ئەوان ئەسحاب بن کەواتە رابەریش بەچکە پێغەمبەرە ،بەڵکو حەسەن بەننا بە ئاشکرا ئەمە دەڵێت، کاتێك داوا لە ئەندامان دەکات کە وەك چۆن ئەسحاب بە ئەدەب بوون لەگەڵ پێغەمبەردا، وەك لە سورەتی الحجرات هاتووە، پێویستە ئەوانیش لەگەڵ رابەرەکەیان وابن. دیوێکیتری شوباهنسنی ئیخوان بەرەوتی یەکەمی ئەسحاب پێمان دەڵێت ئەوانەی دژ بە ئەسحاب رادەوەسـتن ،ئەوانە ئیمانیان پێبهێنن ئەبو جەهلەکانن، قوڕەیشی مەککەن،ئەمەش ئاشکرایە لە بانگەوازی ئیخواندا،ئەوان خۆیان بەکۆمەڵێ خودا دەزانن،ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبێت لە دەرەوەی بازنەی (جماعە المسلمین)ە.

**4-هەبوونی ڕێکخستنی تایبەت (دەزگای تایبەت)**

ئەم مەسەلەیە لە ئیخوان موسلیمیندا زۆر هەستیارە تائاستی ئەوەی ئێستا زۆریان سەرکردەکانی خۆیان بەدرۆ دەخەنەوە تابتوانن حاشا لەبوونی دەزگایەکی وابکەن لە ئیخواندا، بەڵام ئەو حەقیقەتە ناشارێتەوە ، چونکە تەنانەت کتێبی (احداث صنعت التأریخ) کە بە سەرپەرشتیاری مەکتەب ئیرشاد خۆی نوسراوە دان بە بوونی ئەو دەزگایە دا دەنێت و گەورە پیاوانی ئیخوان لەو دەزگایەدا گەورەبوون،لەوانە:

-ساڵح عشماوی،وەکیلی رابەرو، ئەو کەسێتییە نهێنییەی، کە لە ژووری تاریکدا ئەندامانی دەزگای نهێنی لەسەر قورئان و دەمانچە سوێندی وەلائیان دەخوارد.

-مەئمون هوزەیبی کە پاشان دەبێتە رابەری ئیخوان

-مستەفا مەشهور ئەویش دەبێتە رابەری ئیخوان

-محەمەد حامد ئەبونەسر ئەویش دەبێت بە رابەری ئیخوان

-محەمەد مەهدی عاکف رابەری ئیخوان

-مەحمود عەبدولحەلیم نوسەری کتێبی (احداث صنعت التاریخ) ئەندامی مەکتەبی ئیرشاد و لەیەکەمین دامەزرێنەرەکانی دەزگای نهێنی.

-صلاح شادی گەورە ئەفسەر و ئەندامی مەکتەب ئیرشاد.

-سیدسابق نوسەری فقە ئەلسوننە و موفتی ئیخوان موسلیمین لەسەردەمی بەننادا

-عەبدولمەجید حەسەن بکوژی نوقراشی سەرەك وەزیران 1948

-هینداوی دویرو مەحمود عەبدوللەتیف ئەوانەی هەوڵی تیرۆری عەبدولناسریان دا

دەیانی تر لە ناسراو و سەرکردەکانی ئیخوان.

هەر یەكێك لەو رووداوانەی كە مەحمود عەبدولحەلیم باسیدەكات، كە چۆن ئەندامی نهێنیان لە ناوی (مصر الفتاە) چاندوە و گەیشتۆتە پلەیەكی بەرزی حزب، كە نهێنییەكانی ئەو حزبەی بۆ هێناون، هەروەها ئەو (مەحمودالعیسەوی) كە سەرەك وەزیران ئەحمەد ماهری تیرۆر كرد،بە حساب لە پارتی نیشتیمانی بوو، بەڵام بە شاهیدی سەید سابق موفتیی ئیخوان ئەویش سەر بە دەزگای تایبەت بوو، بەڵام لە ناو پارتی نیشتیمانیدا چێنرابوو (لماذا اغتیل حسن البنا) محمد علی ابو طالب. لە عبدالعظیم رمضان.

**5-دارِشتنی مەنهەجی پەروەردەی نوێ:**

دروستكردنی مرۆڤی نوێ: بێگومان لەم بابەتەدا كەس نییە شانبدات لە شانی ئیخوان موسلیمین ،ئـەوان هەر لەسەرەتاوە كاتێك كەسێك ئینتیمایان بۆ دەكـات، یاخود پرۆژەیەكە بۆ ئینتیما، بێئەوەی خۆی پێبزانێت، ئەو كەسە كاری لەسەر دەكرێت بە پێی مەنهەجێكی پەروەردەیی تایبەت، مەنهەجێكی جیاواز لەوەی لەماڵ، قوتابخانە و كۆمەڵگە وەریگرتووە، بەڵام مەنهەجێكی تۆكمە، پڕ گەرموگوڕی و خەونی جوان، پەیوەندی ئیمانی گەرم و گوڕیی برایەتی، تاكی پەروەردە كراو لەسەر مەنهەجی ئیخوان. چییتر خاوەنی خۆی، مێشك، هزری خۆی و كەسایەتی خۆی نییە، بەڵكو تاكێكە بێ ئیرادە،ئەو لە دەرەوەی كۆمەڵ هیچ مانایەكی نییە، ژمارەیەكی بێ بەهایە كەسێكی وێڵە، بێنرخە، تەنیا ئامیزی گەرمی كۆمەڵە هەستكردنی بە دڵنیایی پێدەبەخشێت.

ئیخوان موسلیمین دەیانەوێت مرۆڤی ئاسایی تێكبشكێنن جارێكی تر مرۆڤێكی تر دروستبكەنەوە بەوپێوەر و حسابەی

ئایدۆلۆژیای ئیخوانی پێویستیەتی، تەنانەت رایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان خێزانیش گۆڕانکاریی بەسەردێت. مەنهەجی پەروەردەی ئیخوان لە تاکەوە دەستپێدەکات، پاشان دەچێتە سەر خێزان ،پێویستە خێزانی ئیخوانی و زەواج لەنیوان ئیخوان (خوشك وبراکاندا) دروستبێت.

-سیستمی پـــەروەردی ئیخوان کـاردەکـات لەسەر بێنرخکردنی تاك و فەرزکردنی ژیان لەناو کۆمەڵدا،وەك فەرزی ئایینی،ئەمەش یەکێکە لە گەمە ترسناکەکانیان کە لەو رێیەوە تاکی مونتەمی دەکەنە کۆیلە و بە هیچ شتێك ناتوانێت لە کۆیلەیی دەرچێت ،ئەوان چەندین دەقی ئایینی دێننەوە بۆ پشت راستکردنەوەی قسەکانیان. وەك (یدالله مع الجماعه)،هەرچەند هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی مانای (جماعه) لەو دەقانەدا کۆمەڵگەی موسوڵمان نشینە واتە (مجتمع) نەك گروپێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگەدا (جماعه)،

-سیستمی پەروەردەیی ئیخوان رێگەنادات تاکەکانی لە دەروەی سەرچاوە رۆشنبیریەکانی خۆیان خوێندنەوە بکات، بەڵکو نە ئیمام بەننا و نە نوسەرەکانیتریش هانی موسوڵمان نادەن بۆ خوێندنەوە، بەڵکو تەنیا باسی کارکردن دەکەن، حەرەکەت کردن،زانست بە تایبەتی زانستەکانی مرۆڤایەتی وەك فەلسەفە و فکر و بەرهەمەکانی مرۆڤایەتی جێی سوکایەتیکردن و جاهیلیەتە، لەبەر ئەوە تاکی ئیخوانی خۆی بە تورەهاتەوە خەریك ناکات (وەك محەمەد ئەحمەد راشید) پرسیارکردن و موناقەشەی پرەنسیپەکان تورەهاتە.!

-سیستمی پـەروەردەی ئیخوان هەوڵدەدات هەموو

لایەنەکانی ژیانی تاکی خۆی پڕبکاتەوە و بەخۆوەی گرێبدات بەجۆرێك دەوری دەدات، کە بواری نەبێت لە دەرەوەی گروپ بژی، هەر لەژن هێنانەوە تا وێردەکانی رۆژانە و پەرستنەکان دەبێت لەسەر میتۆدی ئیخوان بێت، هەر لە جۆری خویندنەوە بۆ جۆری قسەکردن، پۆشین و بیرکردنەوە، ئەوان بیرناکەنەوە، بەڵکو سەرکردایەتی لەبری ئەوان بیردەکاتەوە، هەر بۆیە لەهەر شوێنێك قسەیەك دەکەیت هەرچی تاکێکی ئیخوانییە، پش چەندین ساڵ هەمان وەڵامت بەهەمان لەفز دەداتــەوە، وەك ئەوەی لەپاکەتدا هەڵگرابیت هیچی لێ نەگۆڕاوە.

پــەروەردەی ئیخوانی تاك بە پــەروەردەی سەربازی پەروەردە دەکات دەبێت تەنیا (سمع وطاعە) بزانێت نەك پرسیار و موناقەشە، هەروەها دەبێت ژیانێکی وشك و زبر بژی،تەنیا بیر لەجیهاد بکاتەوە و خۆی نەزر بکات بۆ فکرەکەی، لە مەنهەجی ئیخواندا بیرکردنەوە لە مەرگ و مەرگ دۆستی ئەسڵە نەك ژیاندۆستی، ئەو موجاهیدێکە خـۆی تـەیـارداوە هەرکاتێك بانگکرا دەچـێـت بـەرەو مەرگ،مەرگ دۆستی هێند قوڵە لەو مەنهەجەدا، تەنانەت شێخ بەننا لە وتارێکیدا دەڵێت، ئوممەتی ئیسلام سەرفراز نابێت تا فێری مەرگسازی نەبین، ئەوەش هونەرێکی گەورە و جوانە.

ئیمام بەننا هەوڵدەدات تاکی ئیخوان لە ژینگەکەی خۆی دابڕێت و لە ژینگەیەکی گریمانکراودا بیژێنێت، کە

ناوی دەنێت ژینگەی ئیمان، ئەو پێیوایە کۆمەڵگە لە قەیرانی ئەخلاق و توانەوە لە جاهیلیەت و چۆکدادان لەبەردەم هێرشی ئەوروپادا دەژی، هەموو گروپ، حزبەکان، یانەکان و سەندیکاکان بێجگە لە ئیخوان گەندەڵ نائیسلامین، تەنانەت یاسای مەدەنی، دەستور جاهیلین و دەبێت موسوڵمان لێیان دوورکەوێتەوە.

بە راشکاوی حەسەن بەننا بە تاکی ئیخوانی دەڵێت ئیدی تۆ خاوەنی خۆت نیت، بەڵکو کۆمەڵ خاوەنی تۆیە، تۆ خۆت فرۆشتووە بەخودا-واتە بەکۆمەڵ- لەبەرابەردا خودا بەهەشتت پێدەدات.

6-دژایەتیکردنی دیموکراسیەت ولیبرالیزم: ئەگەر سیستمە تۆتالیتارەکان بە فاکتەری سیاسی دژایەتی لیبرالیزم و دیموکراسیەتیان دەکرد ،ئەوە ئیخوان موسلیمین چەکی ئاینیشی دەخستە پاڵ، کە بەهێزترین چەکی جەنگاندنە،هەروەها چەکی شارستانی کە گوایە ئەو چەمکانە چەمکی ئەوروپین و لەگەڵ ئێمەی دونیای ئیسلامدا یەکناگرنەوە، پەیڕەوکردنی ئەو چەمکانە مانای چۆکدادانە لەبەردەم دوژمنێکی شارستانییەتی ئیسلامدا کە هەموو پیلانگێڕیەك دەکات بۆ شکست پێهێنانی ئیسلام. ئەوەی سەیرە هیتلەر دیموکراسیەت و لیبرالیزمی بە پیلانی جولەکە دەزانـی بۆ لەناوبردنی ئەڵمانیا، بەهەمانشێوە ئیخوانیش ئەو چەمکانەیان بە پیلانی ئیمپریالیزم دەزانی (جولەکە و خاچدارەکان).

**خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەننا و ژیانی سیاسی خۆی لەوبارەوە پێماندەڵێت، کە بەننا بە تەواوی**

سوکایەتی، سەیری ئەو چەمکانە دەکات، بەننا تەنانەت حزبایەتی بە حەرام دەزانێت و دەڵێت ئیسلام رەتیدەکاتەوە، تەنیا یەك حزب نەبێت ئەویش حزبی خوایە، ئەو حزبەی خواش بەننا بە زمانی حاڵ پێماندەڵێت کە ئیخوان موسلیمینن، پاشانیش سەعید حەوا بەڕاشکاوی پێماندەڵێت کە ئیخوان تاکە حزبی رێگەپێدراوی خودان. تەنانەت حەسەن بەننا زۆر بە راشکاوی داوای هەڵوەشانەوەی ژیانی حزبی دەکات و فرەحزبی بەسەرچاوەی بەڵاو ناکۆکیەکان دەزانێت، بەڵام ئیخوان دەمێنێتەوە، چونکە حزب نییە، دەڵێت: (دۆخەکە لـەوە زیاتر بەرگە ناگرێت، هیچ چارەسەر نییە دەبێت هەموو حزبەکان هەڵوەشێنرێنەوە، هەموو هێزی ئوممەت لەیەك حزبدا کۆبکرێتەوە –کە ئەویش ئیخوانە بێگومان- تا سەربەخۆیی و ئازادیی ئوممەت بە دەست بێنێت، بنەماکانی چاکسازی گشتی دامەزرێنێت) مجموعە الرسائل

(ئیخوان موسلیمین دان بە حزبە سیاسیەکاندا نانێن ،وەك سەرکردەی ئوممەت، ئەرکی سەرشانیانە کە خەڵکیان لێ دوورخەنەوە،و رای گشتی لە مەترسیەکانی ئەو حزبانە ئاگاداربکەنەوە،و بانگەوازی سەرکردەو لایەنگرانیان بکەن بۆ داخڵبوون بە ئیخوان ،هەرکەسێکیان وەڵامیدایەوە، ئەوە لە ئیخوانە و پێویستە تەواو واز لە حزبایەتیەکەی خۆی بێنێت، لە سەربازگەی ئیخواندا کاربکات، ئەوەی رازی نەبوو لێیدەگەڕێین با لە حزبایەتی خۆیدا بمێنێتەوە تاخودا لەنێوان

ئێمە و ئەواندا فەتحێك دەكات،ئیخوان موسلمین ئەم حوكمە دەگشتێنن بەسەر هەموو حزب و دەستە سیاسیەكانداو كەسی لێناپەڕێنن، بـەردەوام داوای هەڵوەشاندنەوە ئەم حزبانە دەكەن بە شێوەیەكی رەسمی)مجموعە الرسائل387

لەشوێنێكی تـردا دەڵێت: (دەستورێكمان دەوێـت سیستمی حكومەتی ئیسلامی بەدیبێنێت و ناكۆكی و حزبایەتی لەناوبەرێت)ص390

پاش ئەوە بەننا تەنانەت داوا دەكات دەستە ئیسلامییە خێرخوازی و كۆمەڵایەتیەكانیش نەمێنن و هەموو لە ئیخواندا بتوێتەوە (ئیخوان هەوڵدەدات ئەو كۆمەڵە و دەستە ئیسلامیانە لێكنزیك بخاتەوە، وەك رێخۆشكردن بۆ یەكگرتنیان لە یەك دەستەدا- كە ئیخوانە –و تەواو بتوێنەوە لە یەكدا لەپێناوی (مەنهەجی ئیسلام و ئەحكامەكانی)ص276

لە راستیدا بەننا بیری لەوە نەكردۆتەوە وەك سیستمی دیموكراتی و هەڵبژاردن دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵكو چاوەڕوان بوو هێز پەیدا بكات و ئەوكاتە پەلاماربدات، گەر حكومەت تەسلیمی فەرمانەكانی نەبوو، دەڵێت (هەركاتێك 300 كەتیبەتان لێ دروسـت بوو كە رۆحـی و عەقیدیی ئامادەبوون، فكری و رۆشنبیری تەواو بوون، جەستەیان وەرزشی بوو، لەوكاتەدا داوام لێبكەن كە دەرگای ئاسمانتان پێبگرم جەنگی هەموو ستەمكارێكتان پێ بكەم ،و دەشیكەم خوا یاربێت، پێغەمبەر دەفەرموێت (لن یغلب اثناعشر الفا من قلە) دوانزە هەزار كەس لە كەمیدا ناشكێن، ئەوەش من وادەزنم زۆری نەماوە، ئیوە دەتوانن ئەو ماوەیە كورت بكەنەوە، گەر هیممەتان هەبیت. لەبەر ئەوە دەست بكەن

بە کاری جدی، مەشق بکەن، یەك چرکە بەفیڕۆ مەدەن. بانگەوازەکەتان بڵاو بکەنەوە ...) لەم دەقــەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەننا خۆی ئامادەناکات بۆ هەڵبژاردن، بەڵکو خۆی ئامادەدەکات بۆ جەنگ.

ئیخوان پشتیوانی لە هیچ حکومەتێك ناکەن لەسەر بنەمای حزبی دامەزرابێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای ئیسلام بێت... پشتیوانی حکومەتێکیش دەکات بەرنامەی ئیخوان جێبەجێبکات ئەگەر حزبیش بێت) ص387

هەروەها دەڵێت (کاتی ئەوە هاتووە دەنگ بەرزبکرێتەوە بۆ لەناوبردنی سیستمی حزبی لە میسردا، تا بیگۆڕین بە سیستمێك کە هەموومان کۆبکاتەوە هەوڵەکانی ئوممەت یەکبخات بە پێی مەنهەجی ئیسلامی. ئەمە واجبێکی ئیمانی و ئینسانی و نیشتیمانیی ئیخوانە)ص354

بەڵکو سەعید حەوا لە جوندوڵڵادا دەڵێت: (پێویستە هەمو بانگخوازانی دیموکراسیەت و لیبراڵیەت لە دونیای ئیسلامدا هەڵکەندرێن و بنەبڕ بکرێن ) جندالله ثقافة واخلاقا

هەروەها سەید قوتب لە معالمدا بە ئاشکرا باس لەوە دەکات، کە سیستمی لیبراڵی ودیموکراسی جاهلیەتی سەدەی بیستەمە و دەبێت لەناو ببرێت (معالم فی الطریق)

تەنانەت لەناوخۆی ئیخوانیشدا شتێك نەبووە بە ناوی هەڵبژاردن یاخود ئەنجومەنێکی شورا کە رای مولزەم بێت بۆ شێخ حەسەن بەننا، ئەوەی زانــراوە بەننا تەنانەت لە هەڵوێستە سیاسیەکانیشدا، هەر رای خۆی حساب بووە، تەنانەت رای ئەنجومەنی شورا، یاخود مەکتەب ئیرشاد تەنیا بۆ راوەرگرتن بووەو پاشان خۆی بڕیاریداوە.

ئەوەی سەیرە ئەندامی ئیخوان سوێندی وەلائو گوێڕایەڵی بۆ مورشید خواردووە، نەك بۆ ئیخوان، لەکاتێکدا لە هەموو گروپێکی تردا مرۆڤ ئیمان بە فکر دێنێت نەك بە سەرکردە، بەڵکو لە کۆنگرەی سێهەمدا کۆنگرەکە تەنازولی لە هەموو دەسەڵاتەکانی خۆیکرد و دایە دەستی مورشید (مذکرات الدعوة والداعیة)

ئیخوان بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە ناوی گەل و ئوممەتەوە حوکم دەکات و قسەدەکات، بەڵام پێمان ناڵێت کێ ئەم تەفویزەی داوەتێ، هەموو وتار و خوتبەکانی بەننا و بەنناوی ئوممەتەوەیە وەك ئەوەی هەموو ئوممەتی ئیسلامی ئەویان کردبێتە نوێنەری خۆیان تا بەنناویانەوە قسەبکات، ئەوان دەیانەوێت بە ناوی ئوممەتەوە دەسەڵات گرتنەدەست، بەڵام بێ سلبیاتەکانی دیموکراسیەت و لیبراڵیەت، ئەمەش سوننەتی هەموو حزبە تۆتالیتارەکانە.

ئەوان گەل بە قاسر دەزانن کاڵفام و تێنەگەیشتووە جاهیلە، پێویستی بە پیاوە عاقڵەکانە حوکمی بکەن ،

لە بەشی سیستمی حوکمدا بەننا پێماندەڵیت کە هەڵبژاردن و رای ئوممەت مەرج نییە بۆ حکومەت، بەڵکو پێویستە ئەهلی (حل وعقد) ئەو کارە بکەن ،واتە لەجیاتی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەل کاربکەن، ئەهلی حل و عقدیش سی جۆرن ،(زانایانی ئاینی،شارەزایانی کاری گشتی، سەرکردە، سەرۆك و سەرۆك عەشیرەتەکان)، و دەڵێت سیستمی نوێنەرایەتیش بە مەرجێك قبووڵە، کە تەنیا ئەهلی (حل وعقد) بۆیان هەبێت خۆیان هەڵبژێرن. پێموایە ئەم پرەنسیپە لەگەڵ پرەنسیپەکانی سیستمە تۆتالیتارەکان یەك شتە لەگەڵ گۆڕینی زاراوەکاندا.(مجموعەالرسائل ص277)

7-مەسەلەی جیهاد: هەموو سیستمە تۆتالیتارەکان، خاوەنی بیرۆکەی فراوانخوازی و پاوانخوازین، واتە لەسەر حسابی وڵاتانی تر داگیرکاریدەکەن، ئەم جەنگە بەردەوامە تەنیا میکانیزم نییە بۆ داگیرکاری، بەڵکو دەبێتە ئامانجێك ،هەروەها بۆ بیانودان بە دەست رژێمەوە بۆ پێشێلکردنی ئازادی و هەیمەنەتی رەهای دەسەڵات، حەسەن بەننا بە ناوی جیهادەوە پێماندەڵێت: خودا جیهادی فەرزکردوە لەسەر هەموو موسوڵمانێك ،فەرزێکی وا کە بۆی نییە لەژێری دەرچێت، هەروەها هانی زۆری موسوڵمانیداوە بۆ جیهاد (مجموعە ص438)

(هیچ ئاینێك یا رژێـمێك نابینیت وەك ئیسلام گرنگی بەجیهاد و ژیانی سەربازی جەنگی بەردەوام دابێت .. وەك ئیسلام...دەقەکان بە روونترین وشە باسی جیهاد، کوشتار و سەربازی دەکەن،)ص438

پاش ئەوەی چەندین دەق دێنێتەوە لەسەر جیهاد ،ئینجا قسەی زانایان دەژێنێتەوە، دەڵێت: خاوەنی کتێبی (مجمع الانهر) دەڵێت: (جیهاد لە شەریعەتدا کوشتنی کافران، لێدانیان و تاڵانکردنی ماڵیان رووخاندنی پەرستگاکانیان و شکاندنی بتەکانیانە. مەبەستیش بەهێزکردنی ئایینە بە کوشتاری جەنگییەکان و تەوژمی (ئەهلی کیتاب) گەر پەیمانیان هەڵوەشاندەوە و هەڵگەڕاوەکان لە دین و..پێویستە ئیمام هەموو ساڵێك جارێك یا دووجار سوپا بنێرێتەسەر دوژمن(دارالحرب)..ئەگەر ئەوان دژایەتیشمان نەکەن.

عەبدوڵڵا کوڕی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (دوای نوێژ و رۆژوو هیچ کارێك نابینم لە جیهاد باشتر بێت).

دەبێت ئەوەش بڵێم، موسوڵمانان لەهیچ سەردەمێکدا جیهادییان واز لێنەهێناوە، تەنیا لەم سەردەمە تاریکەدا نەبێت.

پاشان گاڵتە بەوانە دەکات، کە وشەی جیهاد بە مانای جیهادی نەفس لێکدەدەنەوە،دەڵێت ئەو فەرموودەیە هەر لاوازیشە،

پاشان ڕوودەکاتە ئیخوان ودەڵێت (برایان!ئەوە ئوممەتەی مەرگسازی باش بزانێت، بزانێت چۆن مەردانە دەمرێت خودا ژیانی سەربەرزی پێدەبەخشێت، ئەو لاوازیـەی توشمان بووە تەنێ بە هۆی خۆشەویستی دونیاوەیە،خۆتان ئامادە بکەن بۆ کارێکی گەورە،سوربن لەسەر مەرگ خودا ژیانتان پێدەبەخشێت) مجموعە الرسائل کتاب الجهاد438-454

هەرچەندێ بەننا بە ناڕوونی مەبەستەکان دەهێڵێتەوە و پێماننالێت دژ بەکێ جیهاد دەکات، بەڵام وەك دەردەکەوێت، جیهاد بە مانای کوشتار لە مەنهەجی ئەودا ،میکانیزمێك نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجە، ئەگەر جەنگیش نەبوو دەبێت دروستیبکەین، ئەوەتە قسەی ئیمامەکان وەك پشتگیری دێنێتەوە، گەر بەرانبەر جەنگیش نەکات، دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت ساڵی یەك دووجار هەر پەلاماریان بدات،

ئیخوان وەك سیستمە شمولیەکانیتر ،بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەیەکی ناجێگیرە، بیر لە ژیانی خۆشگوزەران و ئۆقرەیی ناکاتەوە، بەڵکو بەننا ژیانی خۆشگوزەرانی و بە داوەشـاو زەلیلی ناودەبات، بەڵکو وەك هیتلەر و ستالین دەیانوت ئەوان پەیامێکی جیهانییان پێیەو دەبێت بیگەیەنن، حکومەت و دەسەڵاتیش تەنیا میکانیزمێکن بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورە ئەوەتا لە ئامانجەکان ئیخوان ئەمانەن (تاکی

موسوڵمان خێزانی موسوڵمان حکومەتی ئیسلامی، گێڕانەوەی خەلافەت، پاشان هەوڵدان بۆکۆنترۆڵکردنی دونیا سەروەری بەسەر جیهاندا

دژایەتیکردنی جوولەکە: ئەم خاڵە زیاتر لە نازیزم زەق بۆتەوە، هەرچەند فاشیەکانیش بەهەمانشێوە دژایەتییان بەرامبەر جولەکە راگەیاندووە، پرسی دژایەتیکردنی جولەکە لای نازیزم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە هیتلەر نەژادی ئاری بەرەگەزی باڵا دەزانێت، لەکاتێکدا جولەکە نەژادێکی نزمن، لەگەڵ ئەوەشدا جولەکە کاریگەری گەورەیان بەسەر نەژاد و تێکەڵبوونی خوێنی نەژادی باڵا بەخوینی نەژادی نزم هەیە ،لەراستیدا مەسەلە ئەوەبوو جولەکە ئابوری ئەڵمانیایان کۆنترۆڵکردبوو، هەروەها زۆر لە زانایان فەیلەسوفەکان لە رەگەزی جولەکە بوون.

بێگومان هەموو کەمینەیەکیش لەناو زۆرینەدا هەمیش چاودێریکراوە و لە هەڵە بچوکەکانیشدا تاوانبار دەکرێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام بنیاتنانی ئایدیایەك لەسەر ئەو بنەمایە سەیرە.

بەڵام بۆ ئیخوان دژایەتی جولەکە دەکەن،؟ بەشێکی ئەو دژایەتییە لەو روحە دینییەوە دێت کە لەماوەی 1300ساڵی رابـوردودا دروستبووە و ململانێی موسوڵمان و جولەکە لە مەدینە کە بە پاکتاوکردنی جولەکە لە بەنی قورەیزە کۆتاییهات. بەشێکیتر مەسەلە فەلەستین و ململانێی عەرەب و جولەکە لەسەر فەلەستینە ،کە لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئیخواندا سەریهەڵدابوو، ئەوەش کە ئینگلیز میسریان داگیرکردبوو، هەر ئەوانیش پشتیوانیان لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی جولەکە

دەکرد لە فەلەستین، هەروەها جولەکە لە میسردا خاوەنی پێگەیەکی ئابوریی بەهێز بوون. ئەمەش لای ئیخوان جێگەی نیگەرانی بوو.

بۆیە دەبینی یەکێك لە پیشە گرنگەکانی فەلسەفەی ئیخوان دژایەتی جولەکە و مەسەلەی قودسە،ئیخوان جولەکەکانی میسریان تاوانبار دەکرد بە بەقاچاغبردنی چەك بۆ جولەکە لە فەلەستین، ئیخوان هەرگیز جیاوازیی نەکردووە لەنێوان زایۆنیزم وەك بزوتنەوەیەکی رەگەزپەرستانە و جولەکە وەك دین، بەڵکو لە گۆڤاری ئیخوان موسلیمیندا ستونێکی هەفتانەیان هەبوو بەنناوی مەترسیی جولەکە لەسەر میسر،هەروەها هێرشیانکردە سەر کارگە و شوێنەکانی جولەکە لە میسرداو زۆریان سوتاندن لەسەردەمی حکومەتی صدقی پاشاو نوقراشیدا وەك کاردانەوەیەك لە دژی جەنگی عـەرەب و جولەکە لە فەلەستین (زکریا بیومی:الاخوان المسلمون 315).

8-ئیخوان موسلیمین وەك هەر بزوتنەوەیەکی تۆتالیتار خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی ناڕوونە، ئەو لەگەڵ نەتەوەییدا خۆی وەك نەتەوەیی پیشاندەدات، لەگەڵ نێونەتەوەییدا ئەویش نێونەتەوەییە، لەگەڵ سۆسیالیستە ئەویش سۆسیالیستە، لەگەڵ سەرمایەداردا هەمان شتە، کاتێك دەبینی شۆڕشگێڕە، کاتێکیتر دەبینیت چاکسازی دەکات،کاتێك باسی ژن دەکەیت، ئەو لەهەمووکەس زیاتر مافی ژن دەپارێزێت، ئەو کاتێك باسی چینی پرۆلیتار دەکەیت ئەو لە هەموکەس زیاتر مافەکانیان دەپارێزێت،

بەشێکی تر لە ناڕوونی مەنهەجی ئیخوان ،ئەوەیە کە

هەرگیز ئامادە راستەقینەکانی خۆیان دەرناخەن، حەسەن بەننا لەسەرەتای بانگەوازدا بە هیچ شێوەیەك باس لە سیاسەت ناکات، بەڵکو وەك بانگەوازێکی ئایینی تەقلیدی ،وەك تەریقەتێکی سۆفیەگەری خـۆی پێشنیاردەکات، هەربۆیە تەنانەت ئینگلیزیش ئامادەن هاریکاری بکەن مزگەوتی بۆ دروست بکەن و پارەی بدەنێ، ئەمەش هەندێك لە سەرکردەکانی ئیخوان دوایی بە شانازیەوە باسیدەکەن، کە شێخ بەننا توانیوێتی هەموو لایەك بخەڵەتێنێت. گارق ئەلبەشری تۆژەر لەوبارەوە دەڵێت: (نارِوونی ئامانجەکانی ئیخوان ئەو کۆمەڵەی لەزۆر شت بوارد،وەك هەڵوێستگرتن لەپرسە جەوهەریەکانی سیاسەت و نیشتیمانییەکان لەراستیدا ئیخوان کەمترین قسەی لەسەر مەسەلە نیشتیمانییەکان کـردووە، بە بـەراورد لەگەڵ حزبەکانیتردا،ئەمەش گومانی گەورەی دروستکردووە لەو لایەنەوە.

گەر راست بێت بڵێین ئامانجەکان و بنەماکانی ئیخوان لاستیکی نەخشێنراون تۆ هەرچییەك دەڵێیت ئەو دەتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، مۆسۆلینی دەیوت (من لەیەککاتدا دواکەوتو، رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ و ریفۆرمیستم) گرنگ فکر نییە، بەڵکو گرنگ کارکردن و کۆکردنەوەی خەڵکە)

9-ئایدیالیزەکردنی فەزای گشتی: ئیخوان موسلیمین هەوڵدەدات هەموو فەزای گشتی بە رەنگی خۆی بنەخشێنێت، هەر بۆیە لەسەر رێبازی تۆتالیتاریزم، هونەری ئیسلامی، ئەدەبی ئیسلامی، خوێندنی ئیسلامی، ئابوریی ئیسلامی، خێزانی ئیسلامی، پزیشکی ئیسلامی، زانستی ئیسلامی،دادگای ئیسلامی بەرهەمدێنێت، ئەوەی کە پاشان بە(ئیسلاماندنی

مەعریفە دەناسرێت)،بەننا داوادەکات هەموو دونیا تەسلیمی ئەوو حزبەکەی بن، بێگومان بەرامبەر هەموو بەرهەمێکی مرۆیی کە موڵکی مرۆڤایەتییە ،ئەوان پاشگرێکی ئایدۆلۆژیانە دادەنێن،ئەو پاشگرەش پیرۆزیی دەدرێتێ، بەڵام لە راستیدا ئیخوان مەبەستێتی ئەو ئیسلامەی خۆی لە قاڵبێکدا کردوێتییە ئایدۆلۆژیا، حاکم بێت نەك دونیابینییەکی فراوانی ئایین.

**ئەنجامگیری**

1-ئیخوان موسلیمین پۆلێندەکرێت لە حزبە ئایدۆلۆژیە شمولیەکان، کە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی، تاك، ئابوری سیاسی و کەلتوریدا بسەپینێت.

2-ئەو گروپە لە زۆربەی لایەنە فەلسەفی و پەیکەریەکانیدا هاوشێوەی حزبە تۆتالیتارەکانە، بەڵام بە تایبەتمەندی ئایینی و خۆرهەڵاتیەوە.

3-ئەو بارودۆخەی حزبە تۆتالیتارەکانی ئەوروپای بەرهەمهێنا، هەمان ئەو بارودۆخەیە، کە ئیخوان موسلیمین لە خۆرهەڵات بەرهەم دێنێت.

4-حزبە تۆتالیتارەکانی ئەوروپا، لە ئەڵمانیا، ئیتالیا، سۆڤیت و چەند وڵاتێکی تردا دەورەی مێژوویی خۆیان تەواوکرد و گەیشتنە پایان، بەڵام ئیخوان موسلیمین نەیتوانی بگاتە دەسەڵات و هەروا بە ناکامی مایەوە (واتە سووڕی گەشکەردن و مردنی خۆی تەواونەکرد)، هەربۆیە ئیخوان تائێستاش کارایی هەیە لەسەر ساحەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە تائێستاش وەك خەونێکی فریادڕەس لای زۆرکەس ماوەتەوە.

5-فەلسەفەی ئیخوان زۆر لاستیکییە و دەتوانێت لەگەڵ هەمودۆخێکدا خۆی بگونجێنێت، تا بگات بە ئامانجەکانی خۆی،ئەو لەوپێناوەدا چەندین جار قۆزخەکانی خۆی گۆڕیووە، بەڵام وادیارە تائێستا نەیتوانیووە ئامانجی گەیشتنە دەسەڵات بەدەستبێنێت.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میكاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | سارڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |